دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە ٧٨٧، هەینی ٣٠ی خەزەڵوەری ١٣٩٩ی هەتاوی، ٢٠ی نۆڤامبری ٢٠٢٠

www.kurdistanmedia.com


## «مستەفا هیجری» پەیامی پیرۆزبایی بۆ سەرکۆماری هەڵبژێردراوی ئامریکا نارد

ڕێزدار جۆزیف بایدن, سەرکۆماری هەڵبژێردراوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا
لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە پیرۆزباییتان لێ دەکەم بەبۆنەی سەرکەوتنتان لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا، وەک ٤٦ەمین سەرکۆماری ئەو وڵاتە. ساڵانێکی زۆرە نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئێران و یەک لەوان نەتەوەی کورد لەو وڵاتەدا لەلایەن حکوومەتە ناوەندییەکان، بە تایبەت ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە مافەکانیان پێشێل دەکرێ و داخوازییە دێموکراتیکەکانیان بە زەبری زیندان و کوشتن سەرکوت دەکرێ. هیوادارین وەک زۆرجار پێداگریتان کردووە، لە ماوەی سەرۆکایەتیتاندا یارمەتیدەر بن بۆ بونیادنانی دێموکراسی، مافی مرۆڤ و دادپەروەری و هەروەها بنبڕکردنی تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی و تێرۆریزم لە باقی وڵاتانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاستدا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لێپرسراوی گشتی
مستەفا هیجری
٢٠ی خەزەڵوەری ١٣٩٩ی هەتاوی
١٠ی نۆڤامبری ٢٠٢٠ی زایینی



دیمانەی تیشک ٤



کۆماری ئیسلامیی ئێران و بایدن ٦




بەبۆنەی ١٠ی دێسامبر، ڕۆژی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ ٨



ڕاهێنەری فێرگەیەک بۆ فێربوون ١٠

# ساڵێک دوای کوشتار



ڕاپەڕین و خۆپیشاندانی خەڵکانی ئێران لە ڕۆژەکانی ٢٤ هەتا ٣٠ خەزەڵوەری ساڵی ١٣٩٨ی هەتاوی لە زیاتر لە ١٠٠ شاری ئێران و کوردستان، وەکوو بریسکەیەک بوو بە سەر ئاسمانی تەمگرتووی ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی ویلایەتی فەقیە، کە بووە هۆی ئەوەیکە شەپۆلی خرۆشانی خەڵک وێڕای ڕق و بێزارییەکی کەڵەکەبوو لە ماوەی ٤٠ ساڵ ستەم، هەڵاواردن، بێ مافی، کوشتار، بەتاڵان بردن و ... لە ناخی کۆمەڵگا سەر هەڵبدات و خەڵکی زۆربەی شارەکان بێنێتە سەرشەقام.

چەخماخەی ئەم خرۆشانە گرانکردنی ٣٠٠ لەسەدی نرخی بێنزین بوو کە ژیانی ٨٠ لەسەدی خەڵکی لەگەڵ تەنگەژەیەکی جیددی ڕووبەڕوو کرد.

تەوژم و خێرایی خرۆشانی خەڵک بە ڕادەیەک لەناکاو بوو کە ڕێبەری جینایەتکار و خوێنمژی ڕێژیم بە کۆکردنەوەی فەرماندەکانی سپای پاسداران و بەسیج پەشۆکاوانە و لە ترسی ڕووخانی ڕێژیم، فەرمانی دا بە هەرشێوەیەک بۆیان دەلوێ خەڵکی ئازادیخواز سەرکوت بکەن. بەپێی ئەو فەرمانە هێزە سەرکوتکەرەکان پێکهاتوو لە سپای پاسداران، بەسیج و هێزە ئەمنیەتییەکان و لیباس شەخسی و چەقۆکێش و ئینسانکوژەکان کە لەلایەن سپای پاسدارانەوە بۆ سەرکوتی خۆپیشاندان ڕێک خرابوون بە چەکوچۆڵێک کە تەنانەت بەکارهێنانیان لەلایەن کۆنوانسیۆنە نێونەتەوەییەکانەوە قەدەغە کرابوون، کەوتنە گیانی خەڵکی بێ دیفاع و لە نێوان ٥ ڕۆژدا هەزاران کەسیان لە شەقامەکان، زیندانەکان، چۆم و بەنداوەکان و قامیشەڵانەکاندا کوشتوبڕ کرد کە لە نێوانیاندا منداڵیش وەبەرچاو دەکەوێت.

بەکارهێنانی تیربار، بەکارهێنانی قەناسە بۆ سیلەگرتنی سەر و دڵی لاوەکان، تفەنگی ساچمەیی، تێکەڵ بوون لە نێو خەڵک و کوشتنی چالاکانی نێو خۆپیشاندانەکان، کوشتنی دەستبەسەرکراوان لە زیندانەکان لە ڕێگای ئەشکەنجە و دەستدرێژی بۆ سەر ژنان لە زیندانەکان، خنکاندنی ناڕازییان لە بەنداو و ڕووبارەکان، هێرش بۆ سەر دوکانەکان و شکاندنی دەرک و پەنجەرەکان، زیان گەیاندن بە ماشێنی خەڵک، ئاگرتێبەردانی بانکەکان و بەگشتی دەستبردن بۆ هەر چەشنە جینایەت و کاری ناڕەوا بۆ کپکردنی دەنگی مافخوازانەی خەڵک ڕێگەپێدراو بوو.

ئەوان لەو ڕۆژانەدا نیشانیان دا کە لە هەر هەستێکی مرۆڤانە بەدوورن؛ بەو پێیە توانیان دەنگی بەرحەقی خەڵکی وەزاڵەهاتوو بۆ ماوەیەک کپ بکەن، بەڵام بە یارمەتی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و هەزاران فیلم و وێنە لە خۆپیشاندانی ڕەوای خەڵک، دیمەنی دڵتەزێنی ئەو سەرکوتە دڕندانە تۆمار بکەن و پرۆپاگەندە و تەبلیغاتی فریودەرانەی ڕێژیمی داگیرکەری ئێران بکەنە بڵقی سەر ئاو و هەروەها ناوەڕۆکی زۆرێک لەو کەسانەی کە بە دەمامکی ڕیفۆرمخوازی کە ئەمڕۆ ڕانتخۆری ڕێژیمن بۆ خەڵک ئاشکرا بوو.

لە خرۆشانەکانی مانگی خەزەڵوەری ٩٨دا توێژی خوارەوی کۆمەڵگا کە ئێستا لەگەڵ هەژاری و چارەڕەشی دەستەویەخەن، هەروەها توێژەکانی دیکەی وەکوو مامۆستایان، بازاڕییان و خوێندکاران و شۆفیرەکان و... کە ئێستا وەزاڵە هاتوون بەشدارییان هەبوو، دروشمەکانی ئەو خۆپیشاندانانە دەری خست کە خەڵک وێڕای ئەوەیکە بە چەخماخەی گرانبوونی نرخی بێنزین هاتنە نێو گۆڕەپانەوە بەڵام دەسبەجێ تەواویەتی ڕێژیمیان کە هۆکاری چارەڕەشی و تێکشکاندنی کەرامەتی مرۆڤە، نیشانە گرت و نەمانی ڕێژیمیان دەویست کە ئەمە ئەنجامی چل و چەند ساڵ ڕقی پەنگخواردوو بوو.

بەگشتی دۆخێک کە هەنووکە ئینسانەکانی نێو جوغرافیای ئێران ئەزموونی دەکەن بریتییە لە دۆخێکی خراپ کە تێیدا ئینسان لە ماناکانی ژیان بەتاڵ بوونەتەوە کەواتە گەر بیانهەوێ ئەو دۆخە ناخۆشە درێژەی نەبێ یەک ڕێگا زیاتر لەبەر نییە ئەویش گۆڕانە. واتە پێویستە لە پێشدا لەباری مەعریفییەوە کۆمەڵگا بەو نوختە بگەیەت کە دەبێ گۆڕان ساز بکات.

کۆمەڵگا دەبێ هەموو ئەو بەند و کۆست و زنجیر و کۆسپانەی کە لە ناخ و ڕواڵەتی کولتوور و کۆمەڵگادا دیارن یا حەشار دراون، بناسێت و بیریان لێ بکاتەوە و بۆ پێکهێنانی گۆڕان بە سەریاندا بفڕێت. یەکەم هەنگاویش بۆ ڕزگاری ئەوەیە کە لە هزری کۆمەڵگادا ڕێژیم بڕووخێ. ئەوەش ناگونجێ مەگەر ئەوەیکە لە دەرەوەی ئەم نەریت و شێوەهزرین و ڕوانینانە بیر لە داهاتوو بکەینەوە.

# قەیرانی کۆرۆنا لە کوردستان

لە سەرجەم شارەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بەهۆی نەخۆشیی کۆرۆنا دۆخی شارەکان هەتا ئاستێک قەیرانی بووەتەوە کە خودی کاربەدەستانی ناوەندە تەندروستییەکانی ڕێژیمی ئێران ناڕەزایەتی دەردەبڕن.

لە پارێزگای ورمێ ڕێژەی تووشبووان و قوربانییان بە کۆرۆنا هەتا ئاستێک بەرز بووەتەوە کە هاتوچۆ بۆ شارەکانی ئەو پارێزگایە قەدەغە ڕاگەیەندراوە. بەهۆی کۆرۆناوە ئیدارەکانی ئەو پارێزگایە داخراون و بڕیارە هەتا سەرەتای مانگ هیچ ئیدارەیەک بە شێوەی ئاسایی کار نەکات. لە شارەکانی نەغەدە، میاندواو، سەڵماس، پیرانشار و بۆکان بەهۆی ئەوەیکە دۆخی ئەو شارانە زۆر مەترسیدارە سەرجەم پیشەکان داخراون.

لە کرماشان بەهۆی کۆرۆناوە دۆخی ئەو شارە بە ڕەش وەسف دەکەن. لە هەر کاتژمێرێکدا یەک کەس لە کرماشان بە کۆرۆنا گیانی لەدەست دەدا. لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا، ٢٤ کەس بە کۆرۆنا گیانیان لەدەست داوە. لە پارێزگای ئیلام «عەبدوڵڵا فەلاحی» سەرۆکی ڕێکخراوی نیزامی پزشکیی ئیلام داوای کردووە «پارێزگاکە دابخەن».

ناوبراو باسی لەوە کردووە هیچ کام لە پەسندکراوەکان بۆ پێشگرتن لە کۆرۆنا وڵامدەر نەبووە و ئەگەری هەیە کارەساتێکی مرۆیی لەو پارێزگایە ڕوو بدات. لە پارێزگای سنە کاربەدەستانی ڕێژیم وتوویانە، دۆخەکە قەیرانییە و پێویستە هەمووومان پێکەوە کار بکەین. لەو پارێزگایە چوار شاری سەقز، سنە، قوروە و مەریوان گەیشتوونەتە ئاستێکی زۆر قەیرانی.

کاربەدەستانی ڕێژیمی ئێران و لە سەرووی هەموویانەوە «حەسەن ڕووحانی» سەرکۆماری ڕێژیم کە وەرزی بەهار باسی لەوە کرد کۆرۆنا نەماوە، ئێستا ئاگادارریی بڵاو کردووەتەوە کە لە سەرەتای مانگی سەرماوەزەوە سەرجەم پارێزگاکان دەخرێنە دابڕگەوە.

لەم نێوانەدا کۆرۆنا لە بەندیخانەکانیشدا هەڕەشە لە گیانی هاووڵاتییان دەکات؛ کۆرۆنا لە بەندیخانەی ناوەندیی شاری سنە بە شێوەیەکی بەرین بڵاو بووەتەوە و ڕێژیم و بەرپرسانی ئەو بەندیخانەیە شەهەموو هەوڵێک دەدەن بۆ ئەوەی دان بەو دۆخە ناجێگیرەی بەندیخانەی سنەدا نەنێن.

ماڵپەڕی «کوردستان میدیا» لەمبارەوە بڵاوی کردۆتەوە، کۆرۆنا بە شێوەیەکی مەترسیدار و سەرسووڕهێنەر لە زیندانی ناوەندیی سنە تەشەنەی سەندووە و ئەم دۆخە بە شێوەیەکی جیددی هەڕەشە لە گیانی بەندکراوان دەکات.

هەروەها زانیارییەکان باس لەوە دەکەن، جگە لەوەی کە بەرپرسانی بەندیخانە هیچ هەوڵێک بۆ کۆنترۆڵ و چارەسەریی ئەو دۆخە نادەن، بەڵکوو نکۆڵی لە هەبوونی ڤایرۆسێکی وا لەو بەندیخانەیەدا دەکەن. بەرپرسانی بەندیخانەی سنە لە هەوڵێکی چەواشەکارانەدا چەند پەیامنێرێکی دەنگ و ڕەنگی ڕێژیمیان لە سنە بردووەتە نێو بەندیخانەوە و لێدوانیان لە چەند بەندکراوێک وەرگرتووە کە پێیان وتوون دەبێ بڵێن کە کۆرۆنا لەو بەندیخانەیەدا بوونی نییە.

ئەو گوشارانە کە لە ماوەی ڕابردوودا لەسەر بەندکراوانی ئەو بەندیخانەیە چڕ کراوەتەوە زیاتر لەسەر بەندکراوانی سیاسییە بۆ ئازار و ئەشکەنجەدانیان.

لەم بارودۆخە سەختەدا ئەوەی کە جێگەی داخە کەڵکاوەژووەرگرتنی هەندی کەسی هەلپەرەست لە دۆخەکەیە؛ لە ئێستادا کە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەموو شوێنەکانی کوردستان تەشەنەی سەندووە و خەڵکێکی زۆر تووشی ئەم نەخۆشییە بوونە بە شێوەیەک کە لە نەخۆشخانەکان تەختێکی بەتاڵ پەیدا نابێت، خەڵک ناچارن نەخۆشەکانیان لە ماڵەکانیان ڕابگرن.

لەو دۆخە نالەبارەدا کە لەلایەک خەڵک لەگەڵ گرانییەکی سەرسووڕهێنەر بەرەوڕوون و لەلایەکیش نەخۆشیی کۆرۆنا زیاتر تەشەنە دەستێنێت، کەسانێکی هەلپەرست و بەرژەوەندیخواز لە شارەکانی پارێزگای ورمێ لەم دۆخەدا خەریکی گیرفان پڕ کردنن.

ئەم کەسە نابەرپرسانە بە هاوکاریی مۆرەکانی ڕێژیم لە نەخۆشخانەی شارەکانی ورمێ، شنۆ، پیرانشار، بۆکان و مەهاباد بە کردنەوەی شوێنی کڕین و بەکرێدانی کەپسوولی ئۆکسیژێن و فرۆشتنی دەرمان بە نرخێکی زۆر، بۆ بەرژەوەندیی خۆیان کەڵکاژۆ لەم دۆخە وەردەگرن.

بۆ نموونە کەپسوولی ئۆکسیژێن بەکرێ ڕۆژانە بە ١٢٠ هەزار تمەنە و کڕینی ئەو کەپسوولە بە ٢ هەتا ٣ ملیۆن تمەنە. ئەوە لە حاڵێکدایە لە هەموو نەخۆشخانەکانی پارێزگای ورمێ کەمیی کەپسوول هەیە، بەڵام لە بازاڕدا بۆ فرۆشتن زوو وەدەست دەکەوێت.

## پەیڤ

### دارمانی ئێران

**کەریم پەرویزی**

زیاتر لە چوار دەیە دەسەڵاتی کۆلۆنیالیستیی حاکم لە تاران، نەك تەنیا خوێنی نەتەوە ستەملێکراوەکانی لەسەر شەقام ڕشتوە و ئەوەندەی ستەم و سەرکوت کردوون کە تەنانەت گۆلبوولەکانی خوێنیشیان ئاسنی نەماوە خوێنیان زەرد بووە، بەڵکوو نەتەوەی فارسیش کە لە ئیمتیاز و ڕانتەکانی حکوومەتی لە سەرەتادا بەهرەمەند دەبوو، ئێستا ئیدی ئێسك و پرووسکی ئەوانیش لە ژێر چەرخی دەزگای حاکمیەتی سەرەڕۆدا ورد و خاش دەبێ.

ئەوەی لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە تەنیا نەتەوەی کورد و تورکمەن چێشتیان و بە کوشتار و جینۆسایدەکانی ساڵەکانی سەرەتای دوای شۆڕشی گەلانی ئێران، بەسەر ئەو نەتەوانەدا هات، لە درێژەی چوار دەیەدا بەرۆکی ناوەندی ئێران و شارە فارسنشینەکانیشی گرتەوە.

لە خەزەڵوەری پارەکەدا، نموونەیەك لە دڕندەیی ڕێژیمی کۆلۆنیالستیی حاکم، بەرەوڕووی خودی فارسیش کرایەوە و وێڕای نەتەوەکانی دیکە ئەوانیش کوشتار کران و ئەوکات زانییان تامی تاڵی کوشتاری سەر شەقام یانی چی؟

لەم چوار دەیەدا، زۆرجار باس لە گۆڕینی ڕێژیم و دروستکردنی ئاڵتێرناتیڤێك بۆ ئەم ڕێژیمە کراوە و لە دەرەوەی وڵات، چالاکانی سیاسیی سەر بە نەتەوەی باڵادەست خۆیان لە هەموو ڕاستییەکان دوور گرتووە و ئامادە نەبوون ڕاستیی کۆمەڵگای فرەنەتەوەی ئێران قبووڵ بکەن و تەنانەت تێیاندا هەبوو کە دەیگوت گەر بگاتە شوێنێك، ئامادەین دیفاع لە کۆماری ئیسلامی بکەین با نەتەوەکانی دیکە (بەقەولی ئەوان تەجزیەتەڵەبەکان) نەگەن بە ویستەکانیان!

کۆسپی سەرەکیی سەر ڕێگای دروستنەبوونی ئاڵتێرناتیڤێك بۆ داوڕۆژی ئێران، ئەم حیزب و لایەنە سیاسییانە بوون کە خۆیان بە سەرتاسەری و خاوەنی هەموو ئێران دەزانی و چکۆلەترین مافێك بۆ نەتەوەکانیان بە ڕەوا نەدەزانی، بەڵام ئێستە کە ئێران بە تەواوی بەرەو وێرانی دەڕوا ترسێکی گەورە دایگرتوون!

لە کاتێکدا کە نەکا نەتەوەکانی ئێران بە مافێك نەگەن، ئەوان ئامادە بوون ڕێژیم بەردەوام بێ؛ ئێستە ئیدی دەزانن کە بەردەوامیی ڕێژیم وێرانیی زۆرتر و کوشتاری زۆرتری لێ کەوتۆتەوە و بە نزیکبوونەوەی خامنەیی لە چین، ئێران بەرەو بوون بە سوومالی دەڕوا! ئێستە ئەو

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# پەیامی «مستەفا هیجری» بە بۆنەی کۆچی دوایی «ئامینە خانم حەیدەری»



ئاگادار بووین کە ئامینە خانم حەیدەری کچی خوالێخۆشبوو «سەید محەممەد حەیدەری» لە بنەماڵەی سەیدەکانی بەرزەنجی لە شاری ئەستەمبوڵ کۆچی دوایی کرد.

«ئامینە خان» هاوسەری مەرحووم «شێخ عوسمان نەقشبەندی» شێخی تەریقەتی نەقشبەندی و خۆشکی گەورەی شەهید» سەید کامیل حەیدەری» کادری لێوەشاوە و بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە ناوچەی هەوشار بوو کە لە گەلاوێژی ١٣٦٤ شەهید بوو. بەم بۆنەوە سەرەخۆشی خۆمان پێشکەش بە بنەماڵە و کەس و کاری ئامینە خانم و خوالێخۆشبوو شێخ عوسمان و هەموو دۆست و لایەنگرانی ئەو بنەماڵە بەڕێزانە دەکەین و خۆمان لە خەمیاندا بە بەشدار دەزانین.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**لێپرسراوی گشتی**
**مستەفا هیجری**
**١٩ی خەزەڵوەری ١٣٩٩ی هەتاوی**

# پەیامی ناوەندی هاوکاری بەبۆنەی کۆتاییهاتنی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ئامریکا



پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ئامریکا کە لەو ماوەیەدا سەرنجی ڕای گشتیی جیهانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، کۆتایی هاتووە و هەتا ئێستا زۆربەی میدیاکانی ئامریکا «جۆ بایدین»، کاندیدی دێموکراتەکان وەک براوەی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی ئامریکا ناو دەبەن.

هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماریی ئامریکا، وەک زلهێزێک لە ئاستی جیهاندا هەموو کات گرنگییەکی تایبەتی هەبووە و لەسەر سیاسەت و هەڵسوکەوتی زۆرێک لە وڵاتانی جیهان کاریگەریی داناوە، هەر بۆیە لەلایەن دەوڵەتان و ڕای گشتییەوە بە هەستیارییەکی زۆرەوە چاودێری دەکرێت.

لە ئێران و کوردستانیش خەڵک و دەسەڵاتدارانی ڕێژیم و هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنیش هەڵسەنگاندن بۆ ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنانە دەکەن و هەر کەس لە ڕوانگەی بەرژەوەندییەکانی خۆیەوە لەو پرۆسەیە دەڕوانێت .

ڕاستە لە سەردەمی سەرۆکایەتیی «دانڵد ترامپ»دا پاش کشانەوەی ئامریکا لە ڕێکەوتنی ئەتۆمیی «بەرجام» ئابلۆقەکان لەسەر ئێران زیاتر بوو و گوشارێکی ئابووریی زیاتر خرایە سەر ئێران، بەڵام ڕوونە کە سیاسەتی دەرەوەی ئامریکا لە دەورانی سەرۆکایەتیی کۆماریخوازەکان بووبێت یان دێموکراتەکاندا، لەسەر مەهارکردنی کۆماری ئیسلامی سیاسەتێکی تا ڕادەیەک جێگیر و نەگۆڕە و تەنیا میکانیزمەکانی کارکردنە کە لە هەر دەوڵەتێکی ئامریکادا جیاواز لەیەک کاری پێدەکرێت.

سەرەڕای ئەوەی کێ و لە چ حیزبێک دەبێتە سەرۆککۆماری ئامریکا ئێمە وەک ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەسەر ئەو بڕوایەین کە ئامریکا لەبەرامبەر ئێراندا هەر سیاسەتێک پەیڕەو بکات، تەنیا فاکتەری ناوخۆیی و هێزی جەماوەریی گەلانی ئێرانە کە دەتوانێت کۆتایی بە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بهێنێت. ئەمەش بەو مانایە نییە کە فاکتەری دەرەکی بە کەم بگرین و بە بێبایەخ لێی بڕوانین. ئێمەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش وەک باقیی گەلانی ناوچەکە و جیهان بە گرینگی و هەستیارییەوە لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی ئامریکا وەک زلهێزێکی جیهانی دەڕوانین و لە گۆشەنیگای بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی خۆمانەوە پێشوازی لە براوەی هەڵبژاردنەکان بۆ سەرۆکایەتیی ئامرێکا دەکەین و هەوڵ دەدەین لەپێناو بەرژەوەندییەکانی خەباتی نەتەوەکەماندا پێوەندییەکی سیاسی و تۆکمە لەگەڵ ئیدارەی نوێی ئامریکا دابمەزرێنن و لەو پێناوەشدا داواکارین ئیدارەی نوێ و سەرۆکی براوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نزیکی و دۆستایەتیی خۆی لەگەڵ گەلی کورد پەرە پێ بدات و بە گرینگییەوە بڕوانێتە خەباتی ڕەوا و درێژخایەنی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بەرامبەر بە ڕێژیمی داگیرکەر و تیرۆریستپەروەری کۆماری ئیسلامی.

ئێمە پێمانوایە کە کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی نە دەست لە پشتیوانی لە تیرۆریزم و ئاژاوەگێڕی هەڵدەگرێت، نە لە ناوخۆشدا ئەو کەلەبەرەی کەوتووەتە نێوان ڕێژیم و خەڵک پڕ دەبێتەوە، بەڵکوو بەپێچەوانەوە خەباتی جەماوەری و ڕزگاریخوازانەی خەڵک زیاتر دەکات. ئێمەش لەسەر ئەوە کار دەکەین و گەلی کوردیش لەو هەلومەرجە جیهانی و ناوچەییەدا لە حاڵێکدا کە بزووتنەوەکەی هەنگاوی گەورەی بەرەوپێش هەڵگرتووە پێویستی بە دۆستایەتی و نزیکییە لەگەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی خۆمان و خەبات دژ بە کۆماری ئیسلامی.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**١٨ی نۆڤامبری ٢٠٢٠**

# ناوەندی هاوکاری: ڕێز دەگرین لە یادی ئازیزی هەموو گیانبەختکردووانی خۆپیشاندانەکانی خەزەڵوەری ٩٨

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران
Cooperation Center of Iranian Kurdistan's Political Parties.
مرکز همکاری احزاب کردستان ایران

ڕۆژی ٢٤ی خەزەڵوەری ١٣٩٩ی هەتاوی ساڵێک بە سەر ئەو ڕۆژەدا تێدەپەڕێ کە ناڕەزایەتییەکی دیاریکراوی ئابووریی بەخێرایی بوو بە بزووتنەوەیەکی بەرینی جەماوەریی و کۆماری ئیسلامی تووشی تەنگەتاوییەکی جیددی کرد. سەر لەبەیانی ڕۆژی ٢٤ی خەزەڵوەر ١٣٩٨ی هەتاوی و لەکاتێکدا هەموو خەڵکی ئێران و بەتایبەت دانیشتوانی کوردستان لەگەڵ قەیرانێکی قووڵی ئابووریی چەندین ساڵە دەستەویەخە بوون، بڵاوبوونەوەی هەواڵی چوونەسەری نرخی بێنزین بە ڕێژەی سەرسووڕهێنەری لەسەداسەد کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ژیانی ڕۆژانەی خەڵک دادەنا، بوو بە هۆکاری سەرهەڵدانی ناڕەزایەتی جەماوەریی لە شارەکانی ئێران و خەڵکی وەزاڵەهاتوو بەتایبەت توێژی هەژار و کەمداهات و ژنان و لاوان بە قواستنەوەی ئەم دەرفەتە زۆربەی شارەکان و بە دیاریکراوی زیاتر لە ١٦٠ شاری گەورە و بچووکی ئێرانیان کردە گۆڕەپانی ناڕەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بە دەسەڵاتی خۆسەپێن و ستەمکاری ئیسلامی.

لەگەڵ سەرهەڵدانی ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان، کاربەدەستانی ڕێژیم کە لەحاند چارەسەریی کێشەکە و بوونی وڵامێکی گونجاو ڕووبە جەماوەر دەستەوەستان بوون، بۆ دامرکاندنەوەی ناڕەزایەتییەکان لە ڕێگای بەکارهێنانی هێزی ئەمنی و نیزامی و لیباس شەخسی و بە پەلامار و هێرشکردنە سەر خەڵکی ناڕازی حەولی سەرکوتکردنی خۆپیشاندان و کپکردنی دەنگی ناڕازییەکانیان دا. بەڵام سیاسەتی زەبروزەنگی حکوومەت نەتەنیا سەرکەوتوو نەبوو، بەڵکوو ناڕەزایەتییەکان تەشەنەی سەند و ڕۆژی دواتر واتە ٢٥ی خەزەڵوەر شەپۆلی خرۆشاوی جەماوەری خەڵک لە شارەکانی کوردستان و باقی شارەکانی ئێران ئەم ناڕەزایەتییە بەرینەی کردە بزووتنەوەیەکی بەهێزی جەماوەری لە دژی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و بە ئاشکرا و بە شێوەیەکی ڕۆشن خەڵکی ناڕازی خوازیاری نەمانی کۆماری ئیسلامی و ڕێژیمی دیکتاتۆریی ئێران بوون.

پانتایی بەرینی خۆپیشاندانەکان و ڕادیکاڵبوونەوەی دروشمەکان و ئامانجی ڕۆشنی بزووتنەوەکە و بەشداریی بەرچاو و کەموێنەی چین وتوێژە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکانی وەک کرێکاران، لاوان و ژنان، کارمەندان و کاسبکارانی بازاڕ، بە تەواوی مەترسیی لەناوچوون و لەبەریەک هەڵوەشانی سیستم و جوومگەکانی حکوومەتی خستە دڵی دەسەڵاتدارانی ڕێژیم. هەر بۆیە بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە و بە کەڵکوەرگرتن لە ئیمکانات و ئامراز و شێوازی نوێی سەرکوت پەلاماری خۆپێشاندەرانیان دا و لە زۆربەی شارەکانی ئێران وکوردستان ڕیزەکانی جەماوەریان خەڵتانی خوێن کرد. بە سەدان کەس گیانیان لەدەست دا و ژمارەیەکی یەکجار زۆر بریندار بوون و بە هەزاران کەس دەسبەسەر کران و بە پیلانگێری و بە دەستی تاقم و گرووپەکانی گوشار و گۆپاڵبەدەستەکانی سەر بە دامودەزگا ئەمنییەتیەکانی ڕێژیم، گەلێک شوێنی گشتی و ناوەندی خزمەتگوزاری و ئیدارە و ناوەندە مەدەنییەکان تاڵان کران و سووتێندران و، زەرەر و زیانی زۆریماڵیان پێگەیشت و، قەرەبووکردنەوەی ئەم تاڵان و زەرەر و زیانەیان خستە ئەستۆی ژمارەیەک لە دەسبەسەرکراوەکان.

دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی ئیسلامی بەرامبەر بەو بزووتنەوە بەرینە جەماوەرییە بەڕادەیەک تووشی ترس و دڵەڕاوکێ ببوون کە لەسەر بڕیاری ڕاستەوخۆی خامنەیی و لە ڕێگای دەیان هەزار کەس هێزی سەرکوتکەری تەیار بە کەرەستەی پێشکەوتووی سەرکوت و داپلۆسین هاتنە مەیدانی ڕووبەڕووبوونەوەی جەماوەری ناڕازی دەست بەتاڵ و گۆڕەپانی شارە گەورە و بچووکەکانی ئێران وکوردستانیان کردە کوشتارگە و لە ڕێگای هەڵبڕینی هێڵەکانی ئێنتێرنێت و چاودێریی پۆلیسی بەسەر پێوەندییە گشتییەکانی خەڵک، لە هەوڵی کپکردن و پێشگرتن بە بڵاوبوونەوەی هەواڵی ئەو سەرکوت و ناڕەزایەتیانەدا بوون، بەڵام سەرەڕای ئەو هەوڵەش لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە بە ناردنەدەرەوەی گرتەی ڤیدیۆیی و هەواڵ و زانیاریی لەلایەن خەڵکەوە، کۆماری ئیسلامی لە نێو وڵاتانی دەرەوە و ناوەند و دامەزراوەکانی پارێزەری مافەکانی مرۆڤ تووشی ڕیسواییەکی کەم وێنە بوو.

ئەمڕۆ و لە ساڵیادی ئەو بزووتنەوە جەماوەرییەدا، کۆماری ئیسلامی لەگەڵ گەلێک گرفت و قەیرانی قووڵی ئابووری و سیاسی و دیپلۆماتیک ڕووبەڕوویە. لە ناوخۆ بارودۆخی داتەپیوی ئابووری و پەلوپۆخستنی مافیای دزی و گەندەڵی و ئیختلاسی ئابووری لەگەڵ زیادبوون و بەرتەسکبوونەوەی ئاڵقەی گەمارۆکانی ئامریکا و تەشەنەسەندنی ترسناکی پەتای کۆرۆنا و خاوبوونەوەی ڕەوتی بازاڕ، زۆر زیاتر لە جاران کۆمەڵگای ئێرانی تووشی قەیرانی ئابووریی کردووە و باری گوزەرانی خەڵک دژوارتر بووەتەوە.

پەراوێزکەوتنی سیاسی و ئابووریی ڕێژیم، دابەزینی نرخی نەوت و کۆنی ولەکارکەوتوویی بەشێک لە کەرەستەکانی هەڵێنجان و بەربەستە نێودەوڵەتییەکانی بەردەم هەناردەکردنی نەوتی ئێران، هاتنەخوارەوەی بەرچاوی بەهای تمەن، پەرەسەندنی بێکاری و داخران و ئیفلاسی یەک لە دوای یەکی ناوەندەکانی بەرهەمهێنان، چوونەسەری ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژی نرخی پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانە و بچووکبوونەوەی سفرەی خەڵک، دەستەوەستانی ڕێژیم لەحاند پێشکەشکردنی ئیمکانات و خزمەتگوزاریی گشتی، پەککەوتنی ڕەوتی خوێندن و قوتابخانەکان، وڵامدەرەوە نەبوونی بەشی تەندرووستی و پەرەسەندنی گەندەڵی لەو بەشە و بەقاچاخ بردنی داودەرمان و پێداویستیی خەڵک، سەرهەڵدانی دیاردە دزێوە کۆمەڵایەتییەکان و بەرینبوونەوەی هەژاریی و پەرەسەندنی ترسناکی ئێعتیاد و لەشفرۆشی و دارمانی بەها کۆمەڵایەتییەکان وهتد و، بوونی ناڕەزایەتییە کرێکاری و جەماوەرییەکان بەرامبەر بەو بارودۆخە نیشان دەدەن کە ئاخێزی جەماوەریی و بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی بەهێزی خەزەڵوەری ساڵی ڕابردوو دانەمرکاوە و کۆتایی نەهاتووە، بەڵکوو لە ئەگەری دەرفەت و بواری گونجاو و لەباردا زۆر بەهێزتر لە ساڵی ڕابردوو دێتەوە مەیدان و ڕێژیمی ئیسلامی لەگەڵ مەترسی جیددی بەرەوڕوو دەکا. دەسەڵاتدارانی حکومەتی ئیسلامی بە هەستکردن بەو ڕاستییە و لەگەڵ نزیکەبوونەوەی ساڵڕۆژی سەرهەڵدانە پڕشکۆیەکانی جەماوەر، لە چەند ڕۆژی ڕابردووەوە لە حەولدان بە قواستنەوەی بارودۆخی شارەکان بەهۆی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا و پێشگرتن لە کۆڕوکۆبوونەوەی جەماوەریی و، بە خزاندنی هێزی چەکدار و میلیتاریزەکردنی شارەکان و دانانی خاڵی پشکنین و چاوەدێری وردی هاتوچۆی جەماوەر، پێش بە ئەگەری سەرهەڵدانی هەرجۆرە ناڕەزایەتییەک بگرن.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە یەکەمین ساڵڕۆژی سەرهەڵدانی شکۆمەندانەی بزووتنەوەی جەماوەریی مانگی خەزەڵوەردا ڕێز دەگرێ لە یادی ئازیزی هەموو گیانبەختکردووانی ئەو بزووتنەوەیە و سڵاو دەنێرێ بۆ بنەماڵەی سەربەرزیان. ڕێز دەگرێ لە ئیرادە و خۆڕاگریی زیندانیان و دەسبەسەرکراوانی ئەو بزووتنەوەیە و وێڕای مەحکوومکردن و بە ڕەسمی نەناسینی هەر جۆرە سزایەک کە لە بێدادگاکانی ڕێژیم بەسەریاندا سەپێندراوە، بە هەموو تواناوە تێدەکۆشێ بۆ لەقاودانی سیاسەتی دژەمرۆیانەی ڕێژیم و دەستەبەرکردنی پشتیوانیی نێودەوڵەتی و وەگەڕخستنی کەیسی ڕووداوەکانی مانگی خەزەڵوەر و پێشێلکارییە ئاشکراکانی مافی مرۆڤ لەلایەن ڕێژیمی ئیسلامییەوە لە هەموو توانا و ئیمکاناتی خۆی کەڵک وەرگرێ. لەم ساڵیادەدا کۆمەڵانی خەڵکی دەرفەت بە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی نەدەن کە لەگەڵ دونیای دەرەوە سات و سەودا لە سەر مافەکانیان بکرێ. لەو پێناوەشدا وێڕای بەرزنرخاندنی هەوڵەکانی سێ ڕێکخراوی مەدەنی «پێکەوە لەدژی ئێعدام»، «دادپەروەری بۆ ئێران» و»مافی مرۆڤی ئێران» هاودەنگ لەگەڵ بنەماڵەی گیانبەختکردووانی ئەو ناڕەزایەتیانە و باقی قوربانییەکانی دەستی تیرۆر و تۆقاندنی ڕێژیمی ئیسلامی تێدەکۆشێ.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٢٥ی خەزەڵوەری ١٣٩٩ی هەتاوی**
**١٥ی نوامبری ٢٠٢٠ی زایینی**

# حیزبی دێموکرات سەرەخۆشی لە بنەماڵەی سەرهەنگ «سمکۆ عەلیار» کرد



پەیامی هاوخەمیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

بەبۆنەی کۆچی دوایی کەسایەتیی ناسراوی کورد سەرهەنگ «سمکۆ عەلیار»

بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە کەسایەتیی ناسراوی نەتەوەکەمان سەرهەنگ «سمکۆ عەلیار» ڕۆژی ٢٢ی خەزەڵوەری ١٣٩٩ی هەتاوی بەهۆی نەخۆشییەوە لە وڵاتی سوئید کۆچی دوایی کرد و دۆستان و نزیکان و خزمانی لەگەڵ خەمێکی نوێ بەرەوڕوو کرد.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو پێوەندییەدا وێڕای بەداخبوون بۆ کۆچی دوایی ئەم کەسایەتییە ناسراوە و خۆشەویستە، سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەڕێزیان و سەرجەم ئەندامانی بنەماڵەی گەورەی «عەلیار» دەکات و بە چاوی ڕێز و ئەمەگناسییەوە سەیری ژیان و تێکۆشان و ڕابردووی کاک «سمکۆ» دەکات. بەتایبەت کە ئەو کەسایەتییە لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران ئەو پلە و پایەبەرزەی کە لە ئەرتشی ئێراندا بە لێهاتوویی و لێوەشاوەیی خۆی پێی گەیشتبوو وەلانا و بە ئۆگری و هەستی نیشتمانپەروەرییەکی تەواوە ڕیزی پێشمەرگایەتی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بەشداری لە بزووتنەوەی ڕەوای نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی هەڵبژارد و وێڕای کاک سەرگورد «کەریم عەلیار»، برای شەهیدی کاک «سمکۆ» لەسەر داوای ڕێبەری مەزن دوکتور قاسملوو لە فەرماندەیی و سازماندانی هێزی پێشمەرگەدا دەوری بەرچاویان گێڕا.

سەرهەنگ «سمکۆ عەلیار» بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی بنەماڵەیی لە ساڵانی پێشوودا لە وڵاتی سوئید نیشتەجێ بوو، لەو حاڵەشدا هەروا جێگای ڕاوێژی حیزب لە بوارە جوراجۆرەکانی کاروباری پێشمەرگە بوو و نەمانی بە خەسارێکی بەرچاو دەزانین.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای دەربڕینی دووبارەی داخ و کەسەری خۆی بۆ لەدەستدانی کاک سەرهەنگ «سمکۆ عەلیار» هاوخەمیی خۆی لەگەڵ بنەماڵە و دۆستان و خزمانی ڕادەگەیەنێت و خۆی بە بەشداری ئەم خەمەیان دەزانێت.

**ڕۆحی شاد و هیوای سەبووری بۆ بنەماڵەی بەڕێزیان**
**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**نووسینگەی کارگێڕی**
**٢٧ی خەزەڵوەری ١٣٩٩ی هەتاوی**

# پەیامی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی کۆچی دوایی «کاک قادر حاجی عەلی»



بەڕێز: خانەی ڕاپەراندنی بزووتنەوەی گۆڕان
وێڕای سڵاو و ڕێزمان
بەڕێزان! بەداخێکی گرانەوە هەواڵی کۆچی دوایی تێکۆشەری دێرینی گەلەکەمان «کاک قادر حاجی عەلی» کەسایەتیی سیاسی و ناسراوی بزووتنەوەکەتانمان پێ گەیشت.
بەو بۆنەوە لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە هاودەردی و سەرەخۆشیی خۆمان لە بنەماڵەی نیشتمانپەروەری و هەموو سەرکردایەتیی بزووتنەوەی گۆڕان و جەماوەری بزووتنەوەکەتان ڕادەگەیەنین و خۆمان بە شەریکی خەم و پەژارەتان لەم ڕووداوە ناخۆشەدا دەزانین و سڵاوی ئەمەگناسی و وەفاداریمان بۆ گیانی پاکی ئەم ڕۆڵە خەباتگێڕ و نیشتمانپەروەرەی گەلەکەمان دەنێرین.

**ڕۆحی شاد بێ**
**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەزگای پێوەندییە گشتییەکان**
**محەممەدنەزیف قادری**

## پەیامی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی کۆچی دوایی دوکتور «فرسەت سۆفی»



بەڕێز سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
لەگەڵ سڵاو و ڕێزمان
بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کاک دوکتور «فرسەت سۆفی عەلی»، پارێزگاری هەولێرمان بەهۆی نەخۆشییەوە پێ گەیشت و بوو بەهۆی خەم و پەژارەی هەموو لایەکمان.
بەبۆنەی ئەم هەواڵە ناخۆشەوە سەرەخۆشی لە بەڕێزتان و سەرکردایەتیی پارتی دێموکراتی کوردستان و ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر و بنەماڵەی نیشتمانپەروەری ئەم ڕۆڵە دڵسۆزەی گەلەکەمان دەکەین.
کاک فرسەت سۆفی، کەسایەتییەکی ئاکادێمی و سیاسی بوو و لە ماوەی کار و تێکۆشان و خزمەت بە ئامانجەکانی گەلی کورد لە بواری زانستی، یەکێک لە مامۆستا پلەبەرزەکانی کوردستان بوو و هاوکات لە بواری یاسادانان و بەشداری لە پرۆسەی حوکمڕانیی هەرێمی کوردستانیشدا یەکێک لە سیما ناسراو و بەتواناکانی پارلمانی هەرێمی کوردستان بوو و لە دوایین ئەرکی ئیداری و خزمەتگوزاریشدا یەکێک لە کەسایەتییە خەمخۆرەکانی گەلەکەمان بوو.
کۆچی دوایی ئەم ڕۆڵە بەتوانا و بە بڕشتەی گەلەکەمان بۆ پارتی دێموکراتی کوردستان و پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستان، خەسارێکی گەورە بوو.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران جارێکی دیکە لەگەڵ بنەماڵەی بەڕێزیان و هەموو دۆستان و هەڤاڵانی حیزبی و حکوومیی هاودەردی و سەرەخۆشی دەکات.

**سڵاو لە گیانی پاکی**
**فرسەت سۆفی عەلی**
**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەزگای پێوەندییە گشتییەکان**
**محەممەدنەزیف قادری**

## شاندێکی حیزبی دێموکرات لە ڕێوڕەسمی پێشوازیی لە تەرمی پارێزگاری هەولێردا بەشداریی کرد




شاندێکی حیزبی دێموکراتی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە مەڕاسمی پێشوازی لە تەرمی دوکتور «فرسەت سۆفی» پارێزگاری هەولێردا بەشداری کرد و تاجەگوڵێنەیان لەسەر تەرمی ناوبراو دانا.
ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٩ی خەزەڵوەر شاندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرەپەرەستیی «محەممەدساڵح قادری» بەرپرسی پێوەندییە کوردستانییەکان،
لە فڕۆکەخانەی هەولێر، پێشوازییان لە تەرمی دوکتور «فرسەت سۆفی» پارێزگاری هەولێر کرد کە بەهۆی پەتای کۆرۆناوە گیانی لەدەست دابوو.
لەو مەڕاسمەدا کە بە بەشداریی «نێچیرڤان بارزانی» سەرۆکی هەرێمی کوردستان، نوێنەری «مستەفا کازمی» سەرۆکوەزیرانی عێراق نوێنەرانی کۆنسولخانەکانی وڵاتانی بیانی لە هەولێر، نوێنەرانی حیزب و لایەنە سیاسییەکان و نوێنەرانی دامودەزگاکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێکهاتبوو،
دوای پێشکەشکرانی وتاری «نێچیرڤان بارزانی» سەرۆکی هەرێمی کوردستان، وتاری سەرۆکوەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەن «ڕێبەر ئەحمەد» وەزیری ناوخۆوە پێشکەش کرا.
دوای پێشکەشکرانی وتارەکان بەشداربووانی مەڕاسمەکە، تاجە گوڵی وەفا و ماڵاواییان لەسەر تەرمی دوکتور «فرسەت» دانا.
لەو مەڕاسمەدا، «محەممەدساڵح قادری»، چاوی بە کەسوکاری خوالێخۆشبوو دوکتور «فرسەت سۆفی» و بەرپرسانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کەوت و ئەمەگناسی و هاوخەمیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بە ئەوان ڕاگەیاند و لەدەستدانی دوکتور «فرسەت سۆفیـ»ـی وەک خەسارێک بۆ هەموو لایەنێکی کوردستانی زانی.

## تووڕەیی میدیاکانی ڕێژیمی ئێران لە بەدواداچوونەکانی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکرات

میدیاکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران جیا لەوەیکە هەموو هەوڵێک دەگرنە بەر هەتا پێش بە بڵاوبوونەوەی زانیاریی و هەواڵەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بگرن؛
لە هەمانکاتدا بەنیسبەت بەدواداچوونەکانی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکرات تووڕەن.
بەهۆی ئەوەیکە ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکرات بۆ لەقاودانی سیاسەتەکانی ڕێژیمی ئێران بەدواداچوونی هەواڵەکان دەکات و هەواڵی ڕاست و باوەڕپێکراو بڵاو دەکاتەوە، میدیاکانی ڕێژیم ڕق و تووڕەیی خۆیان لە ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکرات دەردەبڕن.
لە ماوەی ڕابردوودا دوای ئەوەیکە «حەبیب ئەسیوەد» چالاکی عەرەب و سکرتێری حیزبی «حرکە النضال التحریر الاحواز» لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە لە فڕۆکەخانەی ئیستامبووڵ لە تورکیە ڕفێندرابوو و بەدواداچوونی بۆ کرد؛ میدیا و ماڵپەڕەکانی ڕێژیمی ئێران نەیانتوانی پێش بە تووڕەیی خۆیان بگرن و باسیان لە بەدواداچوونەکانی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکرات کردووە.
ڕێژیمی ئێران لە ڕووماڵکردنی هەواڵەکەیدا هێرش دەکاتە سەر حیزبی دێموکرات لە و ئاشکراکردنی ڕاستییەکانی ئەو ڕووداوە لەلایەن ماڵپەڕەکانی حیزبەوە، تووڕەیە.
ڕێژیمی ئێران جیا لەوەیکە بە ئاشکرا هەڕەشەی لە خەڵک دەکات کە نابێ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی حیزبی دێموکرات جۆین بکەن، لە دەنگ و ڕەنگی خۆشیدا دژی حیزب چالاکی دەکات.

## پێشمەرگەکانی شار لە نەغەدە چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد



ڕێکەوتی ٢٥ی خەزەڵوەری ٩٩ی هەتاوی پێشمەرگەکانی شار لە نەغەدە و ناوچەی سندووس چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.
لەم چالاکییانەدا بە نووسینی درووشم هۆشدارییان دایە بە بەکرێگیراوان کە دەست لە خیانەت بە نیشتمان هەڵبگرن.
پێشمەرگەکانی شار لە نەغەدە و سندووس بە گەڕان بەنێو گوندەکاندا و نووسینی دروشمی «ڕاسان بەردەوامە» هۆشدارییان بە نیشتمانفرۆشان دا.

## درێژەی پەیڤ

هێزە سیاسییانە کە سەردەمانێك خۆیان بە سەرتاسەری و خاوەنی هەموو ئێران دەناساند، وێنەیەکی زۆر مەترسیدار لەبەرچاویانە: دارمانی ئێران!
بە ڕووخانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ڕازی نەبوون و بە داهاتوویەکی دێموکراتیك و فێدراڵ بۆ هەموو نەتەوەکان زەندەقیان لێ دەچوو، بەڵام بەردەوامیی کۆماری ئیسلامی و کۆرۆنا و قەیرانی ئابووری و نزیکبوونەوە لە چین، دارمانی نەك تەنیا سیاسی، بەڵکوو ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتووری؛ ئەو وێنە خەیاڵییەی ئەو جۆرە هێزانەی دەرەوەی وڵاتی شێواندووە .
درێژەکێشانی پەرتەوازیی ئۆپۆزیسیۆن و قبووڵنەکردنی مافی نەتەوەکان، بەردەوامیی حکومەتی کۆلۆنیالستیی تارانی لێ دەکەوێتەوە کە ئێران بەرەوە دارمان و هەرەسهێنانی مێژوویی دەبا. سۆمالییەکی دیکە لە دڵی تارانەوە سەر هەڵدەدا!

# پاش هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی لە ئامریکا بۆ دەسنیشانکردنی ٤٦ـەمین سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکان و ڕاگەیاندنی ئاکامەکانی لە ڕێگەی دەزگا میدیاییەکانی ئامریکاوە،

**تەلەفزیۆنی تیشک دیمانەیەکی لەگەڵ بەڕێز مستەفا هیجری لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات ساز کرد کە تێیدا باس لە پرسی دێموکراسی، هەڵبژاردنەکانی ئامریکا و داهاتووی پێوەندییەکانی نێوان ئامریکا و ئێران و هەروەها دواڕۆژی ژیان لەو جوغرافیایەی کە بە ئێران دەناسرێ، کرا. لەبەر گرینگی ئەم باسە کە تێیدا سیاسەتی ڕەسمی حیزبی دێموکرات بەرچاو دەکەوێ، لێرەدا دەقی وتووێژەکە دەخرێتە بەر چاوی خوێنەرانی ئازیزی "کوردستان".**

**هەڵبژاردنەکانی ئامریکا تەواو بوو. ڕاگەیاندنەکان هەواڵی سەرکەوتنی جەو بایدێنیان سەرباری ئەوەیکە دەوڵەتی ڕەسمی ئامریکا واتە دانلد ترامپ تا ئێستەش ئامادە نەبووە دان بە شکستی خۆیدا بێنێ بڵاو کردەوە. ئایا پرسی دێموکراسی لەگەڵ چالشێکی مانایی بەرەوروو نەبووە؟**

لە پێوەندی لەگەڵ وڵامی پرسیارەکەتاندا بە بۆچوونی من هیچ گرفتێک لە دێموکراسیدا نەهاتۆتە پێش؛ ئەوەیکە لە ئێستادا لە ئامریکا دەچێتە پێش سەبارەت بە ئەو سکاڵایانەی کە گرووپی کەمپەینی سەرکۆماری دەیخاتە ڕوو، هەمووی یاساییە و لە ڕێگای قانوونەوە دادگاکان جواب دەدەنەوە. ئەوە لەڕاستیدا مافێکە کە یاسا داویەتی بە هەرکام لە لایەنەکان کە لەو هەڵبژاردنەدا بەشدار بوون کە بتوانن ئیعتراز بکەن بۆ ئەو شوێنانەی کە گومانیان لە سەرە بەهەر هۆکارێک.

ئەوەش دادگایە کە ساغی دەکاتەوە بۆیە دێموکراسی هەروەها لە ئامریکا لە جێی خۆی قورس و قایمە و هیچ کێشەیەک بە بۆچوونی من لە دێموکراسیدا نەهاتۆتە پێش.

**لە دەورانی سەرۆکایەتی ترامپدا کۆمەڵێک تەحریمی سەخت دژ بە تاران پەسند کران کە وەک زۆربەی کارناسان باسی لێوە دەکەن دەستی کۆماری ئیسلامی بۆ ئەنجامدانی کردارە تێکدەرانەکانی بەست. هاتنەسەرکاری بایدن چەندە دەتوانێ کاریگەری هەبێ لەسەر ئیدامەی ئەم ڕەوتە؟ پێتان وایە دەوڵەتی بایدنیش هاوشێوەی دەوڵەتی پێشوو لەسەر هەمان ڕێچکە دەڕوات یان گۆڕانکاری لە سیاسەتی ئامریکا بەرامبەر بە ئێران دێتە گۆڕێ؟**

بۆ وڵامدانەوە بەو پرسیارە پێویست بەوە دەکات کە چاوێک بخشێنین بە ئەو گەمارۆیانە، هۆیەکانی کە ئەو گەمارۆیانە خراونەتە سەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران و هەروەها سیاسەت و ستراتێژی ئەو دوو وڵاتە لە ناوچەی پڕ لە گێژاوە و شەڕوشۆڕی خۆرهەڵاتی نێوەڕاستدا؛ لە پێش هەمووشتێکدا، دەبێ بڵێین

یان ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین کە ئەو گەمارۆیانە ئەسڵەن بۆ پێکهاتوون؟

بە بۆچوونی من حاشاهەڵنەگرە کە سیاسەتەکانی ڕێژیمی ئێران بوون بە هۆی ئەو گەمارۆیانە. یانی گەمارۆکان لەڕاستیدا دەرهاویشتەی سیاسەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانن کە تاکوو ئێستا بە نیسبەتی ناوچە، بە نیسبەتی ئامریکا و دۆستەکانی ئامریکا بە کاری دێنێ؛ کەوابوو ئەو سیاسەتە سیاسەتێکە کە کۆماری ئیسلامی بە کاری دێنێ؛ ئێستا ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ئەوەیکە سیاسەتی ئامریکا و سیاسەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا چییە؟ بەدرووستی بۆمان دەردەکەوێ کە داهاتووی ئەو گەمارۆیانە و داهاتووی ڕەفتاری ئەمریکا لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران چۆن دەبێ.

دیققەت بکەن کە هەرچەندە دەڵێن کە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست بۆ ئامریکا ئەو بایەخەی پێشووتری نەماوە ئەوە ڕاستە بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست بە جێ بێڵێ! چونکە ئێستاش قازانج و بەرژەوەندیی لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاستدایە، دۆستی هەیە و ئیستراتێژییەکەی ئەوەیە کە دەبێ ئەوەی بپارێزێ.

دەتوانین بڵێین هێندێک سیاسەتی ئامریکا لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست نەگۆڕن. هەرکەس بێتە سەرکار و لە کۆشکی سپی دابنیشێ ئەو سیاسەتە بە کار دەبات:

گرینگترینیان ئەوەیە کە ئیسرائیل دەبێ بپارێزرێ و بەهێز بکرێ، بەهێزکردن نەک هەر لەو لایەنەوە کە پڕچەکی بکەن بەڵکوو لەو ڕاستایەدا کە لە دژی ئەو گرووپ و لایەنانەش کە لە ناوچەدا دژی ئیسرائیل کردەوەیان هەیە ئەوانەش لە دژیان سیاسەتی خۆیان بە کار دەبەن ئامریکا.

دووهەم، مەسەلەی شەڕی تێرۆرە کە لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاستدا دەیکات؛

خاڵی گرینگی دیکە ئەوەیە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران نابێت دەستی بە چەکی ناوکی ڕابگات وهەروەها مووشەکەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە ئێستا مەترسی پێکهێناوە بۆ سەر دۆستانی ئەمریکا دەبێ سنووردار بکرێتەوە؛

ئەوانە و کۆمەڵێکی دیکە کە سەرجەم دوازدە خاڵ بوون، وەزیری کاروباری دەرەوەی ئامریکا ئەوەی ڕاگەیاند.

ئەوانە سیاسەتی دایمین! هەرکەس بێتە سەر کار ئەوانە بە کار دێنێ. کەوابوو لە پێوەندی لەگەڵ ئەو سیاسەتە ستراتێژییانەدا ئەمریکا لەگەڵ بایدن جیاوازییەکی ئەوتۆی نابێ.

کە دێینە سەر سیاسەتەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران و ستراتێژییەکەی لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست بریتییە لەوە کە دەیهەوێت بەرنامەی ئینقلابی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ناوچەدا بباتە پێش؛ بەو مانایە کە دەیهەوێ بە دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆیی وڵاتانی ناوچەدا، حکوومەتە ناوەندییەکان کە سەر بە کۆماری ئیسلامی ئێران نین، لاوازیان بکا و شەڕ و ئاژاوەیان تێدا پێک بێنێ؛ بۆ ئەوەیکە بۆ خۆی سەیتەرە بکات بەسەریاندا و لەو وڵاتانەدا، ئەو ئیسلامەی کە بۆ خۆی باوەڕی پێیەتی جێگیر بکات؛ باشە لێکەوتەی ئەو سیاسەتە دەبێتە ئەوەکە دەبێ گرووپی تێرۆریستی پێک بێنێ لە مەنتەقەدا کە باسکی چەکداری ڕێژیمن، گیروگرفت پێک بێنێ بۆ ئیسرائیل، ئیسرائیل بخاتە مەترسییەوە، بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بکاتە ئامانج و دۆستانی ئەمریکا بخاتە ژێر هەڕەشە، بەو شێوەیە دەبینین کە دوو سیاسەت یان دوو ستراتێژی بە تەواوی جیاواز و دژبەیەک لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاستدا لەو دوو لایەنەدا هەیە؛ ئێستا قسەکە ئەوەیە ئایا بایدن ئەو سیاسەتە ئیدامە دەدا؟ بەڵێ، بە بۆچوونی من ئەویش ئەو سیاسەتە ئیدامە دەدا بەڵام بە شێوازی خۆی کە تاکوو ئێستا کە ڕایگەیاندووە ئەوەیکە قسەی خۆیەتی لە ماوەیەکی نەک زۆر دووردا کردوویەتی باس لەوە دەکات کە لە واقیعدا گەمارۆیەکی هووشمەندانە دەخاتە سەر ئێران؛ ئەو پێیوایە ئەو گەمارۆیەی کە ترامپ خستوویەتە سەر ئێران هووشمەندانە نەبووە و قسەیەکی دیکەش ئەوەیە کە دەیهەوێت لە ڕێگای هاوپەیمانەکانەوە ئەو گەمارۆیە بخاتە سەر ئێران؛ هەمووومان دەزانین کە ترامپ بە تاقی تەنێ هەستا بە خستنی گەمارۆ بۆ سەر ئێران. لە دونیادا هاوکاری لەگەڵ نەکرا، لەوبارەوە سیاسەتی ئۆباما سەرکەوتووتر بوو؛ ئۆباما توانی دوای درێژەدانی گەمارۆیەکی زۆر لە لایەن هاوپەیمانەکانی لە ڕێگای ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، کۆماری ئیسلامی ئێران بێنێتە سەر مێزی وتووێژ و بەرجامی پێ ئیمزا بکات؛ ئێستا بە بۆچوونی من بایدن دەیهەوێ سیاسەتێکی ئەوتۆ بەکار بێنێ تەنیا بۆ خۆی لە دژی ئێران نەبێ بەڵکوو جارێکی دیکە هاوپەیمانەکان لەگەڵیان ئاشت بێتەوە وەکوو ئامریکا تا یەکگرتوو بن لە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران.



**ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی گەیشتۆتە ئەو نووقتەیەی کە بڕستی لێ بڕاوە و لەوە زیاتر ناتوانێ درێژەی بدا، بۆیە مەرجەکانی ئامریکا قەبووڵ دەکا بۆ ئەوەیکە بمێنێتەوە**

**کەواتە ئێوە پێتان وایە ئەم شەڕ و ململانێیە لە نێوان ئامریکا و کۆماری ئیسلامی بەردەوام دەبێ بەڵام بە چەشنێکی جیاواز؟**

**بەڵێ، ئەم شەڕو ململانێیە** هەر ئیدامەی دەبێ بە نەوعێکی دیکە تا ئەو کاتەی کە لە کۆتاییدا لە شەڕی دوولایەندا ئەگەر حیسابی بکەین وەکوو شەڕێکی سیاسی و دیپلۆماسی کێها لایەن بەهێزە ئەو دەیباتەوە.

**هەندێ سەرچاوەی خەبەری باس لەوە دەکەن کە ترامپ پێش لە بەجێهێشتنی کۆشکی سپی کۆمەڵێک تەحریمی یەک لەدوای یەک دژ بە تاران پەسند دەکات کە بە سێڵاوی تەحریمەکان ناوی لێ دەبردرێ؛ هەڵبەتە تا ئەم کاتەش چەند خولی دیکە لە تەحریمەکانی دژ بە تاران پەسند کردووە. تێڕوانینی ئێوە چییە؟**

ئەمن پێموابێ کە ترامپیش ئەوە دەزانێ کە بایدن لە چوارچێوەی ئەو ستراتێژییەی ئامریکادا کاردەکات، بەڵام دەیهەوێ کە بەو گەمارۆیانە کارێکی وا بکات ئەو گەمارۆیانە ئەوەندە زۆر بن کە تەنانەت بە وەرگرتنی ئیمتیازاتێک لە لایەن بایدنەوە و سەپاندنی مەرجەکانی ئامریکا بەسەر ئێراندا ئەگەر کەوتنە وتووێژ هەڵگرتنی گەمارۆکان کارێکی بە زەحمەتتر بێ و ماوەیەکی زۆر زیاتر بکێشێ تاکوو بیانهەوێ ئەو گەمارۆیانە لابدەن.

**پێتان وایە دۆخی خەڵکانی نیشتەجێ لە ئێران بە هاتنە سەرکاری جەو بایدن گۆڕانی پۆزەتیڤی بەسەردا بێت؟ چونکە بەشێک لە خەڵک هۆکاری نەهامەتییەکانیان بەتایبەت لەبواری ئابووریدا بۆ تەحریم و گوشارەکانی ئامریکا دەگێڕنەوە. ئایا بەڕاستی ئامریکا خەتابار بوو یان نا! بەڕێوەبەری سیاسەتە هەڵەکانی کۆماری ئیسلامی هۆکاری سەرەکی لەم نێوانەدا بووە؟**

وەکوو لە وڵامی پرسیاری پێشوودا ئاماژەم پێدا گەمارۆکان ئاکامی سیاسەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانە و ئەزموونی چل وچەند ساڵەی ڕابردووی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامیش نیشانی داوە کە بە بێ گەمارۆکانی ئامریکاش، خەڵکی ئێران لە نەهامەتی و لە وەزعی خراپی ئابووری و ژیان و ئازادی و دێموکراسیدا بوون وهەمیشە ناڕازی بوونە؛ بۆیە هۆکاری ئەساسی و سەرەکی لە وەزعیەتی ژیانی خەڵک، وجودی کۆماری ئیسلامی، حکوومەتێکی بی کیفایەت و گەندەڵ، کە ڕۆژ بەڕۆژیش ئەو گەندەڵییە بەرفراوانتر دەبێ؛ ئەوە هۆکاری سەرەکی وەزعیەتی خراپی خەڵکی ئێرانە بەڵام گومانی تێدا نییە کە ئەو گەمارۆیانە هەرچەند خودی ئەمریکا گەمارۆی لەسەر خواردن و دەرمان و ئەوانە دانەناوە بەڵام گیروگرفتێک هاتۆتە پێشێ کە لە ئاستی خۆیدا تەئسیری لەسەر وەزعیەتی ژیانی خەڵک داناوە بەڵام ئەوە شوێندانەرییەکی زۆر کەمە. ئەوەیکە کاریگەری سەرەکی داناوە ئەو وەزعیەتەیە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا، لە جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی لە نێوخو و لە دەرەوە پێکی هێناوە؛ خەڵکی ئێران یان باشترە بڵێین گەلانی ئێران نابێ بیر لەوە بکەنەوە کە کێ لە ئامریکا بێتە سەر کار بۆ ئەوان باشترە یان خراپترە بەڵکوو دەبێ بیر لەوە بکەنەوە چۆن ئەو ڕێژیمە لابەرن، چوون بە مانەوەی ئەو ڕێژیمە هەر کەسێک بێتە سەر کار وەزعیەتی خەڵکی ئێران گۆڕانێکی ئەوتۆ ناکات هەر وەکوو لە چل وچەند ساڵی ڕابردوودا دیتومانە ڕۆژ بە ڕۆژ وەزعیەتەکەیان بەرەو خراپتربوون چووە.

**پێش لە ڕاگەیاندنی ئاکامی هەڵبژاردنەکان و دوای ئەویش سەرانی کۆماری ئیسلامی باسیان لەوە دەکرد کە هەرکام لە بەربژێرەکان بێنە سەرکار هیچ جیاوازییەکیان نییە و کۆماری ئیسلامیش هیچ گۆڕانێک لە سیاسەتەکانیدا پێک ناهێنێت. بەڵام بەشێک لە بەرپرسانی خوارتری ڕێژیم لەوانە بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوە وتوویانە چاوەڕوانی هەنگاوە کردەییەکانی بایدنین و ئامریکا دەبێ شەڕی ئابووری دژ بە ئێمە بوەستێنێ! ئایا ئەمە پارادۆکسێکە کە لە سیاسەتی کۆماری ئیسلامیدا بەدی دەکرێت یان نا ئەمە تاکتیکێکە کە ڕێژیم بەکاری دەبات تا لەلایەکەوە سیگناڵی سەوز بە واشینگتۆن بدات و لەولاشەوە لای لایەنگرانی خۆی وەها بنوێنێ کە تاران قورس و قایم لەسەر درووشمەکانی خۆی ڕاوەستاوە؟**

بە بۆچوونی من، هەرچەند سەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران باس لەوە دەکەن کە کێ بێتە سەر کار بۆ ئەوان مووهیم نییە و دەیانهەوێ ئاڵوگۆڕەکە زۆر ساکار نیشان بدەن، یانی خۆیان بێتەفاوت نیشان بدەن بەڵام بێ گومان هیوایەکی زۆریان هەڵچنیوە کە بتوانن لەگەڵ بایدن بە ڕێککەوتن بگەن؛ ئەوە لە لایەک، لە لایەکی دیکەشەوە ئەوەیکە بەرپرسانی پلە بەرزی کۆماری ئیسلامی لەو خاڵانەدا قسە دەکەن لە واقیعدا قسەیەکە کە بەتایبەت هی وەزارەتی کاروباری دەرەوەیە دەیانهەوێ شکڵێکی جیهان پەسەندی پێ بدەن، دەنا هەموو خەڵک دەزانێ و ئامریکاش دەزانێ کە ئەوەی لە پێوەندی لەگەڵ سیاسەتە گشتییەکانی یان سیاسەتی کەڵانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا قسە دەکات وەلی فەقیهە؛ ئەوە کە بڕیار دەدات چ بکەن وچ نەکەن. هەروەکوو لە بەرجامیشدا دیتمان کە تەواوی وردەکارییەکانی، تەنانەت پرۆسەی وتووێژەکان لە ژێر چاوەدێری ئەودا بوو. لەوە بەدواش هەر لایەنێک بیهەوێ بێتە نێو وتووێژەوە یا بڕیار بدرێ کە وتووێژ نەکرێت، دەسەڵاتەکە بەدەستی وەلی فەقیهە، وەزارەتی کاروباری دەرەوە یا هەرکام لە بەرپرسانی ڕێژیم تەنها فەرمانی وەلی فەقیە بەڕێوە دەبەن.

**یەکێک لە وتەکانی بایدن لە کاتی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنەکان ئەوە بوو کە ئەگەرچی ئێمە نامانهەوێ ڕێژیمی ئێران بگۆڕین واتە چەینج ڕێژیم لە بەرنامەی کارماندا نابێت بەڵام گوزینەی سەربازیش هەر لە سەر مێزە. ئایا ئەمە هەمان سیاسەتی دەوڵەتی ئۆباما نییە؟**

وەختێک ناوی گوزینەی نیزامی دەبیستین لە ئامریکا ڕەنگە ئێمە وخەڵکی ئێمە زۆرتر بیریان بچێتە سەر ئەو شەڕە کلاسیکە کە لە ڕابردوودا دەکرا؛ لەشکەرێک دێت و وڵاتێک، مەنتەقەیەک داگیر دەکا و ئەوانە. ئێستا بۆ ئامریکا و بۆ بەشێکی زۆری دونیا مەسەلەی نیزامی کە باسی دەکەین بەو شکڵە نییە بەڵکوو لە واقیعدا ئەگەر شەڕێک بێ، شەڕی تێکنیکییە کە لە ناوەندە ئابووری-نیزامییەکان و لە ئەو شوێنانەی کە بە گرینگی دەزانن هێرش بکەنە سەری، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من پێم وایە ئامریکا نایهەوێ لەگەڵ ئێران

درێژە لە لاپەڕەی ٥




درێژەی لاپەڕەی ٤

شەڕ بکا چوونکە هەر بەو گەمارۆیانە ڕێژیمی تێک و پێک داوە؛ لە هەموو بارێکەوە و وەکوو ترامپ دەیگوت: ئەو گەمارۆیانە کاریگەرییەکی یەکجار زۆر گەورەی لەسەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی داناوە و درێژەدانی ئەو گەمارۆیانە کۆماری ئیسلامی ئێران بەچۆکدا دێنێ، بەڵام لە سەردەمی ترامپدا خۆیان ڕاگرت! پێیان وابوو کە ئەگەر بایدن بێتە سەر کار، هەناسەیەکی دیکە دێتەوە بەریان و دەتوانن وەختێکی دیکە بەدەست بێننەوە.

بەڵام درێژەدانی گەمارۆکان لەڕێگەی بایدنەوە ئەوان ملکەچ دەکات! نە بە مانای ئەوەیکە باوەڕیان بە ئامریکا هەیە بەڵکوو دەبێ یەک شتمان لەبیر نەچێت، ئەویش ئەوەیکە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران هەرچەند لەسەر بەرنامەکانی خۆی لەسەر ستراتێژی خۆی و بۆچوونە ئیدیۆئۆلۆژییەکانی خۆی پێداگرە، هەمووی ئەوانە بۆ پاراستنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە نەک پاراستنی ئێران.

پاراستنی خەڵکی ئێران بۆی گرینگ نییە؛ وەختێک دەیهەوێ ئەو ڕێژیمە بپارێزێ کە زیاتر لە چل سالە زەحمەتی پێوە دەکێشێ، کاری بۆ کردووە، سیاسەتی بۆ داڕشتووە، لە قەدر و توانای خۆیدا پڕچەکی کردووە دەیهەوێ ئەوە بمێنێتەوە، مادام کە دەیهەوێ بمێنێتەوە هەر وەخت ببینێ مانەوەی ئەو ڕێژیمە دەکەوێتە مەترسییەوە دێتە نێو وتووێژ و چۆک دادەدا و تەسلیم دەبێ. هەروەکوو لە شەڕی ئێران و عێراقدا دیتمان لەگەڵ ئەو هەموو درووشمەی کە دەیاندا، لەگەڵ ئەو هەموو خەڵکەی کووژرا و ئەو زەربە گەورەیە کە وە پەیکەری ئابووری ئێران کەوت بەڵام وەکوو بۆخۆیان دەڵێن خومەینی گوتی جامی ژەهر دەخۆمەوە.

جامی ژەهری خواردەوە و لە واقیعدا شەڕیان ڕاگرت، بۆ ڕایگرت؟ چوونکە دەیزانی ئەگەر درێژەی بدا ئیدی حکوومەتەکەی تێدا دەچێ و لە داهاتووشدا هەروا دەبێ، وەختێک گەمارۆکان تەئسیراتەکەیان بگاتە ئەو نووقتەیەی کە ڕێژیم هەست بەوە بکات کە لە مەترسی ڕووخان نزیک بۆتەوە قەبووڵی دەکا و من پێم وابێ ئێستا ئەو کاتەیە کە لەگەڵ هەموو پڕۆپاگەندەیەک کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەیکا بەڵام گەیشتۆتە ئەو نووقتەیەی کە بڕستی لێ بڕاوە و لەوە زیاتر ناتوانێ درێژەی بدا، بۆیە مەرجەکانی ئامریکا قەبووڵ دەکا بۆ ئەوەیکە بمێنێتەوە.

**ئێوە لە وڵامی یەکێک لە پرسیارەکاندا باستان لەوە کرد کە گەلانی ئێران پێویستە بیر لە شێوەی گۆڕینی ڕێژیم بکەنەوە. ئەمەش لە کاتێکدایە کە لە سەردەمی ترامپدا کۆمەڵێکی بەرچاو لە تەحریمی سیاسی و ئابووری خرایە سەر کۆماری ئیسلامی کە سرووشتییەن کاریگەری لەسەر بژێوی ژیانی خەڵکیش دانا؛ بەچەشنێک کە ڕێژەی هەژاری و بێکاری و گرانی لەم وڵاتەدا سنووره چاوەڕوانکراوەکانیشی بەزاند. پرسیارەکە ئەمەیە: ئایا خەڵک برسی بێت شۆڕش ڕوو دەدات؟ مەرج یان پێشمەرجەکانی پێویست بۆ سەرهەڵدانی شۆڕش لە وڵاتێکی وەک ئێران چین؟**

لە پێشمەرجەکانی شۆڕش زۆری قسە لەسەر کراوە لە لایەن سیاسەتوانانەوە . یەکێک لە مەرجەکانیان ئەوەیە کە دەڵێ: لە کۆمەڵگایەکدا خەڵکەکە دژی حکوومەت ڕاوەستێتەوە و حکومەتیش توانای ئەوەی نەبێ ویست و داخوازەکانی خەڵک جێبەجێ بکات یان نەیهەوێت ویست و داخوازییەکانی خەڵک جێبەجێ بکات، لەو حاڵەتەدا شۆڕش ڕوو دەدا؛ ئەمن بەش بەحاڵی خۆم بەپێی ئەو ئەزموونانەی کە لە دەوروبەری خۆمان دیومانە، لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست دیومانە، لە هێندێ وڵاتانی دیکەدا لەو ماوەدا دیومانە، لە هەموو جێگایەکدا ئەوە سێدق ناکات. زۆر خەڵکی دونیا هەیە کە زۆریش برسین بەڵام شۆڕش ناکەن؛ مەسەلەن ئێستا تۆ چاو لێبکە لە کۆرەی باکوور ژیانەکە ژیانێکی مەرگەساتە، بەڵام خەڵکیش شۆڕش ناکات؛ بە بۆچوونی من یەکێک لە مەرجەکانی شۆڕش لە نێو ئێراندا بۆ خەڵکی ئێران ئەو کاتە دێتە پێش کە شۆڕشێکی بەربڵاو و یەکگرتووانە بچێتە پێش کە بتوانێ حکوومەت بڕووخێنێ، وەختێکە ئاڵتێرناتیڤێک بە سیاسەتێکی ڕوون و دیاریکراو حزووری هەبێ و خەڵک ئەوە وەک پشتیوانی خۆی و هیوای دوارۆژی خۆی ببینێ، لەوێشەوە بچێتە نێو شۆڕش؛ چوونکە لەبیرمان نەچێتەوە کە خەڵکی ئێران بەپێچەوانەی زۆر لە وڵاتانی ناوچە کە شۆڕشیان کرد تەجروبەیەکی شکستخواردووی هەیە لەو شۆڕشەی کردی؛ لە زەمانی شادا شۆڕشی کرد بەڵام ئاکامەکەی بوو بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران؛ بۆیە نیگەرانن.

ئەوە لە لایەک، لە لایەکی دیکەشەوە شەرت نییە هەر برسیەتی خەڵک بێنێتە سەر شەقام، ئەوە تەئسیری هەیە بەڵام لە زەمانی شادا خەڵک هاتە سەر شەقام، لەبەر برسییەتی نەبوو بەڵکوو لەبەر کەمبوونی ئازادی و نارەزایەتی لە سیاسەتەکانی حکوومەتی پەهلەوی بوو بۆیە من پێموایە کە ئەگەر خەڵک فشاری زۆری بۆ بێت نایەتە سەر شەقام و شۆڕش ناکات، بەڵام شەرت نییە هەموو شۆڕشێکیش بە نەتیجە بگات و بتوانێ حکوومەت بڕووخێنێ مەگەر ئەو کاتەی کە شۆڕشێکی هەمەلایەنە، یەکگرتوو و وەکووعەرزم کردن بە بوونی داهاتوویەکی ڕوون لە ئێراندا، مەبەستم ئێرانە، ڕەنگە لە وڵاتی دیکە جیاواز بێ؛ بە بوونی ئاڵتێرناتیڤێک بۆ ئەو ڕێژیمە ئەو دەمی دەکرێ بڵێین کە خەڵک یەکگرتووتر دێتە سەر شەقام و نارەزایەتی دەردەبڕێ وحکوومەت دەڕووخێنێ، بۆ ئەوە جارێک بڕێک ماویەتی

**باشە لە هەلومەرجێکی ئاوادا کە گوشارەکان لەسەر ڕێژیم بەردەوام زیاد دەبن، لەولاشەوە کۆماری ئیسلامی زەختی کەموێنەی بۆ خەڵک هێناوە و هەروەها ژیانی خەڵک بەرەو تاڵی دەڕوات و برسیەتی و هەژاری تەنگی بە خەڵک هەڵچنیوە و هیچ ئاڵتێرناتیڤێکیش بوونی نییە کەواتە خەڵک دەبێ چی بکات؟ دەبێ سیاسەتی چاوەڕوانی بگرێتە بەر؟**

نا من پێموانییە خەڵک دەبێ چاوەڕوان بێ! بەڵکوو خەڵک دەبێ ئیقدام بکا، خەڵک ئاڵتێرناتیڤ ساز کات. هەر چاو نەبڕنە ئەوەیکە لە دەرەوەی وڵاتدا فلان ڕێکخراو و فلان ڕێکخراو هەیە، ئەوە ئۆپۆزسیۆنن و دێن دەیڕووخێنن و خەڵک ڕزگار دەکەن لە چنگی حکوومەت، بەڵکوو بۆخۆیان لێبڕاوانە دەبێ بگەنە ئەو قەناعەتەی کە ئاڵتێرناتیڤێک دروست بکەن، ئێستا چۆنی دروست دەکەن من نامهەوێ لێرەڕا نووسخەیەک بپێچمەوە کە چۆنی دروست بکەن بەڵام من پێم وابێ خەڵکی ئێران ئەگەر بگەنە ئەو قەناعەتەی کە لێبڕاو بن لەوەیکە ئەو حکوومەتە نابێ بمێنێ، نەک هەر بە قسە بەڵکوو بە کردەوە، بەرنامەش بۆ ئەو کارە دادەنێن و ئاڵتێرناتیڤ پێک دێنن.

**ئەمە شامڵی گەلی کوردیش ئەکات؟**

بێگومان؛ ئەگەر ئاڵتێرناتیڤێکی ئاوا ساز بێ بەپێچەوانەی ئەوەیکە ئێستا هێندێک لە حیزبەکانی ئۆپۆزسیۆنی سەرانسەری، هێندێک بەرنامەیان هەیە ڕایدەگەیەنن دەبێ ئاڵتێرناتیڤێک بێت کە ویست و داخوازی هەموو نەتەوەکانی ئێران تێیدا ڕەنگ بداتەوە بۆ ئەوەیکە ئەو نەتەوانەش تێبکۆشن هاودەنگ لەگەڵ هەموو خەڵکی ئێران ئەو ڕێژیمە بڕووخێنن، ئەوەش بۆیە دەڵێم پێویستی بە بەرنامەیەکی ڕوون هەیە کە خەڵک بزانێ دوای ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لەگەڵ چ نەوعە حکوومەتێک ڕووبەڕوو دەبنەوە و دەبێ تەعامولی لەگەڵ بکەن؛ کە بەداخەوە بەشێکی زۆر لە ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی ئەوەیان هەر فەرامۆش کردووە، ئەوە بۆ خۆی یەکێک لە لاوازییە هەرەگەورەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانییە کە تەنیا لایەنێک بیر لە وەزعیەتەکەی دەکاتەوە، تەنیا بۆخۆی بەرنامە دادەنێ و بۆخۆی دەیهەوێ بە تەنیا کۆماری ئیسلامی بڕووخێنێ و بچێتە جێگای دابنیشێ، نەتیجەکەی ئەوەیە کە تاکوو ئێستا بە ئاکام نەگەیشتووە.

**کۆماری یان دێموکرات! کامیان بە قازانجی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتە؟ ئەم پرسیارەم لەو ڕاستایەدایە کە بەشێک لە سیاسییەکانی کوردستانی باشور ڕایانگەیاندووە کە بەربژێری دێموکراتەکان دەتوانێ قازانجی زیاتری هەبێ بۆ کورد. ئەگەر ئەم بۆچوونە بە پێوەر وەربگرین، پێتان وایە کام یەک لەم بەربژێرانە دەتوانێ بە قازانجی کورد لە ڕۆژهەڵات هەنگاو هەڵگرێ؟**

ئەمن دەڵێم چ بایدن بێ وەکوو دێموکراتەکان یا ترامپ یا یەکێکی دیکە لە کۆماریخوازەکان، بە قازانجی خەڵکی ئامریکا کار دەکەن ئەوان.

ئەوەمان نابێت لەبیر بچێت کەس نایەت بە قازانجی خەڵکی کورد شەڕ بکا بەڵام کورد بۆخۆی دەتوانێ سیاسەتێک بگرێتە پێش کە سەرنجی ئەمریکا یان وڵاتانی دیکە بۆ لای خۆی ڕابکێشێ و بتوانێ لە گەمەکاندا، هێز بێ.

هێز بە مانای یەکگرتوویی لە پێش هەموو شتێکدا؛ وەختێک باس لە یەکگرتوویی دەکەین مەبەست ئەوە نییە کە هەموو خەڵکی کورد وەکوو یەک بیر بکەنەوە، نەخەیر ستراتێژییەکی یەکگرتوویان بێ بۆ وڵاتەکەیان، بۆ نیشتمانەکەیان، کە تاکوو ئێستا بەداخەوە ئێمە ئەوە لە نێو کوردەکانی هەر چوار پارچەی کوردستاندا نابینین و ئەوە کێشەیەکی زۆر گەورەیە، دەنا من پێموابێ ئێستا سەردەمێکە کە بە هۆکاری جۆراوجۆر کە یەکێک لە هۆکارەکانی دەتوانم بیگێڕمەوە بۆ شەڕی کورد لە دژی داعش لە هاوپەیمانی لەگەڵ ئامریکادا، کورد لە دنیادا ناسراوە. بەڵام کورد ئەوەندە بەربڵاوە، ئەوەندە سیاسەتی دژبەیەکیان هەیە کە ناتوانن ببن بە ئەو هێزە شوێندانەرەی کە زلهێزەکان چاویان لێی بێ و حیسابی تایبەتییان بۆ بکەن؛ ئەوە مەسەلەیەکی زۆر گرینگە هیوادارم کە کورد بتوانێ ئەو بەتاڵاییە پڕ بکاتەوە بۆ ئەوەیکە بتوانێ سەرنجی دونیا زیاتر لەوەیکە ئێستا هەیە بۆ لای خۆی ڕابکێشێ.

**یانی پێتان وایە کورد دەبێ چاوەڕوانی سیاسەتێک بێت کە لە واشینگتۆن دیاری دەکرێت و دواتر خۆی لەگەڵ ئەودا ڕێک بخات و ئەو دەم پلان بۆ داهاتووی خۆی دابنێت؟**

دەزانی ئەگەر زۆر بە کورتی باسی بکەم، ئەوەیە کە ئەورۆ دنیای قازانج و بەرژەوەندییە بۆئەمریکا، بۆ وڵاتانی ئوروپایی یا بۆ هەر کەسێکی دیکە، ئەو قازانج و بەرژەوەندییەی ئەمریکا کە هەندێکمان ئیشارە کرد لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاستدا وەکوو سیاسەتێکی ستراتێژیک بەدواوەیەتی، پێویستیی بە هاوپەیمان هەیە، پێویستیی بە هاوکار هەیە، کورد دەتوانێ یەکێک لەو هاوکارانە بێت کە لەو سیاسەتەدا جێگای ببێتەوە؛ کە جێگای بوویەوە هەم بە قازانجی خۆی تەواو دەبێ و هەمیش بە قازانجی ئەمریکا؛ نموونەیەکتان بۆ بێنمەوە، پەیەدە لە ڕۆژئاوا لە لیستی تێرۆردا بوو وەکوو بەشێک لە پەکەکە، بەڵام چوون بۆخۆیان یەکگرتوو بوون و لەوێدا هێز بوون، ئەمریکا لەوێدا حیسابی بۆ کردن، لەگەڵیان کەوتە تەعامول و وەزعیەتێکی پێکهێنا کە بە قازانجی ئەوان وەرچەرخا کە هیوادارم بتوانن بە سیاسەتێکی دروست ئیدامەی بدەن و تێکی نەدەن، مەبەستم ئەوەیە ئەگەر «هێز» بووی، خەڵکی دیکە بەخاتری قازانج و بەرژەوەندیی خۆی بەدواتدا دەگەڕێ، بەڵام کە هێز نەبووی، هەر پەرتەوازە بووی، دابەش دابەش بووی، دژی یەک کارت کرد، دژی یەک سیاسەتت بەڕێوە برد، سەرنجی زلهێزەکان و تەنانەت وڵاتەکانی ناوچەش بۆ لای خۆت ڕاناکێشی.

**کەواتە ئێوە چ داهاتوویەک بۆ ئێران بە ئاوات دەخوازن؟**

ئەو بەرژەوەندییەی کە بۆ ئێرانی داهاتوو دەیبینم ئەوەیە کە حکوومەتێک لە ئێراندا بێتە سەر کار کە ئەو کەموکوڕییانەی کە ڕێژیمی پاشایەتی و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ خەڵکی ئێران بە گشتی و بەتایبەت بۆ نەتەوەکانی ئێرانی بوویەتی، ئەو سیاسەتە وەلا بنێ. یانی ئێران ببێتە موڵکی هەموو ئێرانییەکان و هەموو ئێرانییەک هەست بەوە بکات کە لەو وڵاتەدا ئەویش حیسابی بۆ دەکرێ. هەر نەتەوەیەک بیر بکاتەوە لەوە کە ئەو وەکوو نەتەوەیەک بە پێناسەی خۆی بە ڕەسمی دەناسرێ و مافی بە ڕەسمی دەناسرێ لە یاسا و لە حکوومەتی داهاتووی ئێراندا؛ من ئارەزووی حکوومەتێکی ئاوا دەکەم و ئێمە بۆخۆشمان وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پێناوی ئێرانێکی ئاوادا کار دەکەین، چالاکی دەکەین کە بە کورتی سیاسەتەکەمان پێکهێنانی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵە، فێدراڵ بە مانای ئەوەیکە لە چوارچێوەی ئێراندا، ئێمەی کورد و باقی نەتەوەکانی دیکەش وەکوو نەتەوەیەک مافی سیاسی خۆمان هەبێ.

**دواوتەتان:**

دواقسەم ئەوەیە کە هیوادارم کە حکوومەتێکی ئاوا لە ئێراندا پێک بێ کە دیارە ئەوەش هەر بە تێکۆشانی هەموو خەڵکی ئێران و نەتەوەکان دەبێ بەڵام بۆ ئەوە مەرجی پێویست ئەوەیە کە لە ئێراندا هیچ گرووپێک، هیچ نەتەوەیەک بیر نەکاتەوە کە سیاسەتەکانی پێشوو بەکار بێنێ، سیاسەتی ئەکسەریەت و ئەقەلییەت کە تێیدا ئەقەلییەت بە «هێز» سەرکوت بکرێ؛ بەڵکوو ئەقەلییەت دەبێ بە پاراستن و حورمەت دانان بە مافەکانی ڕازی بکرێ و ئەو کاتەیە کە ئێرانێکی سەقامگیر پێک دێ، هەموو پێکەوە لە بەرامبەری دوژمنانی دەرەکیدا دیفاعی لێ دەکەن، ئەو کاتەیە کە بە قەولی هاونیشتمانییە فارسەکانمان دەڵەن: تەمامیەتی ئەرزی ئێران دەپارێزرێ؛ هیوادارم ئەو داهاتوویە چاوەڕوانی داهاتووی خەڵکی ئێران بێ.

**زۆر سپاس بۆ بەشداریتان**

سپاس بۆ ئێوەش، ماندوو نەبن.

# کۆماری ئیسلامیی ئێران و بایدن



مستەفا هیجری

٥٩یەمین هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ئامریکا لە زۆر ڕووەوە گرینگە. ڕکەبەرایەتیی نێوان دوو ڕوانگە و جیاوازیی دوو بۆچوون سەبارەت بە چۆنیەتیی پاراستنی پێگە و هێژمۆنیی ئامریکا، بە سەرکەوتنی جۆ بایدن وەک کاندیدای دێموکراتەکان کۆتاییی پێ هات.
ئەم هەڵبژاردنە لەکاتێکدا بەڕێوەچوو کە وڵاتانی جیهان و ڕای گشتی، بە وردبینییەوە سەرنجیان خستبووە سەری.
ئێستا و لە داهاتووشدا، کاریگەری و ئەنجامەکانی ئەم هەڵبژاردنە لە سەر سیاسەتی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی و تەنانەت جیهانیی ئامریکا، مژارێکی سەرەکیی توێژینەوە و باس و خواستی ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە و ژوورەکانی فکر و میدیاکانی جیهان دەبێ.

**ڕوون نییە ترامپ چ میراتێک لە کەیسی ململانێ لەگەڵ ئێران بۆ سەرۆکی دوای خۆی بەجێ دێڵێ، بەڵام ئەوەی پڕ ئاشکرایە هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی ئامریکایە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە نیسبەت ئێرانەوە، کە بە ڕادەیەکی زۆر نەگۆڕن، بۆیە هەر کەس لە کۆشکی سپی دانیشێ، بەدەر لەوەی سەر بە چ حیزبێک بێت، دەبێ ئەو سیاسەتانە بەرێتە پێش**

ئامانج لەم وتارە، لێکدانەوەی داهاتووی پەیوەندییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و ئیدارەی جۆ بایدن، بە تایبەتی لەمەڕ (ئەگەری) ڕێککەوتنەوەی دوو لایەن سەبارەت بە»بەرجام» یان تەنانەت لە دەرەوەی بەرجام و کاریگەرییەکانی لەسەر پانتایی سیاسیی ئێرانە.
لەپێشدا ئەوەش ڕوون دەکەمەوە کە ئەم لێکدانەوەیە لەسەر بەستێنی پەیوەندییەکانی ئێران و ئامریکا دەکرێ کە هەر لە سەرەتاوە بە دوژمنایەتی لەلایەن ئێرانەوە دەستی پێ کردووە و لە چوار ساڵی ڕابردوودا گەیشتووەتە لووتکەی خۆی. خۆ لەوانەشە لە چوار ساڵی داهاتوودا گۆڕانکاریی ئەوتۆ بێتە کایەوە کە ڕاست بەپێچەوانە یان جیاواز لەم لێکدانەوەیە بێت.

**ئێمە لەو باوەڕەداین کە تەرازووی هێز کە هەر لە سەرەتاوە زۆر بەلای ئامریکادا قورس بووە لە ئێستادا قورسترە، چونکە کۆماری ئیسلامی بە بەروارد لە گەڵ ٦-٥ ساڵی ڕابردوو کە ڕێککەوتنی بەرجامی بە ناچاری واژۆ کرد، زۆر لاوازتر بووە**

### ڕێککەوتنی ناوکیی (بەرجام)

ڕێککەوتنی ناوکیی (بەرجام)، کە بە ئامانجی سنووردارکردنی پیتاندنی ئۆرانیۆم لەلایەن ئێرانەوە و بەربەستکردنی ڕێی گەیشتنی بە چەکی ئەتۆمی، لە نێوان ئێران و گرووپی ١+٥ (ڕووسیە، چین، فەرانسە، بریتانیا و ئامریکا وێڕای ئاڵمان) واژۆ کرا، دوای ئەوەیکە واشنتۆن بە بڕیاری دانڵد ترامپ لێی کشایەوە، کەوتە کۆماوە.
لە سەروبەندی ئەم بڕیارە، داوا لە ئێران کرا کە ئامادەیی خۆی بۆ پێداچوونەوە بەم ڕێککەوتنە کە بە گوتەی ترامپ خراپترین ڕێککەوتنی مێژووی ئامریکایە، دەرببڕێت، بەڵام لەگەڵ وەڵامی نەرێنی بەرەوڕوو بوویەوە. لە ئەنجامدا ئامریکا کەمپەینێکی لە دژی ئێران وەڕێخست کە بە کەمپینی گوشاری لەڕادەبەدەر دەناسرێتەوە و پێدەچێ تا کۆتایی ماوەی سەرۆکایەتیی ترامپ درێژەی هەبێت.
ئەم کەمپەینە کە بە مەبەستی ملکەچکردنی ئێران و ڕاکێشکردنی بۆ سەر مێزی وتووێژ و گرێدانی ڕێککەوتنێکی باشتر (لە ڕوانگەی واشنتۆنەوە) ڕاگەیێندرا، بریتیی بوو لە زنجیرەیەک لە گەمارۆ و سزاکان کە سەرچاوەی داهات و ژێرخانی ئابووریی ئەم وڵاتەی کردە ئامانج (بۆ نموونە کەم بوونەوەی ٨٥٪ی داهاتی نەوت).
هاوکات لە گەڵ ئەم کەمپەینە، ئامریکا ١٢ مەرجی بۆ وتووێژ خستە بەردەم ئێران و داوای «گۆڕینی ڕەفتار»ی ئێرانی دەکرد کە زۆربەیان پەیوەندییان بە بەرنامەی موشەکی، بەرنامەی ناوکیی، دەستێوەردانی ناوچەیی و پشتیوانیکردنی تاران لە گرووپە تێرۆریستییەکانەوە هەبوو.

### ئاماژەکانی وتووێژ

لە یادداشتێکدا کە مانگی سێپتامبری ئەمساڵ لەلایەن «سی.ئێن.ئێن»ـەوە بڵاو کرایەوە، جۆ بایدن ئەو پەیامەی گەیاند کە ئامادەیە لە ڕێڕەوی دیپلۆماسییەوە هەنگاو بنێ، بەو مەرجەی کە ئێرانیش لەم بارەیەوە ئامادەیی خۆی نیشان بدات. بایدن هەروەها ڕایگەیاند کە بەرجام دەکاتە خاڵی دەستپێکی وتووێژی داهاتوو لەگەڵ ئێران و لەگەڵ هاوپەیمانانی ئامریکا کار دەکات بۆ پەرەپێدان بە خاڵەکان(ناوەرۆک)ـی ڕێککەوتنەکە و گفتوگۆ لە سەر تێکڕای ئەو نیگەرانی و پرسە هەستیارانە دەکەن کە بە لایانەوە گرینگە. لە بەرانبەردا، جەواد زەریف، وەزیری دەرەوەی ئێران بە ئاژانسی هەواڵی «سی.بی.ئێس»ـی گوتووە کە تاران «بە هیچ شێوەیەک» ئامادە نییە سەرلەنوێ لەبارەی مەرجەکانی ڕێککەوتن لەگەڵ لایەنی ئامریکایی بکەوێتە گفتوگۆوە.
زەریف هەروەها جەختی کردووەتەوە کە ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێ کە دوو لایەن نەتوانن ڕێگایەک بۆ «تعامل» ببیننەوە. لەگەڵ ئەمەشدا، دەزگای دیپلۆماسیی ئامریکا ڕایگەیاندووە تا کۆتایی ماوەی سەرۆکایەتیی دانڵد ترامپ، سێڵاوێک لە سزاکان لە درێژەی هەمان دیپلۆماسیی گەمارۆکان و لە چوارچێوەی کەمپەینی گوشارەکان بۆ سەر ئێران وەرێ دەخات.
تا ئێرە ڕوون نییە ترامپ چ میراتێک لە کەیسی ململانێ لەگەڵ ئێران بۆ سەرۆکی دوای خۆی بەجێ دێڵێ، بەڵام ئەوەی پڕ ئاشکرایە هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی ئامریکایە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە نیسبەت ئێرانەوە، کە بە ڕادەیەکی زۆر نەگۆڕن، بۆیە هەر کەس لە کۆشکی سپی دانیشێ، بەدەر لەوەی سەر بە چ حیزبێک بێت، دەبێ ئەو سیاسەتانە بەرێتە پێش کە گرینگترینیان بریتین لە:
یەکەم، پاراستن و بەهێزترکردنی ئاسایشی نیشتمانیی ئیسرائیل. ئیسرائیلێک کە سەردەمانێک بە گوتەی دامەزرێنەرانی کۆماری ئیسلامی، بڕیار وابوو لە سەر نەخشەی سیاسیی جیهان بسڕدرێتەوە، بە پاڵپشتیی دەزگای دیپلۆماسیی ئامریکا، پرۆسەی کرانەوەی دیپلۆماسی و ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی/ئیسلامی (دژبەری ئێران و هاوپەیمانی واشنتۆن) دەست پێکردووە کە ئەنجامەکەی چاوەڕوان دەکرێ هەواڵبەندی و هاوکێشەیەکی نوێ بێت لە ڕاستای سیاسەتی درێژخایەنی ئامریکا و بەرژەوەندیی هاوپەیمانانی لە ناوچەکە.
دووهەم، بەرنامە ناوکیی و مووشەکییەکانی ئێران و ڕێگری لە دەسپێڕاگەیشتنی بە چەکی ئەتۆمییە کە ئێستا هەستیارترین کەیسە و لە ئەولەوییەتی سیاسەتی دەرەوەی ئامریکادایە و وڵاتانی زلهێزی جیهانیش لەم کەیسە تێوەگلاون.
سێهەم، بەرپەرچدانەوەی سیاسەتی ناوچەییی ئێران (هەناردەکردنی شۆڕش، سیاسەتی دەستێوەردان و پشتیوانی کردنی هەمەلایەنە لە گرووپە تێرۆریستییەکان)

چوارەم، شەڕی دژ بە تێرۆر و تێرۆریزمی نێودەوڵەتی کە ڕێژیمی ئایەتوڵڵاکان سەرچاوەی سەرهەڵدان و پەرەسەندنیەتی و بووەتە بەشێک لە ناسنامەی ئەم ڕێژیمە.
پێنجەم، پاراستن و پەرەپێدان بەو هاوپەیمانی و هەواڵبەندییانەی کە هاوتەریب لەگەڵ لێک نزیککردنەوەی دۆستانی ئامریکا، بەرژەوەندییەکانی ئەم وڵاتە دابین دەکات.
ئەو پێنج خاڵە کە هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی ئامریکا لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست بەنیسبەت ئێرانی لەسەر هەڵچنراوە ( دژایەتی لەگەڵ ئیسرائیل، پەرەپێدانی بەرنامەی ناوکیی بە ئامانجی دەست ڕاگەیشتنی بە چەکی ناوکیی، دەستێوەردانی لە کاروباری ناوخۆی وڵاتانی ناوچە لەژێر ناوی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی، پشتیوانی کردن لە گرووپە تێرۆریستییەکان) ، چەقی سیاسەتی دەرەوە و ئەولەوییەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران پێکدێنن کە نەتەنیا نەگۆڕن، بەڵکوو ڕاست بەپێچەوانە لە زیانی بەرژەوەندی و ئەولەوییەتەکانی واشنتۆن دەشکێنەوە.
درێژەکێشانی ئەم هاوکێشەیە، لە داهاتووشدا چۆنیەتیی پەیوەندییەکانیان (بەدەر لەوەی کە ئاراستە و شێوەکەی چۆن بێت) دیاری دەکات. ئەگەرچی بە پێوەری سیاسەتی ناوچەیی، هەر کام لەم بوارانە وەک فاکتەری بەردەوامی و پارێزەری بەرژەوەندیی درێژخایەنی کۆماری ئیسلامی پێناسە کراون، بەڵام لەبەردەوامبوونی دوو سیاسەتی دژبەیەکی ئەوتۆ، ئەوە لایەنی کەمهێزە کە زۆرتر زەرەرمەند دەبێت یان زۆرتر ئیمتیاز دەدات، ئەگەر بیهەوێ ڕێککەوتن بکات. ئێمە لەو باوەڕەداین کە تەرازووی هێز کە هەر لە سەرەتاوە زۆر بەلای ئامریکادا قورس بووە لە ئێستادا قورسترە، چونکە کۆماری ئیسلامی بە بەروارد لە گەڵ ٦-٥ ساڵی ڕابردوو کە ڕێککەوتنی بەرجامی بە ناچاری واژۆ کرد، زۆر لاوازتر بووە. بەڵام لە پەیوەندی لەگەڵ ناوخۆی ئێران، دەکرێ هۆکار یان بەستێنەکانی لاوازتربوونی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی زیاتر ڕوون بکرێتەوە کە لێرەدا بە کورتی ئاماژەیان پێ دەکرێت. دیپلۆماسیی گەمارۆکانی ئامریکا کە لە ڕاستیدا ئەنجام و لێکەوتەی سیاسەتە چەوتەکانی خودی ڕێژیمە، ژێرخان و شیرازەی ئابووری، تکنیکی و تەنانەت سیاسیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لەبەر یەک هەڵوەشاندۆتەوە و شوێنەواری زیانباریشی لەسەر ژیانی خەڵک داناوە. قەیران لە ناخی قەیراندا سەری هەڵداوە و کەڵەکە بووە. ڕادەی بێزاری و تووڕەیی خەڵکەکەی لە ڕێژیم تا دێ هەڵدەکشێ. هەر لەم چەند ساڵەدا، چەند شەپۆلی نارەزایی و ڕاپەڕینی سەرتاسەری، ڕێژیمی تا لێواری نەمان بردووە. لە ئەنجامی ئەم دۆخەدا بەشێکی زۆر لە سەرچاوەکانی داهاتی وشک بووە. ڕێژیم چیتر توانای لۆجستیک و ڕێکخستنی گرووپە میلیشایی و تێرۆریستییەکانی بە شێوەی ڕابردوو نەماوە. لە ڕووی فکری و ئیدئۆلۆژییەوە دابڕان و کەلێنێکی گەورە لە نێوان ڕێژیم و ڕای گشتیی و باوەڕمەندانی شیعەی ئەو وڵاتانە پێکهاتووە کە لە ڕابردوودا ئێرانیان بە پشتیوانی خۆیان دەزانی. دیارە ئەم کەلێنە چەند قات زیاتر لە پەیوەندی لەگەڵ ناوخۆی ئێران بەرچاوترە. لە ڕوانگەیەکیشەوە، هەواڵبەندی و لێک نزیکبوونەوەی ئەم دواییانەی بەشێک لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیل (وەک دوژمنی دوژمنەکەیان) دەرکەوتەی ئەم گۆڕانکارییانەن.
ئێستا کە سەرۆکێکی تازە لە ئامریکا هەڵبژێردراوە، ڕەنگە کۆماری ئیسلامی وا بیر بکاتەوە کە لەگەڵ ئیدارەی نوێ ئاسانتر دەتوانێ بکەوێتە وتووێژەوە ( چ لە سەر ڕێککەوتنی بەرجام یان جیاواز لە بەرجام) و گەمارۆکانی دەرەوە و فشارەکانی ناوخۆ لەسەرخۆی کەم بکاتەوە. بۆیە ئەگەر دوای نیشتەجێبوونی بایدن لە کۆشکی سپی، ڕۆژێک گوێبیست بووین کە خامنەیی جارێکی دیکە بڕیاری «نەرمشی قارەمانانەی» دەرکرد، لامان سەیر نەبێ. وێدەچێ هەر وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، ئەمەش دڵخوازی بایدن بێت. بەڵام خەڵکی ئێران نابێ دڵیان بە ئاکامی ئەو گەمانە خۆش بێ، چونکە لە ئەگەری ڕێککەوتنی دوولایەندا، بەو شێوەیەی کە باس کرا ئەگەر ئامانج یان دەسکەوتێک هەبێت تەنیا لە پێناو مانەوەی ڕێژیمدا سەرف دەکرێ.
لەگەڵ ئەوەشدا نەرمشی ئەم جارە لەگەڵ نەرمشەکەی پێشوو جیاوازییەکی ماناداری دەبێ. گریمانەش ناکرێ کە بایدن هەروا بە هاسانی بتوانێ گەمارۆکانی سەر ئێران لابەرێ، مەگەر ئەو کاتەی کە بەرژەوەندی و سیاسەتەکانی ئامریکا و هاوپەیمانانی ناوچەیی و ئورووپایی، مسۆگەر بێت و ڕێژیمیش لە بابەتی سەرەڕۆییەکانی کۆنترۆڵ کرابێت. ئەگەری ڕێککەوتن یان بەردەوامبوونی دۆخی هەنووکەیی لە پەیوەندییەکانی ئێران و ئامریکا، کۆمەڵێک ئەگەر و ڕووداوی چاوەڕواننەکراویش بە دوای خۆیدا دێنێ، بەو سەرنجەوە کە ڕێژیم لە هەر دوو ئاستی ناوخۆ و دەرەوەدا لە دۆخێکی لاوازدایە و بەرەو لاوازی زیاتریش دەچێ، لاوازبوونی زیاتری ڕێژیمیش دەرفەتی لەبارتر بۆ گەلانی ئێران پێک دێنێ. هەر بۆیە زۆر گرینگە کە فاکتەری ناوخۆیی و ئیرادەی خۆڕاگریی ئازادیخوازان بە بنەما وەربگیردرێ و لەم نێوانەشدا، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە پلانی هاوبەش و تەبایی، خۆی بۆ گۆڕانکارییەکان ئامادە بکات.

**ئەگەر دوای نیشتەجێبوونی بایدن لە کۆشکی سپی، ڕۆژێک گوێبیست بووین کە خامنەیی جارێکی دیکە بڕیاری «نەرمشی قارەمانانەی» دەرکرد، لامان سەیر نەبێ.
وێدەچێ هەر وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، ئەمەش دڵخوازی بایدن بێت. بەڵام خەڵکی ئێران نابێ دڵیان بە ئاکامی ئەو گەمانە خۆش بێ، چونکە لە ئەگەری ڕێککەوتنی دوولایەندا، بەو شێوەیەی کە باس کرا ئەگەر ئامانج یان دەسکەوتێک هەبێت تەنیا لە پێناو مانەوەی ڕێژیمدا سەرف دەکرێ**

# دێوەزمەی تۆتالیتاریزم لە گەڵاڕێزانی خوێنیندا



## بە پێی ئاماری ناوەند و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی لە کوردستان
## ٥٠ کەس کوژران و نزیک بە ٢٠٠٠ کەس دەستبەسەر کران

کەیهان یووسفی

سەرەڕۆیی (استبداد) شکڵێکی سیاسییە کە لە بیابان دەچێت، دۆخێك دەخوڵقێنێت کە ژیان بۆ مرۆڤ دژوار دەکات بەڵام تۆتالیتاریزم وەکوو باهۆزی زیخ وایە، هەموو ژیان لە چاڵ دەنێت، جیهان دەخنکێنێت و لەناوی دەبات.

ئەمە وتەی فەیلەسووفی بەناوبانگی سەدەی بیستەم هانا ئارێنتە. کەسێك کە لە پەرتووکی تۆتالیتاریزم و ئیبتزالی شەڕدا بە وردی شیکاری سیستەمە سیاسییە تۆتالیتارەکان دەکات.

گەڵاڕێزانی ساڵی پار واتە ١٣٩٨ی هەتاوی ڕێژیمی تۆتالیتێری ئایینی ئێران، لە جیاتی گوێگرتن و جێبەجێکردنی داخوازییەکانی خەڵکی ناڕازی و وەزاڵەهاتوو لە گرانی و دۆخی خراپی ئابووریی، پیاوکوژەکانی هەناردە سەر شەقامەکان تا شەقام بکەنە کوشتارگای خەڵکی سڤیل و مەدەنی.

گەڵاڕێزانی پار چ ڕووی دا؟ کۆماری ئیسلامی بۆ بە گوللە وەڵامی خەڵکی دایەوە؟ وانەکانی ئەم ڕووداوانە چین؟ بە کەڵك وەرگرتن لە تێڕوانینەکانی هانا ئارێنت لەم نووسینەدا دەمانهەوێت تاوتوێی ئەم مەسەلە بکەین.

ڕێژیم سەر لە بەیانی ڕۆژی ٢٤ گەڵاڕێزانی ١٣٩٨، بێ هیچ ئاگادارییەکی پێشوەخت نرخی بەنزینی لە ١٠٠٠ تمەنەوە بۆ ٣٠٠٠ تمەن بەرز کردەوە. بەرپرسانی حکوومەتی و لەوانە ڕۆحانی سەرکۆماری ڕێژیم، ڕایانگەیاند کە ئاگایان لە هیچ نییە! خەڵکی چینی خوارو و مامناوەندی کۆمەڵگا کە دۆخی ئابووری، ژیانی لێیان تاڵ و تاڵتر کردبوو ڕژانە سەر شەقامەکان.

ناڕەزایەتی سەرەتا دژی گرانی بەنزین بوو و دوایی پێکهاتە و بەرپرسانی ڕێژیمی گرتەوە. لە ٢٩ پارێزگا و سەدان شار بۆ ماوەی چەند ڕۆژ خەڵك هاتنە سەر شەقام. هێڵەکانی ئینێترنێت داخران. حکوومەت بە چەکی سووك و نیوە قورس کەوتە قەڵاچۆی خەڵك.

بە پێی ڕیپۆرتی هەواڵدەری ڕۆیتێرز، ڕێبەری ڕێژیم فەرمانی دەرکرد بە هەر نرخێك دەبێت ئەم نارەزایەتییانە بێدەنگ بکرێن. ئەم هەواڵدەرییە هەژماری کوژراوانی ١٥٠٠ کەس ڕاگەیاند. ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی ڕایگەیاند شوناسی ٣٠٤ کەس لە کوژراوان بۆیان ڕوون بووەتەوە.

وتەبێژی کۆمیسیۆنی ئەمنی و سیاسەتی دەرەوەی مەجلیسی ڕێژیم، حسەین نەقەوی حسەینی ڕایگەیاند تا ٥ی مانگی خەزەڵوەر ٧٠٠٠ کەس دەستبەسەر کراون. لە کوردستان و لە شارەکانی کرماشان، جوانڕۆ، مەریوان و .... خەڵك ڕژانە سەر شەقام. بە پێی ئاماری ناوەند و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی لە کوردستان ٥٠ کەس کوژران و نزیك بە ٢٠٠٠ کەس دەستبەسەر کران.

حکوومەت توانی دوای چەند ڕۆژ خۆپیشاندانەکان بە شێوەی دڕندانە سەرکوت و بێ دەنگ بکات.

هانا ئارێنت دەڵێت: بۆ تێگەیشتن لە توندوتیژی دەسەڵاتە تۆتالیتێرەکان دەبێت بڕوانینە تایبەتمەندی یاسایی و ئایدیۆلۆژیکی ئەم دەسەڵاتانە.

لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژی تۆتالیتێردا هەر کردەوەیەك، هەرچەند نامرۆیی و قیزەونیش بێت، پێڕەوی لە ئۆسوولێکی گشتی دانپێدانراو دەکات. یاسای بنەڕەتی و قەزایی ڕێژیم ڕێگە بە کوشتنی خەڵکی سڤیل دەدات و یاسا پاڵپشتی بکوژانە.

لە حکوومەتی تۆتالیتێردا ئازادی ئەحزاب بوونی نییە. حیزب دەسەڵاتە و پێویستی بە لقێکی ئیجرایی هەیە. ئەم لقە ئیجراییە پۆلیسی نهێنییە.

پۆلیسی نهێنی کە لە کۆماری ئیسلامیدا زۆر بەربڵاوتر لە ڕوانگەکانی ئارێنت خۆی دەردەخات و لە چوارچێوەی بەسیج، سپا و هێزەکانی ئیتلاعاتیدا خۆی دەنوێنێ، باڵی سەرکوتکەری نێوخۆیی ڕێژیمە. ئەرکی ئەوان دروستکردن و بڵاوکردنەوەی تۆقاندن و ترسە.

لە حکوومەتە سەرەڕۆکاندا ترس بە شێوەیەکی ئەستوونی واتە لە سەرەوە بۆ خوارەوەیە و خەڵك لە دەسەڵاتداران دەترسن. بەڵام لە دەسەڵاتی تۆتالیتێردا ترس هەم ئەستوونییە و هەمیش ئاسۆیی؛ واتە خەڵك جیا لەوەی ترس لە دەسەڵاتیان هەیە لە یەکتریش دەترسن.

لە ڕوانگەی ئارێنتەوە پۆلیسی نهێنی یەکێك لە ئەرکەکانی پەروەردەکردنی سیخوڕ لەنێو خەڵکدایە، بە چەشنێك کە تەنانەت بنەماڵەکانیش هان دەدەن بۆ دانی هەواڵ و ڕێپۆرت و ئەمەش دەبێتە هۆی چێ بوونی بێ متمانەیی لە نێو کۆمەڵگادا. یەکێك لەو هۆکارانەی کە تا هەنووکەش نەیتوانیوە هارمۆنیکی گشتگیر لە نێوان شەپۆلی ناڕازییان لە ئێراندا چێ ببێت هەبوونی ئەم بێ متمانەییە کە ڕێژیم نەك لە نێو خەڵك و بگرە لە نێو هێزە بەرهەڵستکارەکانیشدا دروستی کردووە.

## گەڵاڕێزانی ساڵی پار واتە ١٣٩٨ی هەتاوی ڕێژیمی تۆتالیتێری ئایینی ئێران، لە جیاتی گوێگرتن و جێبەجێکردنی داخوازییەکانی خەڵکی ناڕازی و وەزاڵەهاتوو لە گرانی و دۆخی خراپی ئابووریی، پیاوکوژەکانی هەنارده سەر شەقامەکان تا شەقام بکەنە کوشتارگای خەڵکی سڤیل و مەدەنی

دەنگی کۆمەڵانی خەڵکی ناڕازی بە چەکی مرۆڤکوژانی ڕێژیم بێدەنگ کرا. سیخوڕەکان ڕیپۆرتی خۆپیشاندەرانیان بۆ دەزگا ئەمنیەتییەکان بەڕێ کرد و ژمارەیەکی زۆر دەستبەسەر و ئەشکەنجە و زیندان کران. بێ متمانەیی وای کردبوو کە زۆربەی بریندارانی خۆپیشاندانەکان نەوێرن بۆ دەرمانی زامەکانیان ڕوو لە نەخۆشخانەکان بکەن و تا کاتی چێ بوون خۆیانیان ون و نادیار کرد.

یاسا و سیستمی قەزایی پاڵپشتی بکوژان بوون و لە ڕاستیدا یاسا خۆی کوشتنی یاسایی کردبوویەوە. بەڵام خاڵێکی زۆر گرنگ کە دەکرێت لێرە وەکوو ڕووخانی هێژمۆنی ڕێژیم، وەکوو دەسەڵاتێکی تۆتالیتێر ئاماژەی پێبکەین، گەڕانەوەی بوێری بۆ خەڵك بوو. ئەو بوێرییەی کە ڕێژیم لە ڕێگەی هێزی سەرکوت و سیخوڕییەوە لە خەڵکی ئەستاندبوو تا ڕادەیەك بۆ خەڵك گەڕایەوە و ئەگەرچی بەڕادەی پێویست گشتگیر نەبوو. دروشمەکان چییەتی دەسەڵات و ڕووخانی ڕێژیمیان نیشانە گرتبوو گەرچی بیانوو گرانی بوو.

ئەوان هێڵەکانی ئینترنێتیان داخستبوو، تا هەواڵ و دەنگ و ڕەنگی خۆپیشاندەران و جینایەتەکانیان درز نەکاتە دەرەوە. بە بڕوای ئارێنت، مۆنۆپۆلی زانیاری و ڕاگەیاندن یەکێك لەو ئامرازە گرینگانەیە کە بە دەستی دەسەڵاتدارە تۆتالیتێرەکانەوەیە. بە هۆی گۆڕانکارییەکان و بەربڵاوی کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە ئەم کارتە وەکوو جاران کارتێکەریی لە سەر خەڵك نەماوە و ڕێژیم بە بڕینی هێڵی ئینترنێت دەیویست دیسان ئەوەی خۆی حەزیەتی لەم ناڕەزایەتییانە پیشانی خەڵکی بدات بەڵام ئەم هەوڵەی ڕێژیم پێشی بە درکاندنی زانیارییەکان نەگرت و پڕوپاگەندەکان نەیانتوانی پێش بە داماڵینی ڕەوایی درۆیین، کە ڕێژیم بۆ خۆی دروستی کردبوو، بگرن. یەك جیاوازی لە پێناسەی ڕێژیمە تۆتالیتێرەکان لە ڕوانگەی ئارێنتەوە لە گەڵ کۆماری ئیسلامی وەکوو ڕێژیمێکی تۆتالیتێر چەشنی ڕەوایی و بەرپرسیاریەتییە. ڕێژیمە تۆتالیتێرەکان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە ڕەوایی خۆیان لە خەڵکەوە وەردەگرن بەڵام کۆماری ئیسلامی ئیدیعای ڕەوایەتی ئاسمانی و خودایی دەکات. هەر ئەوەش وایکردووە کە هەموو جار بەرگی پیرۆزی ئایینی لە بەری جینایەتەکانی خۆی بکات. ڕەنگە بتوانین بڵێین ڕێژیم تا یەك دەیەی پێشوو بە مۆنۆپۆلی زانیاری و باڵی سەرکوتی توانیبێتی پێش لە قەیرانی ڕەوایی خۆی لە نێو خەڵکدا بگرێت، بەڵام بینیمان کە ڕاپەڕینی گەڵاڕێزانی پار حیکایەتی لە قەیرانی ڕەوایی ڕێژیم نەك لە کوردستان بەڵکوو لە سەرانسەری ئێران دەکرد.

## لە ٢٩ پارێزگا و سەدان شار بۆ ماوەی چەند ڕۆژ خەڵک هاتنە سەر شەقام. هێڵەکانی ئینێترنێت داخران. حکوومەت بە چەکی سووک و نیوە قورس کەوتە قەڵاچۆی خەڵک. بە پێی ڕیپۆرتی هەواڵدەری ڕۆیتێرز، ڕێبەری ڕێژیم فەرمانی دەرکرد بە هەر نرخێک دەبێت ئەم ناڕەزایەتییانە بێدەنگ بکرێن. ئەم هەواڵدەرییە هەژماری کوژراوانی ١٥٠٠ کەس ڕاگەیاند

یەك ساڵ بە سەر جینایەتی ڕێژیم لە گەڵاڕێزانی ساڵی پاردا تێپەڕ دەبێت، نە بکوژانی خەڵکی سڤیل دادگایی کران و نە دۆخی ئابووری خەڵك باشتر بوو.

ڕێژیم هێشتا ژیان و سامان و وڵاتی داگیر کردووە.

ئەوەی ڕاستی بێت تەنیا خەڵك خۆیانن کە ڕزگاریدەری خۆیانن. گەڕانەوەی بوێری و متمانە بۆ تاکەکان و پێوەندی نێوانیان و ڕێکخستن و شێلگیربوون لە سەر داواکانیان دەتوانێت ڕێژیمی تۆتالیتری ئایینی ئێران بۆ هەمیشە لە چاڵ بنێت.

---

# ویستگە

## کێشەی ژنانی کورد زۆر قووڵترە!



نووسین: هێمۆ

مانگی نۆڤامبر بە مانگی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژییەکان دژ بە ژنان ناسراوە. مانگێک کە لە هەموو کۆمەڵگاکان و لە سەرتاسەری دنیادا بە بەڕێوەبردنی چالاکی، پرۆژە و بەرنامەی جیاواز هەوڵ بۆ وشیارکردنەوەی تاکەکان دەدرێت تاکوو لانیکەم ڕێژەی توندوتیژییەکان بەرانبەر بە ژنان کەم بکرێتەوە.

لەم نێوانەدا لە وڵاتانی دواکەوتووی ژێرچەپۆکی هێزی داگیرکەر و ستەمکاردا، دۆخی ژنان زۆر زیاتر ئاڵۆزە.

ئەگەر کۆمەڵگای ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری نگریسی ئیسلامی لەبەرچاو بگرین دەبینین کە لەم ڕێژیمەدا بە درێژایی ٤١ ساڵە کە ژنان وەکوو کۆیلە و کەرەستەی چێژوەرگرتنی ئاغا و ئاغازادەکانی کۆماری ئیسلامی کەڵکیان لێوەردەگیرێت و لە ئەگەری دەربڕینی ناڕەزایەتی و دەنگهەڵبڕین بەرانبەر بەم ستەمەشدا وەکوو تاوانباری پلە یەک دەناسرێن و توندترین سزاکانیان بەسەردا دەسەپێت.

لە ڕاستیدا کۆماری ئیسلامی زیندانێکی زەبەلاحی بۆ خەڵکانی ئێران درووست کردووە کە توندترین ئازار و ئەشکەنجەکان نەتەنیا بەرانبەر بە ژنان بەڵکوو بەرانبەر بە هەموو تاکەکان، بە مافی بێ ئەملاوئەولای خۆی دەزانێت و وەکوو تاقیگەیەکی بەرین هەموو چەشنە ستەمێکیان لە سەر تاقی دەکاتەوە.

ئیدئۆلۆژیی کۆماری ئیسلامی دوژمنی پلە یەک و سەرسەختی ژنانە بەڵام نابێ ئەو ڕاستییەش لەبیر بکرێ کە توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگاش دەکەونە بەر جۆرەکانی توندوتیژیی ئەم سیستمە داپڵۆسێنەرەوە.

زۆر جار کە باس لە توندوتیژی دژ بە ژنان دەکرێت، تابلۆیەکی دیاریکراو لە بەرچاومان درووست دەبێ کە لایەنی بەرانبەری ئەم توندوتیژییە، پیاوانن. لە ڕاستیدا پیاوانیش خۆیان یەکێک لە قوربانیانن!

دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بە سەربازی زۆرەملێ، بە پێنەدانی کار، بە پێناسەی پیاو وەکوو بەخێوکەری بنەماڵە، بە جیاکردنەوەی کاری ژنانە و پیاوانە، بەهێنانەگۆڕی دەستەواژەی غیرەت و زۆر شتی دیکە هەوڵی داوە کە بە شێوەیەکی نەرمتر بەرانبەر بە پیاوان توندوتیژی بەکار بێنێت، دواتریش هەر گوشاری دەروونی بەهۆی ئەم کردارانەیە کە پیاوان وا لێدەکات کە بەبێ بیرکردنەوە ببنە بکەری سەرەکیی توندوتیژییەکانی دژ بە ژنان. لە ڕاستیدا هۆکاری سەرەکیی هەموو چەشنە توندوتیژییەکان لە کۆمەڵگای ئێراندا خودی دەسەڵاتە.

باوکێکی بێکار کە ناتوانێ بژێوی ژیانی بنەماڵەکەی دابین بکات، ناچار دەبێ کە منداڵەکەی بە زۆر بنێرێتە بەر کار، زۆر جاریش ناچار دەبێت کە چاو بنووقێنێ و لەشفرۆشی هاوسەرەکەی بخاتە پشتگوێ. کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا، بە شێوەی سیستماتیک هەوڵی بەردەوامی پەرەپێدانی توندوتیژییەکانی داوە. لە منداڵێکی بچووکی بنەماڵەوە کە میدیاکانی ڕێژیم دەبنە سەرچاوەی فێرکاری بۆی هەتا ژن و پیاوێک کە بەهۆی گوشاری ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسیی زاڵ بە سەر کۆمەڵگادا ناچار دەبن بە بێ ئەوەی کە بیانهەوێ خۆیان ببن بە سەرچاوەیەکی دیاری بەڕێوەبردنی توندوتیژییەکان بەرانبەر بە یەکتر. زۆر جار بینیومانە کە کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی پەروەردە، میدیا و دەنگەبەرەکان، سینەما و لە هەمووی گرینگتر یاساکانەوە بە شێوەیەکی سیستماتیک بەرانبەر بە خەڵکانی ئێران توندوتیژیی بەکارهێناوە. توندوتیژییەکانی کۆماری ئیسلامی لە دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر کچان پێش لە لەسێدارەدانەوە بگرە هەتا، ئەسیدپاشی کە بە فتوای ئاخوندەکانی سەر بە ڕێژیمی ئێران ڕوویان دا و بە دەیان جۆری دیکە باس لە دووقاتبوونی ئەم توندوتیژییانە بەرانبەر بە ژنان دەکات، بەڵام ئەوەیکە دەبێ گرینگی پێ بدرێت ئەو توندوتیژییانەیە کە بەرانبەر بە نەتەوە ژێردەستەکان دەکرێت کە هەمیشە زیاتر و دیارتر بووە. ژنانی کورد بەپێچەوانەی ژنانی ناوەند کە لە سەر پرسگەلێکی وەکوو حیجابی زۆرەملێ و ئازادی پۆشش دێنە سەرشەقامەکان، هەمیشە لە خەباتی نەتەوایەتیدا وەکوو پێشەنگ ڕۆڵیان گێڕاوە، هەر بۆیە توندوتیژییە سیستماتیکەکانی کۆماری ئیسلامی بەرانبەر بە ئەوان زەقتر و بەرچاوتر بووە، کۆماری ئیسلامی بە دەستدرێژی و شکاندنی کەرامەتیان، بە قەدەغەکردنی جلوبەرگ و زمانیان، بە پێناسەکردنی پیاوانی کورد بە کەسانێکی غیرەتی کە ژنەکانیان بە ناموسی خۆیان پێناسە دەکەن و بە زۆر ئاکار و کردەوەی دیکە ستەمێکی زۆر زیاتر لە ژنان دەکەن. پرسی ژنی کورد هەمیشە پرسێکی جیا لە پرسی ژنانی ناوەند بووە و هەربۆیە ژنانی کورد زیاترین نرخ و زیاترین گیانبازیشیان لە بەرانبەر پرسەکانی خۆیاندا هەبووە، ئەوان بە هەموو چەشنە تێکۆشانێک لە چەکدارییەوە بگرە هەتا مەدەنی هەوڵیان داوە تاکوو بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە پرسەکانی خۆیان بەیان بکەن و چارەسەریان بکەن کە لەم پێناوەشدا بە هاتنە سەر شەقام و هەڵگرتنی چەک لە ڕیزی پێشەوەی خەباتی نەتەوایەتیدا هەوڵیان بۆ دابینکردنی مافە مرۆییەکانی خۆیان داوە، مەگەر جگە لەوەیە کە دەستەبەربوونی مافی نەتەوایەتی و سەرەوەریی خاک و نیشتمان دەتوانێ ئاسایش و ئارامییان بۆ بەدیاری بێنێت؟

بۆیە زۆر جار وتراوە و پێویستە کە دووبارە بوترێتەوە کە کێشەی ژنانی کورد زۆر قووڵترە! ئەوان بە درێژایی مێژوو لە بەرانبەر هیچ ستەمێکی سیستماتیکی داگیرکەراندا ملیان کەچ نەکردووە و هیچکاتیش نایکەن، ژنان ئاڵاهەڵگرانی خەباتێکی بێپسانەوە بە دژی توندوتیژی و ستەمی داگیرکەرانی کوردستانن و بەردەوامیی خەباتەکەیان موژدەبەخشی داهاتوویەکی ڕوون بۆ منداڵانی نیشتمانە.




ئیبراهیم لاجانی

## شۆڕش لە یاسا و پێوەندییە نێونەتەوەییەکاندا

یاسای نێونەتەوەیی لەمێژە هەندێک دوکتۆرین و ستانداردی بۆ پارێزگاری لە دەستە و تاقمە ئینسانییەکانی وەک کۆیلەکان، کەمایەتییەکان، خەڵکە بومییەکان و سەربازانی نەخۆش و بریندار لە مەیدانی شەڕدا، پەسند کردوون.

بە جۆرێک کە ئەو ستاندارد و دامەزراوە قانونییانە ئێستا بوونەتە بناخەی یاسای نێونەتەوەیی مافەکانی مرۆڤ لە دەورانی تازەدا. لەوەش زیاتر بەشێک لەو ستاندارد و دوکتۆرین و دامەزراوە قانونییە قەدیمییانە توانیویانە، شانبەشانی یاسا مۆدێرنە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ درێژە بەژیانی خۆیان بدەن، یان ببنە بەشێکی گرنگ لەوان. لەڕاستیدا بە چاوخشاندنێکی خێرا بەسەر چۆنیەتی و مێژووی گەشەکردنی یاسای مافەکانی مرۆڤدا، بۆمان دەردەکەوێ کە پرەنسیپ و ستاندارده سوننەتییەکانی حقووقی نێونەتەوەیی کاریگەری و شوێنەوارێکی زۆریان لەسەر پەرەسەندنی ئەو یاسایە هەبووە.(P.G. Lauren,The Evolution of International Human Rights: ١٩٩٨)

> **ئەوەی لەوبارەوە لە پێوەندی لەگەڵ پەرەسەندنی مافەکانی مرۆڤدا زۆر گرنگە ئەو ڕاستییەیە کە ئێستا لە سەرتاسەری دونیادا تادێ ژمارەیەکی زۆرتر لە ئینسانەکان، دەستە و تاقمە ئینسانییەکان، کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکان، کەمایەتییە میللی و مەزهەبی و زمانی و فەرهەنگییەکان،**
> **بەو قەناعەتە دەگەن و بڕوا بەوە پەیدا دەکەن کە ئەوان خاوەنی هەندێک ماف و ئازادی بنەڕەتین کە بەشەرییەت بۆ ئەوانی بە ڕەسمی ناسیون و ئەرکی سەرشانی دەوڵەتەکان و کۆمەڵگای نێونەتەوەییە کە بێ هیچ چەشنە هەڵاواردنێک ئەو ماف و ئازادییانە بۆ ئەوان دابین و دەستەبەر بکات**

بەڵام ئەوەی بە شێوەیەکی بەرچاو یاسای هاوچەرخی مافە نێونەتەوەییەکانی مرۆڤ، لە یاسا و ستاندارد و دامەزراوەکانی دیکەی پێش خۆیان جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە ئێستا ئینسانەکان، وەک تاک، تەنیا بەهۆی ئینسان بوونیان، نەک لەبەر ئەوەی کە هاووڵاتی دەوڵەتێکن، ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانیان لە پەیماننامە و کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤدا بۆ بە ڕسمی ناسراوە.

هەر ئێستا لە ئاستی دونیادا گەلێک دامەزراوە و نیهادی نێونەتەوییمان هەن کە لەباری قانونییەوە سەلاحیەت و دەسەڵاتی ئەوەیان هەیە کە لێپرسینەوە و لێکۆڵینەوە لەو دەوڵەتانە بکەن کە ماف و ئازادییەکانی هاووڵاتیانی خۆیان بە شێوەیەکی بەرین پێشێل دەکەن. یا هەر دەوڵەتێکی دیکە کە یاسا نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ وەبەر چاو ناگرێ، بخەنە ژێر پرسیار و تەنانەت سزاشی بدەن.

گومان لەوەدا نییە کە ئەو دامەزراوە نێونەتەوەییانە وەک پێویست و بەگوێرەی ئەو چاوەڕوانییانەی لێیان دەکرێ، کارا نین. نە لە سزادانی ئەو دەوڵەتانەدا کە مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکەن هەمیشە بەوەخت و کارا دەجوڵێنەوە، نە لە قەرەبووکردنەوە و بە هاناوەچونی قوربانییەکانی پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤدا هەمیشە سەرکەوتوون. بەڵام گرنگ ئەوەیە کە ئێستا ژمارەیەکی زۆر پەیماننامە و کۆنڤانسیۆنی جۆراوجۆرمان لە ئاستی نێونەتەوەییدا هەن کە هەموویان پێکەوە بەشێکن لە یاسای نێونەتەوەیی و دەوڵەتەکان و کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لەسەر دابین و دەستەبەرکردنیان ڕێک کەوتون.

> **هەژاری و نەداری لەڕادەبەدەر، بێسەوادی و نەخوێندەواری،**
> **گەندەڵی سیاسی و ئابووری، سەرکوت و جیاوازیدانان و هەڵاواردنی جۆراوجۆر کە لە ڕادەیەکی بەریندا بەسەر گەلان و چین و توێژەکانی خەڵکدا سەپێنراوە. هەموو ئەوانە لە زۆر شوێن وێکڕا دەستیان وێک داوە و هەلومەرجێکیان خوڵقاندووە کە ناهێڵن خەڵک کەڵک لەو ماف و ئازادییانە وەرگرن کە یاسای نێونەتەوەیی مافەکانی مرۆڤ بۆ ئەوانی بە ڕەسمی ناسیوە**

لە لایەکی دیکەشەوە ژمارەیەکی زۆر دامەزراوەی نێونەتەوەیی بۆ پیادەکردن و بردنەپێش و چاودێری چۆنیەتی بەڕێوەچونیان پێکهاتوون و دەسەڵاتی قانوونی و مەشروعیەتی نێونەتەوییان بۆ کار و ئیقداماتی پێویست هەیە. هەموو ئەوانەش پێکەوە مەسەلەی ڕێزگرتن و وەبەرچاوگرتن و بردنەپێشی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤیان کردۆتە دیسکۆرسی زەمانە و لە ئاستی دونیادا چاوەڕوانییەکی بەرینیان لەو پێوەندییەدا لە نێو گەلان و کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکاندا پێکهێناوە.

بەوجۆرە چوونەپێش و پەرەسەندنی مافەکانی مرۆڤ لەو ئاستە بەرینەدا، فەزا و ئەتمۆسفێرێکی سیاسی ئەوتۆی خوڵقاندووە کە ئیدی ئێستا داخوازی بۆ پاراستن و دابین و دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ و کەمایەتییەکان بۆتە بەشێکی ئەساسی لە ئەجێندای سیاسەت و دیسکۆرسی سیاسەتی نێونەتەوەیی و لە پێوەندییەکانی نێوان دەوڵەتەکان و ڕێکخراوە دەوڵەتی و نێودەوڵەتییەکاندا. لەوەش

ڕایەڵکەیەکی بەرین لە ئاستی نێونەتەوەییدا لە ڕێکخراوە غەیرە دەوڵەتییەکان بۆ دیفاع لە ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ پێک هاتوە کە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر وەزعی سیاسی دونیا هەیە و هیچ هێز و لایەنێک ناتوانێ حاشا لە کاریگەرییەکانی بکات و نەیبینێ.

بە تەواوبوونی شەڕی سارد لە سەرەتاکانی دەیەی دوایی سەدەی ڕابردوودا، کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لەو بارەوە هەنگاوێکی دیکەش بەرەو پێشەوە چوو. کۆتایی شەڕی سارد ئەو فەزایەی خوڵقاند کە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بە شێوەیەکی بەرین ئەو ڕاستییە قبووڵ بکات کە دابینبوونی دێموکراسی بە پێشمەرجی دابین و دەستەبەرکرانی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ بە حیساب دێت. (Carothers,Democracy and Human rights: policy allies or Rivals? ١٩٩٤)

ئەو ئاڵوگۆڕانە بوون بە هۆی ئەوەی کە لە ئاستی نێونەتەوەییدا دێموکراسی و مافی هەڵبژاردن و بەشداری لە پرۆسەی سیاسیدا وەک شەرتی بنەڕەتی بۆ پیادەکردنی مافەکانی مرۆڤ بناسرێ. پرەنسیپێک کە هەلومەرجی لەبار بۆ دابینکردنی مافەکانی مرۆڤ دەخوڵقێنێ و ئەو دەرفەتەش بە هاووڵاتی دەدات تا بە شێوەیەکی پرمانا لە پرۆسەی بریاردان و سیاسەت سازیدا بەشدار بیت و بەو جۆرە نەخشی بەرچاو لە شکڵ پێدان و بەرزکردنەوەی کەیفیەتی ژیانی خۆی و کۆمەڵگادا بگێڕێ. (Frank, legitimacy and the Democratic entitlement, in G.Fox &B. Rothe, Democratic Law and international law ٢٠٠٠, also Fox " The Right to political participation")

ئەوەی لەوبارەوە لە پێوەندی لەگەڵ پەرەسەندنی مافەکانی مرۆڤدا زۆر گرنگە ئەو ڕاستییەیە کە ئێستا لە سەرتاسەری دونیادا تادێ ژمارەیەکی زۆرتر لە ئینسانەکان، دەستە و تاقمە ئینسانییەکان، کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکان، کەمایەتییە میللی و مەزهەبی و زمانی و فەرهەنگییەکان، بەو قەناعەتە دەگەن و بڕوا بەوە پەیدا دەکەن کە ئەوان خاوەنی هەندێک ماف و ئازادی بنەڕەتین کە بەشەرییەت بۆ ئەوانی بە ڕەسمی ناسیون و ئەرکی سەرشانی دەوڵەتەکان و کۆمەڵگای نێونەتەوەییە کە بێ هیچ چەشنە هەڵاواردنێک ئەو ماف و ئازادییانە بۆ ئەوان دابین و دەستەبەر بکات. جا ئەوە چ مافە مەدەنی و سیاسییەکان بن، یا مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان یا ئەو مافانەی دیکە کە پێیان دەگوترێ مافە دەستە جەمعی یان بەکۆمەڵەکان یا نەوەی سێهەمی مافەکان. وەک ئاشتی، دێموکراسی، ژینگەیەکی خاوێن، مافی نەتەوەکان بۆ دیاری کردنی چارەنوسی میللی خۆیان و هتد.

ئەو چاوەڕوانییەی کە بەو جۆرە لە ئاکامی پەرەسەندنی مافەکانی مرۆڤدا بەو ڕادە بەرینە لە نێو گەلان و میللەتاندا و لە ئاستی نێونەتەوەییدا هاتۆتە گۆڕێ، بارودۆخێکی خوڵقاندووە کە ئیدی بۆ دەوڵەتەکان زۆر سەخت و دژوارە کە هەروا ئاسان هەبوون و لەگۆڕێدابوونی ئەو یاسایانە پشتگوێ بخەن یان حاشایان لێ بکەن. لەوەش زیاتر ئەو

واقعیەتە ڕێگای بۆ وەبەرچاوگرتن و بردنەپێش و دابین و دەستەبەرکردنی ئەو ماف و ئازادییانە لە ئاستی دونیادا خۆشتر کردووە. بەواتایەکی دیکە ئەوەی لەوبارەوە ئێمە خەریکە دەیبینین لە ڕاستیدا بە شۆڕشی مافەکانی مرۆڤ بە حیساب دێت.

دەسکەوتەکان لەو پێوەندییەدا زۆرن، بەڵام دەبێت ئەو دەسکەوتانە باشتر و بە قودرەتێکی زۆرترەوە بچەسپێنرێن و سەقامگیرتر بکرێن.

لەو پێوەندییەدا ئەو یاسا و قانوونانەی کە بۆ دابین و دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ پێویستن، ئێستا لە ئاستی نێونەتەوەییدا بە شکڵی پەیماننامە و کۆنڤانسیۆن هەن و لە قانوونی نێونەتەوەییدا جێی خۆیان گرتووە . ئەوەی جێگای داخە ئەوەیە کە چ لە ئاستی نێونەتەوەییدا و چ لە ئاستی میللی وڵاتە جۆراوجۆرەکاندا، ئەو دادگا و دامەزراوە قەزاییانەی کە دەبێت ئەو ماف و ئازادییانەی لەو پەیماننامانەدا بە ڕەسمی ناسراون پیادە بکەن و بەرنەپێش، هێشتا لاوازن. (Buergenthal, the Evolving International Human rights System, ٢٠٠٦)


کەواتە ئەرکی هەرەگەورە ئێستا ئەوەیە کە مرۆڤایەتی بە گشتی و بزووتنەوەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ بەتایبەتی، تێبکۆشن گرینگی بدەنە یاسای نێونەتەوەیی مافەکانی مرۆڤ. ئەوەش لە ڕێگای بەهێزکردن و قودرەت بەخشین بەو میکانیزم و سازوکارانەوە دەکرێ کە لە ئاستی نێونەتەوەییدا بۆ پیادەکردن و چاوەدێریکردن بەسەر بەڕێوەچوونی ئەو پەیماننامە و کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییانەدا، دامەزراون کە ئەرکیان بریتییە لە دەستەبەرکردنی مافەکانی مرۆڤ بۆ هەموو کەس. بەجۆرێک کە لە هەموو گۆشە و کەنارەکانی دونیادا پیادە بکرێن.

پێوستە لێرەدا ئەوەش بڵێین کە چونەپێش و پیادەبوونی ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ لە هەندێک شوێنی دونیادا لەگەڵ گیروگرفتی گەورە بەرەوڕووە. هەژاری و نەداری لەڕادەبەدەر، بێسەوادی و نەخوێندەواری، گەندەڵی سیاسی و ئابووری، سەرکوت و جیاوازیدانان و هەڵاواردنی جۆراوجۆر کە لە ڕادەیەکی بەریندا بەسەر گەلان و چین و توێژەکانی خەڵکدا سەپێنراوە. هەموو ئەوانە لە زۆر شوێن وێکڕا دەستیان وێک داوە و هەلومەرجێکیان خوڵقاندووە کە ناهێڵن خەڵک کەڵک لەو ماف و ئازادییانە وەرگرن کە یاسای نێونەتەوەیی مافەکانی مرۆڤ بۆ ئەوانی بە ڕەسمی ناسیوە. دەبێ ئەو ڕاستییە قبووڵ بکەین کە ئەو گیروگرفتانە، ئەو کەندوکۆسپانە تەنیا لە ڕێگای یاسا و پەیماننامە نێونەتەوەییەکان و میکانیزمەکانی جێبەجێکردنی مافەکانی مرۆڤەوە چارەسەر و ڕیشەکێش ناکرێن.

چارەسەری ئەو گیروگرفتانە و تەختکردنی ئەو کەندوکۆسپانە پێویستی بە هاوکاری و هاوپێوەندیی نێونەتەوەیی و بەڕێوبردن و پیادەکردنی پلان و بەرنامە جۆراوجۆرەکانی پەرەسەندنی هەموولایەنە هەیە. بە جۆرێک کە پێداویستییەکانی هەر کام لە وڵاتە جۆراوجۆرەکان بە شێوەیەکی تایبەتی وەبەرچاو بگیرێ. گرنگترینی ئەو بەرنامانە بریتین لە یارمەتییە ئابوورییەکان بۆ ڕیشەکێشکردنی هەژاری، بردنەپێشی پرۆگرامەکانی لەنێوبردنی نەخوێندەواری، دامەزراندنی بنکەو بنیاتەکانی لەشساخی و بێهداشت و دەرمان، پەرەپێدانی دێموکراسی و کولتوری مافەکانی مرۆڤ. پەرەپێدانی تۆلێرانس لە پێوەندییەکانی نێوان ئینسانەکان و لە پێوەندییەکانی نێوان دەستە و تاقمە ئینسانی و کۆڕ و کۆمەڵە ئیتنیکی و مەزهەبییەکاندا. لە هەمووی گرنگتر دامەزراندنی کۆڕ و کۆمەڵ و ڕێکخراوی جۆراوجۆر لە ئاستی ناوچەیی و مەحەللیدا بۆ دیفاع لە مافەکانی مرۆڤ و بردنەپێشی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان بە هەنگاوێکی گەورەی خەبات لە پێناو جێبەجێکردنی مافەکانی مرۆڤدا بە حیساب دێت.

خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و باقی حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکەی کوردستان،لە ئاستی کۆمەڵگای کوردستاندا، بۆ دابینکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان، باشترین و گونجاوترین هەوڵ و تێکۆشانە کە لە ئاستی کوردستان و ئێراندا بۆ دیفاع لە مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان بەڕێوە دەچێ. هەربۆیە کار و تێکۆشان لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بنەڕەتڕا، کار و تێکۆشانە بۆ پیادەکردنی ئەو ماف و ئازادییانەی کە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بۆ خەڵکی کوردستانی، وەک بەشێک لە کۆمەڵگای ئینسانی، بە ڕەسمی ناسیون.

# سیاسەتی نوێی جۆ بایدن به سوودی تاران نابێت



**محەممەد سلێمانی**

کاربەدەستانی ڕێژیمی ئاخوندی ئێران و بەتایبەتیش بڕیاربەدەستە باڵاکانی تاڕادەیەك دڵیان بەوە خۆش کردووە کە بایدن وەك سەرۆكی تازە هەڵبژێردراوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سیاسەتی وڵاتەکەی لەهەمبەر تاراندا بگۆڕێ و بگەڕێتەوە بۆ ڕێککەوتنی بەرجام و بەو پێیەش ئێران بە ئامانجەکانی خۆی دەگات.

لەو پەیوەندییەدا و کۆی بەربەست و ئاستەنگەکانی سەر ڕێگایان لادەچن و بەردەستیان ئاواڵە دەکرێتەوە.

ڕێژیمی ئاخوندی کە بە سەرچاوەی فیتنەی ناوچە ناسراوە و بەردەوام دژایەتی پێگە و نفووزی ئەمریکا دەکات، ئیدارەی بایدن هەستی بەوە نەکردووە کە ئێران وەك وڵاتێکی مەترسیداری ناوچەکە، بە ڕەفتار و کردارەکانیدا چووبێتەوە و کارێکی ئەوتۆی کردبێت کە شیاوی ڕەزامەندی ئەمریکا بێت و بە نەرمی لەگەڵیدا بڕۆنە بەرەوە.

لەبەر ئەوەی سیاسەتی نەرم و هێوری ئەمریکا لە سەردەمی ئۆبامادا زیاتر تارانی هار کرد و کردیە ئەو ڕێژیمە بە ئاشکرایی دژایەتی لەگەڵ ئەمریکا بکات و لە ڕووی سەربازییەوە توانا بەرگرییەکانیەوە خۆی بەهێزتر بکات.

بەهۆی کۆمەڵێك ڕووداوی سیاسی و ئابووری و سەربازی کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ناوچەییدا هاتوونەتە بەرەوە بێگوومان مەترسیان لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی بەشێك لە وڵاتان و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دروست کردووە و هۆکاری ئەو ناسەقامگیرییەش بە پلەی یەکەم خۆتێهەڵقوورتاندنی ڕێژیمی ئاخوندی ئێرانە و بەردەوام ئەو وڵاتە بە سەرچاوەی ژاوەژاوی سیاسی و تێکچوونی هاوکێشە ناوچەییەکان دەزانن و ڕوانینی سیاسەتی هەندەرانی دیمۆکراتەکانیش، لەسەر تاران گۆڕانی بەسەردا هاتووە و ستراتیژی و سیاسەتێکی نوێتر سەبارەت بە دەسەڵاتی تاران بەڕێوە دەبرێت و پێناچێت هەڵەی ڕابردوویان دووبارە بکەنەوە و کارێك بکەن گوشارەکانی سەر ئەو وڵاتە لابەرن و دەرفەتی هەستانەوەی زیاتری بۆ بڕەخسێننەوە.

سەرۆك و بڕیاربەدەستە سیاسییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەر لەهەر شتێك ڕەچاوی بەرژەوەندی نەتەوەیی و ئاسایشی سیاسی و ئابوورییەکانی وڵاتەکەیان دەکەن و بەپێچەوانەی ئامانجە بنەڕەتییەکانی گەلی ئەمریکا هەنگاو هەڵناگرن و ئەو وڵاتەش بەدیاریکراوی دژی لێدان و لاوازکردنی ئەمریکا زۆر بە جیددی کار دەکات، حکوومەتی ئاخوندی تارانە و لە ئێستادا وەك نەیار و دژبەرێکی سەرسەختی خۆیانی تەماشا دەکەن.

حکوومەتی تاران هەرچەندە بە ڕەسمی ئەوەیان ڕانەگەیاندووە، بەڵام دڵیان بە سەرکەوتنی بایدن خۆشە و چاوەڕێی ئەوەن بە فەرمی گوێبیستی ئاڵوگۆڕ لە سیاسەتی ئەو وڵاتە سەبارەت بە پێوەندییەکانیان لەگەڵ دەسەڵاتی ئاخوندی دەکەن و، بە شکستی ترامپ وەك سەرسەختترین نەیاری ڕێژیمی ئاخوندی، گۆڕانێکی فراوان لە ئیدارەی بایدن سەبارەت بە ئێران ڕوودەدات و گوشارە سیاسی و ئابوورییەکان بە خێرایی لادەچن و بەقەولی پێشبینییەکانی پشتی پەردەی سیاسەتی دەرەوەی تاران ئەو سیاسەت و بەرنامەی هەیانە بۆ بەهێزبوون و سەپاندنی هێژمۆنیان بەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەمووی جێبەجێ بکەن و ڕۆڵی بەرچاوتریان بگێڕن و مەترسی زیاتر لە سەر هاوبەش و دۆستەکانی کۆشکی سپی زیاد بکەن.

چاوەڕوان ناکرێت لە مێژووی پەیوەندییە سیاسی و دیپلۆماسییەکانی واشینگتۆن و تاراندا دەرفەتی ئەوتۆ زێڕین بە سوودی حکوومەتی ئاخوندی بێتە بەرەوە کە کەڵکی بۆیان هەبێت و بە ئارەزووی دڵیان هەڵسوکەوت بکەن و بایدن بە گەڕانەوەی بۆ بەرجامیش، مەرجی نوێیان دەبێ و ئێستا ئێران لە پیتاندنی ئۆرانیۆمدا بە ڕێژەیەکی بەرچاو چۆتە پێشەوە و بێگومان جۆ بایدن کە ئەرکی پاراستنی هاوبەش و دۆستە ستراتیژی و ناوچەییەکانی دەکەوێتە سەرشانی، پێویستە زیاتر لە سەرۆکی پێش خۆی دەستی ئێران بە تەواوی کورت بکاتەوە.

ڕێژیمی ئاخوندی دەمێکە دڵی خۆی بەوە خۆش کردووە کە سەردەمی سەرۆکایەتی بایدن بەسوودی بەهێزبوونەوەی پەیوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی حکوومەتی تاران دەبێ و سیاسەتی نوێی ئەمریکا هێور و سەلیمتر دەبێ و ئەو بڕیارە توند و گوشارانەی لە سەردەمی ترامپدا بەسەریاندا، فەرز کراوە، ئەگەر هەر هەمووشیان لەسەر ئێران لانەدرێن، لانیکەم بە قازانجی حکوومەتی ئاخوندی سووکتر بکرێن و، بە زوویی بەشێك لە گەمارۆ و فشارە سیاسی و ئابوورییەکانی سەر تاران هەڵگیرێن و دیالۆگ و دیداری نوێ دەست پێ بکاتەوە. ئەگەر تۆزێك ژیرانە بڕوانینە ڕووداوەکانی ڕابردوو و ململانێی تاران لەگەڵ نەیارەکانی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ناوچەییدا، دەرکەوتووە کە ئێران بە کۆی ئەو ئامانجانەی نەگەیشتووە کە خۆیان ویستوویانە و کاتێك لە سەردەمی ئۆبامادا ئەوەیان بۆ نەلوا، چاوەڕوان ناکرێت کۆشکی سپی زەمینەی هاوشێوەیان بۆ بڕەخسێنێتەوە و ئەوەندە لێك نزیك ببنەوە کە ڕێککەوتنێکی تری هاوشێوەی بەرجام ئەنجام بدرێت. سەردەمی سەرکۆماری ئۆباما هەلێکی زۆر زێڕین بوو بۆ ڕێژیمی ئاخوندی و سوودی باشی لێ بینی، بەڵام ئەوە جارێکی تر لە سیاسەتی ئەمریکادا سەبارەت بە ڕێژیمی ئاخوندی ڕوونادات‌ەوە لە سەر دەستی ئیدارەی نوێی ئەو وڵاتە و ئەوەی تاران بەردەوام بە نەیار و دژبەری خۆیان دەانی لەسەر ئاستی ناوچەییدا و هەڕەشەی لەنێوبردنیان لێدەکات، هاوبەش و دۆستە نزیکەکانی ئەمریکان و چۆن وڵاتێکی وەك ئەمریکا و پاشان سەرۆکێکی وەك جۆ بایدن ڕێگا بە تاران دەدات لە هاوبەش و دۆست و هاوپەیمانی ئەمریکان و سیاسەتی دیمۆکراتەکانیش ئەوە نابێ کە پشتی هاوبەشەکانیان بەر بدەن و تاران زەفەریان پێ بەرێت و لەوەی زیاتر زیان بە متمانەی ئەو وڵاتە بگات.

بەشێك لە سیاسییەکانی ئەمریکا و گێتی لەسەر سیاسەتی داهاتووی ئەمریکا لەسەر ئەوە خاڵە کۆکن کە «جۆ بایدن» هەڵەی ئۆباما دووبارە ناکاتەوە و، دەرکەوت کە ئێران بەقسەی خۆش و سیاسەتی هێور بە ڕەفتار و کردارەکانیدا ناچێتەوە و کاتێك تاران زیاتر پێشڕەوی کرد کە ئەمریکا تاڕادەیەك بەر دەستی بەرچاوی ئەوان مەترسی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی دۆستەکانیان ساز بکرێت! دەسەڵاتی ئاخوندی بەڕادەیەك دووچاری سەرلێشێواوی و لەدەستدانی باڵانسی سیاسی و دیپلۆماسی هاتوون کە تەنانەت ئەوەی لە بیرکردووە کە ئەمریکا ئەوجار وەك ترامپ پشتی دۆستەکانی بەر نادات و بەجیددی بۆ بەهێزبوون و سەقامگیری سیاسی ناوچەیی لەگەڵ دۆستەکانی بەچڕی کاردەکات کە ئەوەش هیچ لە بەرژەوەندی تاراندا نییە و بگرە دەبێتە هۆی زیاتر تەریك کەوتنەوە و هەوسارکردنی ئەو ڕێژیمە کە دژی هەر جۆرە هەنگاوێکی ئاشتییانەی نێوان وڵاتانی ناوچەکەیە و لە ئێستاشدا لە فیکری ئەوەدایە کە چۆن پێش بە ڕەوتی ئاشتی و هاوکاری لە نێوان وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیل بگرێت.

چاوەڕوان ناکرێت لە مێژووی پەیوەندییە سیاسی و دیپلۆماسییەکانی واشینگتۆن و تاراندا دەرفەتی ئەوتۆ زێڕین بە سوودی حکوومەتی ئاخوندی بێتە بەرەوە کە کەڵکی بۆیان هەبێت و بە ئارەزووی دڵیان هەڵسوکەوت

سیاسەتی ئەمریکا لە بەرامبەر تاراندا جیاوازییەکی ئەوتۆی نابێ و گۆڕانێکی ئەوتۆ بە سەر سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتەدا نایەت کە دەرفەت بە تاران بداتەوە لەوەی زیاتر چاو لە دژبەرەکانی سوور بکاتەوە و دژایەتی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابووری و بازرگانییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکات. دەسەڵاتی تاران ئەگەر بە شێوەی سەرزارەکی هەوڵی دانیشتن و دیالۆگ لەگەڵ سەرۆکی تازەی ئەمریکادا بکات، بەر لە هەر شتێك دەیانهەوێت جۆ بایدن گەمارۆ سیاسی و ئابوورییەکانی سەر تاران لابدات .

سیاسەتی نوێی ئەمریکا ئەوە دەبێت کە پەیوەندییەکانی لەگەڵ هاوبەش و دۆستە سیاسی و ستراتیژییەکانی لە سەر ئاستی نێودەوڵەتیدا زیاتر بەهێز بکا و ئەو دڵساردی و بێ متمانەییەی لە دەورانی ترامپدا هاتۆتە ئاراوە، باشی بکا و هەموو لایەك لەوە دڵنیا بکاتەوە کە ئەمریکا دەیانپارێزێ و لاوازبوون و بەهێزبوونی ئەمریکا بەندە بە بەهێزبوونی دۆستەکانی، ئەو وڵاتانەی کە حکوومەتی تاران بە نەیاری خۆیانی ئەزانێت و دژایەتی تەواویان لەگەڵ دەکات کە بەشی زۆریان ئەو وڵاتەی واڵا کرد و کۆمەڵێك ئیمتیازی پێدا و سیاسەتی نەرم و هێوریان بەرامبەر تاران پەیڕەو کرد.

سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لەهەمبەر ڕێژیمی ئاخوندی و ڕفتار و کردەوەکانی دەسەڵاتی تاراندا، ناگەڕێتەوە ئەو دۆخەی کە ئۆباما گەلێك پاشەکشەی لە بەرامبەر ئێراندا ئەنجام دا، بۆ ئەوەی ئەو وڵاتە لە دەستڕاگەیشتنی بە چەکی ناوکی ڕابگرێ و پابەندی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی بکات و ڕێز لە دیمۆکراسی و هەوڵی سەقامگیری سیاسی و ئاسایشی ناوچەیی بدات و چیتر دژایەتی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا نەکا و ڕێزی ڕێککەوتن بگرێ.

بەڵام بە هەق تاران بەپێچەوانەی گفت و بەڵێنییەکانی خۆی هەنگاوی نا و ئێستا لە دەستڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی زۆر نزیك بۆتەوە و پاش ئەوەی گەمارۆی مامەڵەی کڕین و فرۆشتنی چەك بەو وڵاتە کۆتایی هاتووە، خۆیان ئامادە کردووە کە ترامپ نەبێتەوە سەرۆکی ئەمریکا، دەست بە کڕینی کۆمەڵێك چەك و کەرەستەی پێشکەوتووی بەرگری بکات کە بتوانێ زیاتر مەترسی لەسەر نەیار و هاوپەیمانەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و خۆی ئەمریکاش دروست بکات.

پاشان ئێران جگە لەوەی لەو بوارەدا پێشکەوتنی گەورەی بەدەست هێناوە، هەر بەو ڕادەیەش مەترسی لەسەر دۆست و هاوپەیمانە سیاسی و ستراتیژییەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دروست کردووە و ئەگەر بێت و ئیدارەی نوێی ئەمریکا بە سیاسەتی نەرم و نیانی لە گەڵ تاراندا بڕواتە پێشەوە، بەدڵنیاییەوە زیانی گەورەتر بە پێگە و نفووزی سیاسی و ئابووری ئەو وڵاتە دەگات و ئێران زیاتر کۆنترۆڵی ناوچە ستراتیژییەکانی هەژموونیەتی دەکات کە بێگوومان بە سوودی ئەمریکا نابێ و لێی زەرەرمەند دەبێت. سیاسەتی ئەمریکا بێگوومان بە تەنیا سەرکۆماری ئەو وڵاتە دیزاینی ناکا بەڵکوو کۆمەڵێك ڕاوێژکاری بە ئەزموونی سیاسی و مێژوویی کە بەتەواوی شارەزای ئاڵوگۆڕە نێودەوڵەتییەکانن، ستراتیژی سیاسی و ئاسایشی نەتەوەیی و ئابووری ئەمریکا دیاری دەکەن و دواجار بڕیاری لەسەر دەدەن و بەدڵنیاییەوە جۆ بایدن نایهەوێ تەکلایەنە بڕیارە گرینگە سیاسی و نەتەوەییەکان بدات و بەگشتی سیاسەتێك پەیڕەو دەکرێت کە ئیدارەی نوێدا کە بەرژەوەندی گشتی وڵاتەکەیانی تێدا بەتەواوی بەرجەستە کرابێ و بەمەیلی کەس یان چەند کەسێکی بازرگان نابێت.

دیمۆکراتەکانیش بەو نەتیجەی گەیشتوون کە ئێران وڵاتێك نییە کە بە نەرمی لەگەڵی دیالۆگ ئەنجام بدەی بەڵکوو تاران بۆ هەمیشە ئەو شانسەی خۆی بەتەواوی لەسەردەمی دەسەڵاتی ئۆبامادا لە دەست دا و لە داهاتوویەکی نزیکدا جۆ بایدن براوەی هەڵبژاردنی پۆستی سەرکۆماری ئەمریکا دەگاتە سەر کورسی دەسەڵاتی بەهێزترین وڵاتی جیهان و بێگومان کۆمەڵێك ئەرك و بەرپرسیارەتی گەورەی سیاسی و نیشتیمانی لەسەر شانە و سەرەتا دەبێت ئەو وڵاتە بگەڕێنێتەوە بۆ ڕێککەوتنی پاریس و پاشان بەهێزترکردنەوەی ناتۆ و ئاساییکردنەوە پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ئۆرووپا کە بۆ ئەمریکا گرینگی تایبەتی خۆی هەیە.

پێشبینی ئەوە دەکرێت کە جۆ بایدن سەرکۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سیاسەتێکی نوێ و چڕتر کە تێیدا تاران زیاتر لەغاو بکرێت، بەدژی ڕێژیمی ئاخوندی بەڕێوە ببات و ئەو سووکایەتییەی بە هێزەکانی ئەمریکا و سەمبولەکانی ئەو وڵاتە بە بڕیاری سیاسییەکانی ئێران کراون لە عێراق و وڵاتانی تردا، شتێك نین بەلایانەوە سادە و کەم بن و بایدنیش لە بیری ناچێ و ئەو هەقەیان بە شێوەیەکی تر لێ دەکاتەوە.

سیاسەتی ئەمریکا لە بەرامبەر تاراندا جیاوازییەکی ئەوتۆی نابێ و گۆڕانێکی ئەوتۆ بە سەر سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتەدا نایەت کە دەرفەت بە تاران بداتەوە لەوەی زیاتر چاو لە دژبەرەکانی سوور بکاتەوە و دژایەتی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابووری و بازرگانییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکات

ئەگەر بێت و ئیدارەی نوێی ئەمریکا بە سیاسەتی نەرم و نیانی لە گەڵ تاراندا بڕواتە پێشەوە، بەدڵنیاییەوە زیانی گەورەتر بە پێگە و نفووزی سیاسی و ئابووری ئەو وڵاتە دەگات و ئێران زیاتر کۆنترۆڵی ناوچە ستراتیژییەکانی هەرێمایەتی دەکات کە بێگوومان بە سوودی ئەمریکا نابێ و لێی زەرەرمەند دەبێت

# ڕاهێنەری فێرگەیەک بۆ فێربوون

مریەم عەلیپوور

**بەشی بیست و دووهەم**

## ٥,٥هێزی هەستیاری و توانای هەستانەوە

Ralph Waldo Emerson (١٨٠٣ - ١٨٨٢) فیلەسوف و نووسەری بەناوبانگی ئەمریکی دەڵێت: ‹›زۆربەی ئەو سێبەرانەی لە ژیاندا هەن بە هۆی ڕاوەستان لەبەر خۆرەتاوی خۆیەتی.›› خۆر لێرەدا بریکار یا میتافۆرێکە بۆ کار و کردەوەکانی خۆمان. سێبەریش میتافۆرە بۆ هەموو ئەو ناخۆشی، بێ هیوایی، لێڵی و تاریکی لە ژیاندا ڕووبەڕوویان دەبینەوە. یەکێک لە پێناسەکان لەسەر توانای هەستانەوە ئەوەیە، هێزی هەستیاری هۆکارە بۆ هەبوونی توانای خۆگرتنەوە یان بەرگەگرتن. یان بە واتایەکی دیکە ڕێکوپێک و هاوسەنگ کردنی هەستەکان لەگەڵ کردەوەکان بەشێوەیەک کە لە هەموو قۆناغەکاندا وڵامدەر بن. مرۆڤێکی خۆڕێکخەر و شلک و شیاو یانی توانای هەڵکردن لەگەڵ کەسانی دەوروبەر و ڕووداوە قورس و ئەستەمەکانیدا هەبێت (انعطاف پذیر) لەدوای سەرنەکەوتن و نسکۆ زوو دەتوانێت هەستێتەوە سەرپێ. نەرمی و بەرگەگرتن، خوو و ڕەوشتی باش هۆکارن بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت لە کاتە ناخۆش و دژوارەکاندا ڕێگاچارەی باشتر بۆ کێشەکانی بدۆزێتەوە. نەرمی و بەرگەگرتن، دەبێتە هۆکاری زیادبوونی کارامەیی و لێزانی بۆ ئەوەی بتوانین:

ـ بەسەر هەستە نەرێنییەکانی خۆماندا زاڵ بین.
ـ زیاتر لە بەرامبەر مەینەت و چەرمەسەری، گوشار و زەختی ڕۆژانەماندا خۆڕاگر بین.
ـ دۆزینەوەی ڕێگاچارە یان گەڕانەوە بۆ دوایە لە قۆناغێکی ناخۆشدا ئەگەر پێویست بێ.
ـ دۆزینەوە و دیاریکردنی ئامانج لە ژیاندا.
ـ کراوەبوون و توانای وەرگرتنی ئەزموونی تازە و ململانێ کردن و .... هتد.

چەندە تۆکمە و خۆڕاگری؟

Jean de La Fontaine (١٦٢١ – ١٦٩٥)نووسەری بەناوبانگی فەڕانسەوی دەڵێت: ‹›بەخۆڕاگری دەتوانی زۆر شت بکەیت.›› هەبوونی ئیرادەی خۆڕاگری هۆکاری سەرکەوتنە لە کاتی تاقیکردنەوەکانی پرۆسەی ژیاندا. بۆ سەرکەوتن بەسەر تاقیکارییەکانی پرۆسەی ژیان، تۆکمەبوون و هەبوونی ئیرادەی خۆڕاگری خاڵێکی بنەڕەتییە. بە وڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی خوارەوە دەتوانی نەرمی و هێمنی، هەستانەوە و خۆڕاگری خۆت دەستنیشان بکەی.

ژمارەکان کۆ کەوە. وڵامەکانت لەگەڵ ئەو کەسانەی کە دەزانی یارمەتیدەرن باس بکە. لە چ شتێک یان بەشێکدا خۆڕاگریت زۆرە؟ لە چ بەشێکدا دەبێ کار لەسەر خۆت بکەی بۆ ئەوەی باشتر بی؟ بە چ شێوەیەک دەتوانی باشتر بی؟ لەو شوێنانەی کە ژمارەکانیان کەمە دەتوانی ڕاهێنانیان لەسەر بکەی بۆ باشتربوونیان.

مێتودی ABC

مێتودی ABC ، توێژینەوەیەکە لەسەر ئەوەیکە بزانین چ شتێک هاندەرە بۆ بزواندنی هەستەکان و مێتۆدێکی باشە بۆ ئەوەی بتوانی خۆڕاگریت بەهێز بکەی یان باشتر خۆڕاگر بی.

A، باس لە بەسەرهات یان ڕووداوێک دەکات کە ڕووی داوە.
B، باس لە شێوازی بیرکردنەوە دەکات یانی بیروباوەڕ لەسەر ڕووداوەکە چۆنە.
C، زووهەڵچوون بەهۆی ڕووداوەکە.

هەر بەشە لەو بەشانە A،B و C کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە و بۆ باشتر ڕاڤەکردنی ئەو مێتۆدە باسی دوو نموونە دەکەم. بۆ تێگەیشتنی کاریگەری هەر یەک لەو بەشانە لەسەر یەکتر بڕوانە وێنەی خوارەوە.

### لەسەر وێنەی مێتۆدی A،B و C
### بەشی « A »

پێشینە:

١.ڕووداوێک لە ڕابردوودا ڕووی داوە، ئەو ڕووداوە هۆکار بووە کە ڕووداوی دیکەی لێ ببێتەوە. بۆ نموونە ئەتۆ تیکێتی سزا یان جەریمەی ماشێنت وەرگرتووە(سزایەکی پارەییە کە دەدرێت بە خاوەنی ئەو ماشێنەی کە لە شوێنی ڕێگەپێنەدراو یان قەدەغە پارکی کردووە یان لە کاتی خۆی زیاتر ڕاوەستاوە).

٢.هاوڕێیەکت پێت دەڵێ کە شەو دێت بۆ لای تۆ بە میوانی. تۆش زۆر بە دڵخۆشی خوانێکی خۆشی بۆ ئامادە دەکەی. بەڵام ئەو نایەت و لە نەهاتنەکەشی ئاگادارت ناکاتەوە .

| پێشینە | بیرکردنەوە | ئاکام یا دەرەنجام |
|---|---|---|
| A | B | C |
| 1) تیکێتێکی سزا(جەریمە) بە هۆی ڕاگرتنی ماشێن لە شوێنی ڕێگە پێنەدراوت (قەدەغە) وەرگرت. | لەوانەیە بیرکردنەوەی تۆ لەو کاتەدا: - بڵێی کە کەسێکی بێ شانسم - بۆ من بە وردی سەرنجم نەدا بە شوێن و تابلۆی ڕێنوێنی هات و چۆی ماشێن. | هەستی بێ شانسی کردنت بۆ دێتە پێش. دڵتەنگی، تووڕەیی، ناڕەحەت و خەمبار بوونی بۆ دێتە پێش. |
| 2) قەرار بوو هاوڕێیەکت بێ بۆ میوانی، ئەتۆش خوانێکی خۆشت بۆ ئامادە کردبوو، بەڵام نەهات و ئاگاداریشی نەکردیەوە. | بیرکردنەوەی تۆ لەو کاتەدا: - ئەو هەر وایە قەت لەسەر قسەی خۆی نییە - یان لەوانەشە شتێک ڕووی دابێت | تووشی ناڕەحەتی، ناهومێدی، دڵساردی، تووڕە بوون، دڵەڕاوکێ و ترس دەبی. |

### کاریگەری « A» لەسەر «B»

بڕوا یا باوەڕ: چۆن بیر لەو ڕووداوانە دەکەیەوە؟ بڕوا یان گومانی سەرەکی تۆ لەسەر ڕووداوەکان چییە؟ باش بیربکەوە و بزانە ئەو شێوە بیرکردنەوانە بنەمای ڕاستیان هەیە یا هەر گومانن. لەوانەیە بڵێی: هەموو کاتێک ئەوە لە من ڕوودەدات. یان من هەموو کاتێک بێ شانسم. بەڕاستی باوەڕت بە بێ شانسی خۆت هەیە یان ئەوە شێوەی بیرکردنەوەی تۆیە. هەر وا گومان دەکەی کە شانست نییە یان بێباکبوون و زۆر گوێنەدان بە کارەکەت تووشی وەرگرتنی ئەو تیکێتە سزایەی کردی. یانی بۆ خۆت ئەو کارەت کردووە، زۆر سەرنجت نەداوەتە شوێنەکە، بۆ ئەوەی بزانی ئەو شوێنە ڕێگەپێدراوە یان نا یان لە کاتی خۆیدا نەگەڕاویەتەوە و ماوەی ڕاگرتنەکەت لەو شوێنە بەسەر چووە یان بە شێوەیەکی هەڵەت ڕاگرتووە. لە کاتی نەهاتنی هاوڕێکەت بۆ میوانی، لەوانەیە بڵێی: ئەو هەر وایە، قەت لەسەر قسە و بەڵێنی خۆی نییە. یان نا لەوانەشە شتێک ڕووی دابێت. ئایا زۆر جار ئەوە ڕووی داوە کە هاوڕێکەت بە ڵێنییە کی دابێت و جێبەجێی نە کر د بێت ؟

### کاریگەری «B» لەسەر «C»

ئاکام یا دەرەنجام: ئاکام و کاریگەری وەرگرتنی ئەو سزایە یان نەهاتنی هاوڕێکەت لەسەر هەست و ڕەوشتی تۆدا چۆن دەبێت. ئەگەر وا بیر بکەیەوە کە هەموو کات بێ شانسی، ئەوە زۆر ناڕەحەت، قەڵس و دڵتەنگ و بێ هیوات دەکات. بەڵام ئەگەر وا بیر بکەیەوە کە تەنیا لەو ڕووداوەدا بە هۆی کەمتەرخەمیت لە کارەکەدا تووشی ئەو سزایە هاتووی کەواتە ناڕاحەتی و دڵتەنگیت کەمتر دەبێت و هەوڵ دەدەی بۆ جارێکی دیکە باشتر سرنج بدەی.

لەسەر نەهاتنی هاوڕێکەت، کاردانەوە و بەرهەڵستی جیاوازت دەبێت. لەوانەیە ناڕاحەت بی، ناهومێد بی، دڵسارد بی، تووڕە بی یان لەوانەشە تووشی دڵەڕاوکێ و ترس بی و پەشۆکاو بی لەوەیکە شتێکی خراپ ڕووی دابێت. بە کەڵکوەرگرتن لە مێتۆدی ABC ، ڕاهێنان لەسەر خۆت بکە بۆ گۆڕینی بڕوا و بیرکردنەوەکانت. کارێکی وا مەکە خۆت تەنیا لەسەر ڕوتینێکی دیاریکراودا بهێڵییەوە. فۆرمێک لەو شێوە (مێتۆدی ABC ) دروست بکە و پڕی بکەوە، بۆ ئەوەی بزانی چ ڕووداوێک هەستی نەرێنی لات دروست دەکات و هەستەکان چین. ئەوە یارمەتیدەر دەبێت بۆ ئەوەی بزانی هەستە نەرێنییەکان چین و چۆن دەبنە هۆکاری بیرکردنەوە و ڕەوشت و کردەوەی نەرێنی. ئەو کات باشتر دەتوانی خۆت کۆنترۆڵ بکەی و هەوڵ بدەی شێوەی بیرکردنەوەت لە قۆناغی B دا ئەرێنی بێت.

### گەشبینی ڕاستەقینانە (ڕێئالیست)

گەشبینی، هێز و وزەیەکی ئەرێنییە و بڕوا و هیوا دەدات بە مرۆڤ بۆ سەرکەوتن و دەستکەوتی باش. کاتێک مرۆڤ ڕووبەڕووی ڕووداوێکی ناخۆش دەبێتەوە، گەشبینی دەبێتە هۆی ئەوەی باشتر و ئاسانتر بتوانێت بەربەرکانی لەگەڵ ڕووداوەکە بکات. کەسانێک هەن و دەڵێن گەشبینی یانی ساویلکەبوون. دەتوانی مرۆڤێکی گەشبین و خۆشباوەڕ بی، بێ ئەوەی ساویلکە بی.

بۆ وێنە: کەسێک گەشبینی ڕاستەقینەیە و باوەڕی وایە کە لە تاقیکردنەوەی بیرکاریدا بە پلە و نمرەیەکی باش دەردەچێت، بەڵام لە هەمانکاتدا وا بیردەکاتەوە کە دەبێ خۆی بۆ ماندوو کات و لە ماوەی پێش تاقیکارییەکەدا بەباشی وانەکانی بخوێنێ بەڵام کەسێکی دیکەش هەیە تەنیا لەبەر ئەوەی گەشبینە کە پێی وایە بە بێ خۆماندووکردن و خوێندنەوەی وانەکانی و گوێدان بە مامۆستاکەی، پلە و نمرەیەکی باش وەدەست دێنێت و سەردەکەوێت. ئەوەیان دوورە لە ڕاستی و گەشبینی ناڕاستەقینەیە. کەسێک کە گەشبینی ناڕاستەقینەیە، وا باوەڕ دەکات کە سەرکەوتن و قبووڵ بوون هەموو هەر شانسە و بە بێ چوون بۆ خوێندنگە و خۆماندووکردن دەبێ لە وانەکاندا قبووڵ بێت. هەوڵ بدە خۆت ڕابێنیت کە مرۆڤێکی گەشبینی ڕاستەقینە بی. ئەو کەسانەی گەشبین یا خۆشبینی ڕاستەقینەن کەمتر تووشی کێشە و ناکۆکی و ناڕاحەتی دەبن. گەشبینی کاریگەری لەسەر

| | کەم | | | | زۆر |
|---|---|---|---|---|---|
| تا چەندە دەتوانی هەستەکانی خۆت کۆنترۆڵ بکەی یان بە سەریاندا زاڵ بی؟ | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 |
| چەندە بیرکردنەوەکانت ئەرێنیینە؟ | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 |
| دیسیپلینی کەسی (شەخسی) و تەردەستی لە بیرکردنەوە و بڕیارداندا چەندەیە؟ | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 |
| چەندە گەشبینی؟ | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 |
| هەستی هاودڵی، دڵپاکی و ڕاستگۆیت لە گەڵ خەڵکانی دیکە چەندەیە؟ | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 |
| ژیان بۆ تۆ چەندە مانای هەیە؟ | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 |
| تا چەندە دەزانی هۆکاری دروست بوونی هەستەکانت (ئەرێنی و نەرێنی) چنە؟ | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 |

شێوازی بیرکردنەوە، هەست بە بەختەوەری کردن و تەندروستی مرۆڤ هەیە، لەبەر ئەوەی سیستمی بەرگری لەش بەهێز دەکات. کەس ناتوانێت بگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ژیان و ژیان لە نوێوە دەست پێبکاتەوە. بەڵام خۆڕاهێنان و دروست کردنی هەستی ئەرێنی و گەشبینی، ئەو هەستەت پێدەدات کە وەک ئەوەی ژیانێکی نوێت دەست پێکردبێت و هەموو کەسێکیش ئەو دەرفەتەی هەیە. وەک پێشینیان دەڵێن ماسی هەرکات لە ئاوی بگری هەر تازەیە. ئەگەر مرۆڤێکی کە بیرکردنەوەی نەرێنیت زۆرە و گەشبین نی، کەواتە هەر لە ئەوڕۆڕا دەتوانی ڕاهێنان بکەی. تاقی بکەوە و بزانە چۆنە ئەگەر بەپێچەوانەی جاران بیر بکەیەوە یانی هەوڵ بدە لەباتی بیری نەرێنی بیری ئەرێنی بکەیەوە و گەشبین بی. باوەڕت بە خۆت هەبێت و دڵنیابە، نەترسان لە گۆڕانکاری و فێربوونی شتی تازە:

□ هەستی بەختەوەری لەلات دروست دەکات.
ـ ئامانجت لە پرۆسەی بوون و ژیاندا ڕوونتر و باشتر دەبێت.
ـهونەری داهێنان، وزەوتواناییت زیاتر دەبێت.
ـ زیاتر هەست بە خۆشی و خۆشەویستی دەکەی.

کاتێک کەسێک تاوانبارت دەکات یا تۆمەتت لێدەدات ئەوە شتێکی سروشتیە کە هەست بە ناخۆشی بکەی و لەوانەیە تووڕەش ببی. تووڕەبوون کاریگەری فسیۆلۆژی و جەستەیی هەیە و دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی هۆرمۆن و شڵەژانی مێشک. هەر بۆیە کاتێک مرۆڤ تووڕەیە ڕەوشت و شێوەی قسەکردنی شەڕەنگێزانەیە و هەست بە ئارامی ناکات. وەک مرۆڤێکی گەشبین لەو کاتانەدا هەوڵ بدە بەو شێوازانەی خوارەوە بدوێی، لە شوێنی نوختەچنییەکەی خوارەوە ئەو شتەی بڵێی کە بۆ تۆ ڕووی داوە:

ـ سەرەتاییترین و باشترین شت ئەوەیە کە لەو ساتەدا بڵێی ‹›ئەو شتە من ئازار نادات یان من تووڕە ناکات یان من .............. (هەموو ڕستەکەت تەواو بکە کە باسەکەی لەسەرە). ‹›
ـ ئەوە ڕاست نییە لەبەر ئەوەی من ئاگاداری هەموو شتێک هەم یان زانیاریم لەسەری هەیە یان .............. .
ـ باشترین کار یان بەڵگە بۆ ئەوەی پێت بسەلمێنم کە من .............. یا ئەو کارە بکەم کە تۆ.............. .

### ٥,٦ بیرکردنەوەی کرداری یان لەسەر هەست بوون (بە ئاگابوون)

بیرکردنەوەی کرداری یانی بە شێوەی دروست و پراکتیکی بیرکردنەوە، نەک لە چوارچێوەی خەیاڵاتدا. بیرکردنەوەی کرداری یانی بیرکردنەوەیەکی ئەرێنی کە هەم کاریگەری هەبێت و هەمیش بە کردەوە بکرێت. دەروونناسی ئەمریکی١٩٠٢ – ١٩٨٧) Carl Rogers ) دەڵێت: ‹›کاتێک من خۆم بەو شێوەی کە هەمە، لا پەسەند بوو، خۆشم ئازادم کە خۆم بگۆڕم یان نا.›› چەند پێناسە لە بیرکردنەوەی کرداری:

بیرکردنەوەی کرداری ئەو بەشە لە بیرو هۆشی مرۆڤە کە ئەزموونێکی پوختە، ڕاستەقینە و گشتی لەسەر بارودۆخی کە تێداین، دەدات بە مرۆڤ. ئەوەش لە ڕێگای چڕبوونەوەمان لەسەر ئەو دۆخەی کە تێداین، بێ ئەوەی هەڵسەنگاندنمان لەسەر ڕەوش و چلۆنایەتی دۆخەکە هەبێت. بیرکردنەوەی کرداری، هۆکارە بۆ ئەوەی لەسەر ویست و داخوازی خۆت و بە چڕبوونەوە لەسەر ئەو دۆخەی کە تێیدای، ئەو دۆخە پەسند(قبووڵ) یان ڕەتی بکەیەوە. بیرکردنەوەی کرداری هەڵگری دوو شتە، یەکەم: بەدیهێنانی توانا و لێهاتوویی خۆت. دووهەم: ئاوەڵابوون، کونجکۆڵ بو و ن ( کنجکا و ) ، حەز بە زانین کردن. سەرنج بدە، پرۆسەی ژیان بەسەر سێ کاتی جیاوازدا دابەش کراوە وەک: ڕابردوو، کە پێشینەی(باکگراوند) ژیانی تۆیە. ئێستا، کە کاتی جوڵە و کارکردنە بۆ پەرەدان بە ژیانێکی ئارام و ڕێکوپێک. داهاتوو، کە هەڵگری ئەو پلان و نەخشە و بیرکردنەوانەیە کە لە ئێستادا دەیانکێشین یان بە واتایەکی دیکە هیوا، خەون و ئامانجەکانمان. کەسانێک هەن کە باش نازانن لە چ کاتێکدا دەژین. لە ڕابردوودا چەقیان بەستووە و بە خەیاڵاتی داهاتوو دەژین یان خۆیان بە ئێستاوە هەڵاوەسیوە بێ جوڵەکردن. باش هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ ئەو سێ کاتەی(زەمەنەی) پرۆسەی ژیان هۆکاری بنەڕەتییە بۆ سەرکەوتن و چێژی خۆشی وەرگرتن لە ژیان کردندا. هەر بۆیە گرنگە بزانی پێوەندی تۆ لەگەڵ ئەو سێ کاتەدا چۆنە، بۆ ئەوەش وا باشە وڵامی ئەو پرسیارانەی خوارەوە بدەیەوە.

| | کەم | | | | زۆر |
|---|---|---|---|---|---|
| چەند کات تەرخان دەکەی بۆ بیرکردنەوە لەسەر ڕابردوو؟ | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 |
| ڕابردوو چەندە وروژێنەر بووە؟ | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 |
| چەندە خۆت لە قۆناغی ئێستادا گونجاندووە؟ | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 |
| چەند بۆ داهاتوو بە پەرۆشی؟ | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 |


ژمارەکان پێکەوە هەڵسەنگێنە و بزانە کامەیان زۆرترە. دەبێ ئەوەی باش بزانین ڕابردوو چرای بەر ڕێگایە بۆ داهاتوومان و ئێستاش ئاوێنەیە کە داهاتوومانی تێدا دەبینین. دەبێ وەک مرۆڤ تێگەیشتنێکی (دەرکێکی) گونجاو و ڕاستەقینەت لەسەر خۆت هەبێت و بەو شێوەی کە هەی، خۆت لا پەسەند بێت. یانی بەو شێوەی کە هەم، خۆم لا پەسەند بێ. Laozi ( ٥٣١-٦٠٤پ ز) فیلەسوفی چینی دەڵێت: ‹›ئەگەر بە دوای ئەوەدا بی کە خەڵکانی دیکە پەسەندت بکەن، ئەو کات دەبی بە کۆیلەی ئەوان.›› پرۆسەی ژیان دروست بووە لە ڕابردوو، ئێستا و داوڕۆژ. بێ بیر کردنەوە لە ڕابردوو و داهاتوو، تەنیا لە ئێستادا ژیان کردن کارێکی ئاسان و باش نییە. ڕاستی ژیان ئەوەیە کە لە نێوان ڕابردوو و داهاتوودا، ئێستایەک بۆ خۆمان بدۆزینەوە. ئێستایەک کە لە حاڵی جووڵاندا یان لە حاڵی ئاڵوگۆڕدا بێت. شێوەی بیرکردنەوە لەسەر خۆت لە ڕابردوودا، ئێستای تۆی دروست کردووە و هەر ئەو شێوە بیرکردنەوە لە ئێستادا لەسەر خۆت، داهاتووت دروست دەکات. کەواتە دروست بوونی ڕابردوو و هەروەها داهاتووش بەپێی ئێستا ڕوو دەدات، زۆر شت هەیە کە لە ئێستادا بیرت لێ نەکردۆتەوە بەڵام لە نەکاو ڕوودەدات. هەر بۆیە بۆ دروست کردنی داهاتوو پێویستە و دەبێ بە باشی دەرک بە ئێستا بکەین. بۆ دروست کردنی داهاتوویەکی باش دەبێ لەو ڕوانگەوە سەیری ڕابردوومان بکەین. ئامێرەکانی پێویست بۆ دروست کردنی ئێستایەک، کە لە نێوان ڕابردوو و داهاتوودا بێت لە خوارەوە ئاماژەی پێ دەکەم وەکوو: بیر و هەستەکانت (ئەرێنی و نەرێنی) دەستنیشان بکە. سروشتی مرۆڤ وایە دەبێ هەڵەش بکەین تا کارە باشەکانمان ڕەنگدانەوەیان هەبێت. ئەگەر بیر و هەستی باش و ئەرێنیمان هەبووە بەدڵنیاییەوە کەم تا زۆر بیر و هەستی هەڵە و نەرێنیشمان هەبووە. بیر و هەستەکان بە باش و خراپ وەسف بکە. وەسف کردنیان بۆ ئەوەی بزانی هۆکاری دروست بوونی ئەو بیر و هەستانە(باش و خراپ) چ بوونە تا ئەزموونیان لێوەرگری. بیر و هەستەکان پەسەند بکە، بێ ئەوەی هیچ کەس و هیچ شتێک تاوانبار بکەی. لای هێندێک کەس زۆر ئاساییە بۆ ئەوەی خۆیان لەبەر بەرپرسیارەتی هەڵەکان بدزنەوە، کەسانی دیکە تاوانبار بکەن. ئەوەش بەشێوەیەک لە شێوەکان فێڵ لەخۆکردن یا خۆهەڵخەڵەتاندنە. لە کۆتاییدا بیر و هەستەکان ئازاد بکە. ئەگەر پێت خۆش بێت ئەرێنییەکان بهێڵەوە، نەرێنییەکانیش بۆ هەتاهەتایە ژێر چاڵ بکە و بیریان لێ مەکەوە.

# پێشوازی

## ( بۆ شەرەفی شێعر، جەلال مەلەکشا )

### « فەرەیدوون ئەرشەدی »

لە " پیرمام" ی گەرمێنی کوردستان گیرسابوومەوە. تەنیا بووم و سەرقاڵی کار لە کوردستان تیڤی . بە تلێفوون پێیان وتم کەسێک کاری پێتە.
چاک و چلۆنیمان کرد، وتی برادەرێک لە لامە، پێی خۆشە قسەت لە گەڵ بکات. نەمدەزانی بەم ئێوارە ساردە کێ هێندە سەرخۆش و بەکەیفە دەیهەوێ لە هەولێرەوە، لەگەڵ من قسە بکات! کە دەنگە نەناسراوەکە ماڵئاوایی کرد، دەنگێکی ئاشنا و ماندوو وتی : فەرەیدوون! چۆنی؟ منم جەلال!
هەرگیز بڕوام نەدەکرد لە کاتێکی ئاوەهادا، دەنگی جەلال لە نزیکەوە بژنەوم.
جەلال و سلێمان دڵسۆز، بە دژواری و بە قاچاخ، ئاودیوی سنوور ببوون .
نەمهێشت لە هەولێر بمێننەوە، هاتنە لام لە پیرمام، لە لای من نەختێک ئەمینتر بوو بۆ حەسانەوە. ڕۆژان و شەوانێکی فرە نایابمان ڕابوارد بە شێعر و بە چیرۆک و باس و خواسی ئەوەی بە سەری بێ سەروەریی زمان و ئەدەبیاتی ئێمەدا دێت و بە قاڵ و قەوڵی شاد و ناشاد و بە گێڕانەوەی بیرەوەری.
شەوان ڕابگرد و ڕۆژان ڕۆیشتن، سلێمان لە " ڕامان" دامەزرا و جەلال لە "شۆڕشگێڕان" بارگەی خست. دواتر، تا ئەو دەمەی جەلال باروبنەی بەرەو ڕۆژهەڵات پێچایەوە، فرەیک شیرینی و تاڵیی ڕۆژگارمان پێکەوە چێشت.
سەربوردەی ئەو ماوەیەی لە هەولێر ژیا و جارناجار پێکەوە بووین، دوورە و درێژ، تاقەت و حەوسەڵە و دەرفەت کورت و کەم .
وەلحاسڵ، ئەم" پێشوازی"یەم ، هەر لەو ڕۆژانەی جەلال و سلێمان لە لام نە میوان، کە خانەخۆ بوون، نووسی.
یادی ئەو شەو و ڕۆژانە بە خەیر.



تۆ هاتی، شەیدایی باران و
وەحشەتی سنوور و دواپڕمەی ولاخی
قاچاخچیی نەترست بۆ هێنام .
لە غەمی پڕ تەمی ئێوارەی پیرمامدا
بە تاو و بە لەرزی ئەو ژوورەی
هەناسەی پڵینگی شێعرتی دەناسی دابەزیت .

من بە چی پێشوازی باڵندەی شەکەتی قەفەس بکەم؟
من بە چی مەچەکی بریندار
بە کەڵوەی کەلەبچە تیمار بکەم؟
ئەم جەستە لاوازە، لە نوێی پەپوولەی کام شێعردا بنوێنم؟
ئەو بازە زامارە لە هۆبەی کام شەوما داڵدە دەم،
من کە خۆم وەحشەتی ناو بۆسەی سنوور و
بارانی هەڵاتن دەناسم!؟
کە هاتی، وەک دێڕی پڕ شکۆی شێعرێکی یەزدانی، دابەزیت .
لە بەر پێی فانووسی مەستیدا
پەنجا ساڵ ئازاری نیشتمان
پەنجا ساڵ زریکەی شێعرێکی یاخی بوو هاتە لام،
بەرزایی شریقەی بڕنەوی بزمارڕێژ
هاتە نێو ژوورەکەم،
دەروێشی خانەقای مەولانا هاتە نێو خەڵوەتی زیکرەکەم.
نەموێرا بپرسم کوا یەسنا، چۆلەکەی دڵەکەم!؟
نەموێرا بپرسم کوا ئاویەر، سەربەرزیی شارەکەم؟
چوونکە باش دەمزانی، کە هاتی نەتزانی « کاوە» چۆن دەگریا، یەسنا چۆن دەسووتا،
ئاویەر چۆن چۆنی بەرە خوا هەڵدەکشا .

بە خێر بێی، ڕووناکی چاوانی چوارچرا،
حەژمەتی گڕکانی دەربەندی قاسملوو، هاواری تەنگانەی دمدم و
گفتوگۆی هێمنی سەرسەرا، بە خێر بێی !
ئەی زامی ناسۆری مەڵەکشان، گۆرانی ئاشقانی قەتارچیان، کە هاتی
ئاویەر لە دەشتی کۆیەدا باڵای کرد،
چل چەمە لە پێکی شێعرمدا هەڵقوڵی .

ئەی بەفری یەکشەوەی هۆبەتوو،
شەپۆلی بێ نازی دەریاچەی ورمێ و
وەیلانتر لە قشلاخ!
تۆ بۆنی یەکەمین بارانی زاگرۆس و
تۆ پەڵەی ئەم دڵە کاولەی.
بە هەموو ئازار و ئەشکەنجەی زیندانی وشەوە
ڕەشماڵی ئەو خەمە دێرینەت، لە هۆبەی ئەم واژە کۆچەرە، هەڵبدە.
نازانم بەدەستی کام بێری شۆخ و شەنگ،
تینوێتیت بشکێنم؟
ئەو زامە ناسۆرەی سەر سینگت
بە فێنکیی هەناسەی کام کیژی ڕەوەندان دەسرەوێ؟
شمشاڵی چ شوانێ دەتوانێ
مێگەلی وشەی تۆ ئارام بکات !؟

هەناسەت ئەی شێعری لاسار و ئەی ڕۆحی هەڵاتوو،
هەناسەت سەرسمی ئەسپە شێی مێژووە !
ئەی نۆتەی ناسازی موسیقای سەردەمی سەرشۆڕی،
بە هاژەی ئەو دەفە هەراوەی سینگی خۆت
زیکری ئەم دەروێشە گەرم بکە،
تاوێ لەم هەوارە پشوو بدە، میوانی ئەم ڕەوە بازە بە و
قومێک لە کانیاوی ئەم بنارە سەرسەوزە بنۆشە،
لە سایەی دارەبیی ئەم ڕووبارە شینەدا
سەرخەوێک بشکێنە !

کە هاتی، چەخماخەی هەڵدێر و سەرشۆڕیی سنوور و،
ڕەپ ڕەپەی مەیدانی ئازادی سانان دژ،
چوارچێوەی سینگتی دەپرواند،
یەسناکان، کاوەکان لە چاوتا دەگریان .

ئەی سنوور، چۆن وێرات جانتای ئەو کۆترە دابگری
وا لەگەڵ کازیوەی بەیاندا هاوەدەستە؟
چۆن وێرات ئەگریجەی گزنگی چاوی شێعر تێک بدەی؟

فانووسی خەڵوەکەی شالیار هەڵ دەکەم،
ئەم کۆختە تاریکە دەکەمە زیکرستان،
فەقێیانەت لە چۆمی قشلاخدا هەڵکێشە و بیکە بە گوولەبەند،
جوانووی شێعرەکەت ئەی پڵینگی پاڵنگان
لەبەردەم کۆڵیتی غوربەتی شێعرمدا، دابەستە.
من وەکوو وشەیەک تەریک و
تۆش وەکوو قەڵەمێک لانەواز
داستانی شەوانی عاشقی دەکەینە چیرۆکێ،
وەحشەتی سنوور و دواپڕمەی ولاخی قاچاخچی نەترس و سەربەرزی واژەمان
دەکەینە پێکێک و دەینۆشین !
ئەی وشەی یاخی و پەپوولەی ناو گڕی پیلانی ئەهریمەن
هاتنت جەنگەڵی باوەشمی کردۆتە حەشارگەی یاخیان !
بەخێر بێی دارگوێزی چەم شار و
دارتایلەی مەزاری شەهیدان.
کە هاتی، شنەبای ئارێز و سێبەری ڕێواسی گاڕانت بۆ هێنام.

٢٠,١٢,١٩٩٩
پیرمام

KURDISTAN
Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan • No: 787 • 20 November 2020

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:


www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr
telegram.me/PDKImedia

# ڕۆژنامەی کوردستان بە مەبەستی هەرچی زیاتر ئاشکراکردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەر دوو حەوتوو جارێک ڕاپۆرتێک لە سەر دوایین بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاو دەکاتەوە و دەیخاتە بەر دیدی خوێنەرانی ڕۆژنامەی کوردستان.

## ئەم ڕاپۆرت و ئامارانە باس لە حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە ماوەی دوو حەوتووی کۆتایی مانگی خەزەڵوەر ساڵی ٩٩ی هەتاوی، لە شارەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکات کە بریتین لە حاڵەتەکانی دەستبەسەر کردن، بانگهێشت، ئێعدام، کوژران و بریندار بوونی کۆڵبەران، کرێکاران، خۆکوشتن، زیندانیان و مەحکووم کردنی هاووڵاتییان لە کوردستانی ئێران.

## ئەم ڕاپۆرتە لە ناوەندی ئاماری ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، تۆمار کراوە.

### دەستبەسەر کردنی هاووڵاتییان:



ڕۆژی دووشەممە ١٩ی خەزەڵوەر، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «محەممەد مەحموودی» خەڵکی گوندی «زێوە»ی بەخشی ناوەندیی شاری پیرانشار، لە لایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەستبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.
ڕۆژی دووشەممە ١٩ی خەزەڵوەر، لاوێکی کورد بە ناوی «محەممەد قادریئازەر» تەمەن ٢٣ ساڵ کوڕی خدر و خەڵکی گوندی «گەزگەسک»ی شاری پیرانشار، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەستبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.
ڕۆژی سێشەممە ٢٠ی خەزەڵوەر، ٥ هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «میلاد بابایی، سمکۆ مەحموودی، بێهنام وەیسی، ئەحمەد بیابانی و یاسر حەیدەری» خەڵکی گوندی «زەردۆیی» سەر بە بەخشی باینگانی شاری پاوە، پاش بانگهێشتکردنیان بۆ ئیتلاعاتی سپای پاسداران دەستبەسەر کران.
ڕۆژی چوارشەممە ٢١ی خەزەڵوەر، کاناڵە خۆجێییەکانی شاری سونقوڕ و کولیایی، بڵاویان کردەوە کە سێ هاووڵاتی لەو شارە کە ئەندامی یەکێک لە حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران بوون، دەستبەسەر کراون.
ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە ٢١ی خەزەڵوەر، سێ هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «سەلاح پوورکەیوان» تەمەن ٢٤ ساڵ کوڕی ئەحمەد، «ئاراس قادری» تەمەن ٢٢ ساڵ کوڕی کاوە و «مۆحسێن ڕەسائی» تەمەن ٢٠ ساڵ کوڕی ئەحمەد خەڵکی گوندی «سەردۆش»ی شاری مەریوان، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەستبەسەر کران.
ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە ٢١ی خەزەڵوەر، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «هادی ڕەسائی» تەمەن ٣٠ ساڵ کوڕی ڕەشید خەڵکی گوندی «سەردۆش»ی مەریوان، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەستبەسەر کرا.
ڕۆژی هەینی ٢٣ی خەزەڵوەر، لە درێژەی دەستبەسەرکردنی هاووڵاتییانی کورد لە گوندی «سەردۆش»ی مەریوان، هاووڵاتییەکی دیکەی کورد بە ناوی «ئیسماعیل ڕاستی» تەمەن ٢٩ ساڵ کوری ڕەحیم خەڵکی ئەو گوندە، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەستبەسەر کرا.
ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە ٢٥ی خەزەڵوەر، چوار هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «نەجمەدین سوخەنوەر تەمەن ٣٦ ساڵ، شۆڕش عەبدوڵڵا نژاد تەمەن ٣٧ ساڵ، سەلاح ئاجی تەمەن ٥٠ ساڵ و ڕەحمانی ئاجی تەمەن ٢٢ ساڵ» خەڵکی گوندی «گەرگوولی خواریێ» سەر بە شاری پیرانشار، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەستبەسەر کران.
هاوکات لەگەڵ دەستبەسەرکردنی ئەو ٤ هاووڵاتییە کوردە، هێزە ئەمنییەتییەکان دوو هاووڵاتیی دیکەی کوردیان بە ناوەکانی «ئیسماعیل حاجی عەبدوڵڵا و عەلی جۆڵا» خەڵکی گوندی «شێناوێ»ی شاری پیرانشار دەستبەسەر کرد.

### بانگهێشت کردنی هاووڵاتییان بۆ ناوەندە ئیتلاعاتییەکان:

ڕۆژی سێشەممە ٢٠ی خەزەڵوەر، چوار ژنە هاووڵاتیی بە ناوەکانی «هەڕاڵە عەزیزی، کەوکەب حەیدەری، دونیا عەزیزی و فریشتە بیابانی» بانگهێشتی ئیتلاعاتی سپای پاسداران کران و لێپرسینەوەیان لەگەڵ کرا.
ڕۆژی پێنجشەممە ٢١ی خەزەڵوەر، دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «ئەمیرڕەزا مورادی پەهڵەوان و عەبدوڵڵا غولامی»، خەڵکی شاری تیکاب لەلایەن هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی دەستبەسەر و پاش چەند کاتژمێرێک لێپرسینەوە ئازاد کران.

### کەمکردنەوەی حوکمی زیندانیی هاووڵاتییان:

حوکمی زیندانیی محەممەد (عیسمەت) سەلەحشوور، زیندانیی سیاسیی کورد لە گرتووخانەی زیندانی ناوەندیی ورمێ، بۆ ٢ ساڵ و ٦ مانگ زیندانیی تەعزیری کەم کرایەوە.
ڕۆژی شەممە ٢٤ی خەزەڵوەر، حوکمی ساڵێک زیندانیی تەعزیری بە عادڵ موکەڕەم، زیندانی سیاسیی کورد لە گرتووخانەی ورمێ ڕاگەیەندرا.

### ڕاگواستن بۆ زیندان:

ڕۆژی یەکشەممە ١١ی خەزەڵوەر، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «دلێر نەسری» خەڵکی گوندی «تەنگیسەر» و دانیشتووی شاری سنە، پاش بانگهێشتکردنی بۆ لقی ٤ی بەڕێوەبەری تاوانەکانی دادگای ئینقلابی ئەو شارە، بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکەی دەستبەسەر و ڕەوانەی زیندان کرا.
ڕۆژی چوارشەممە ١٤ی خەزەڵوەر، یەکێک لە دەستبەسەرکراوەکانی کۆبوونەوە نارەزایەتییەکانی مانگی خەزەڵوەری ساڵی ٩٨، بە ناوی « پشتیوان ئەفسەر» خەڵکی گوندی «نێ»ی مەریوان، بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکەی، دەستبەسەر و ڕەوانەی زیندانی ناوەندیی سنە کرا.
ڕۆژی یەکشەممە ١٨ی خەزەڵوەر، سێ هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «حامید شێخی، نەبی مەلاوەیسە و ئەیووب کاکەخانی» بۆ تێپەڕاندنی حوکمەکەیان دەستبەسەر و ڕەوانەی زیندانەکانی سەقز و بیجاڕ کران.
ڕۆژی دووشەممە ١٩ی خەزەڵوەر، دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «سلێمان کەریمپوور» و «خالید محەممەدزادە ئەقدەم» خەڵکی گوندی «خورخورە»ی شاری مەهاباد، پاش ٦٥ ڕۆژ لە دەستبەسەری لە گرتنگە ئەمنییەتییەکانی سپای پاسداران، بۆ زیندانی مەهاباد ڕاگوێزران.
ڕۆژی چوارشەممە ٢١ی خەزەڵوەر، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «عەبدولغەنی دەروێشی» خەڵکی ورمێ، پاش تەواوبوونی ماوەی لێپرسینەوەکەی لە ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارە، بۆ زیندانی ورمێ ڕاگوێزرا.
ڕۆژی یەکشەممە ٢٥ی خەزەڵوەر، حامید مێشکوو، چالاکی مەزهەبی سوننی مەزهەب بۆ بەندی زیندانییانی سیاسیی زیندانی ورمێ ڕاگوێزرا.

### داسەپاندنی حوکم بە سەر هاووڵاتییان:

ڕۆژی دووشەممە ٢٦ی خەزەڵوەر، ئایناز زارع، زیندانیی سیاسی لە بەندی ژنانی ورمێ، لەلایەن لقی ١ی دادگای کەیفەریی تایبەت بە مێرمنداڵان و لاوانی ورمێ، بە ٥ ساڵ زیندانیی تەعزیری مەحکووم کرا.

### گیان لە دەسدانی زیندانیی:

ڕۆژی سێشەممە ٢٠ی خەزەڵوەر، زیندانییەک بە ناوی «فەرهاد وسووقینژاد» خەڵکی شاری هەرسین و دانیشتووی گوندی «تەنگپەری» شاری نوورئاوای لوڕستان، لە زیندانی ناوەندیی خوڕەمئاوا، بە شێوەی گوماناوی گیانی لەدەست دا .

### بێبەریکردن لە مەرەخەسی زیندانییان و ڕاگواستنی زیندانییان بۆ شوێنی نادیار:

بەرپرسانی زیندانی بەندەرعەباس لەگەڵ داواکاریی مەرەخەسیی تەحسین پیرووزی، زیندانیی سیاسیی کورد خەڵکی گوندی «سەردۆش»ی شاری مەریوان، دژایەتی دەکەن.
زیندانییەکی سیاسیی کورد بە ناوی سەید «سامان حوسێنی» خەڵکی شاری «ڕەبەت»ی سەردەشت، کە لە زیندانی ئەردەبیڵ ماوەی زیندانییەکی تێدەپەڕێنێ، لە مافی مەرەخەسی بێبەرییە.
ڕۆژی سێشەممە ٢٧ی خەزەڵوەر، چەنگیز قەدەمخێر، زیندانیی سیاسیی کورد خەڵکی شاری کامیاران، لە زیندانی مەسجێد سلێمانی خووزستان، بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.

### تەقەی چەکدارەکانی سپای پاسداران لە هاووڵاتییان:

ئێوارەی ڕۆژی شەممە ١٧ی خەزەڵوەر، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «خوسرەو شەریفی» کوڕی سابیر خەڵکی گوندی «ئۆغەڵ» سەر بە شاری بانە بەهۆی قورسی برینەکانییەوە کە بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی بریندار کرابوو، لە نەخۆشخانەی «کەوسەر»ی شاری سنە گیانی لەدەست دا.
ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە ٢٧ی خەزەڵوەر، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «سەعدی ڕۆستەمزادە» کوڕی ساحێب خەڵکی شاری هەورامانی تەخت، لە ئەنجامی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی گیانی لەدەست دا.

### کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران و کاسبکاران:

ڕۆژی پێنجشەممە ١٥ی خەزەڵوەر، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «حەسەن دەلایی میلان» تەمەن ٣٨ ساڵ خەڵکی گوندی «قاشقابلاغ»ی شاری چاڵدێران، بەهۆی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی لە سنووری ئەو شارە گیانی لەدەست دا.
ڕۆژی هەینی ١٦ی خەزەڵوەر، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «کەماڵ عەلەمهوولووی» خەڵکی چاڵدێران، بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی لە چیاکانی ئەو شارە گیانی لەدەست دا.
ئێوارەی ڕۆژی شەممە ١٧ی خەزەڵوەر، دوو کۆڵبەری کورد لە سنووری نەوسوود، لەلایەن هێزە نیزامییەکانی حکوومەتییەوە، بە ناوەکانی «ڕزگار حوسێنی» خەڵکی گوندی «بلەبزان»ی شاری پاوە و «یووسف ڕزگار» خەڵکی گوندی «میرئاوا»ی شاری سەلاسیباوەجانی، تەقەیان لێکرا و لە ئاکامدا هەر دووکیان بریندار بوون.
ڕۆژی یەکشەممە ٢٥ی خەزەڵوەر، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «نەجمەدین مورادی» خەڵکی گوندی «خوریاوا»ی شاری بانە، بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی لە سنووری «سەرتەزێن»ی ئەو شارە، بە سەختی بریندار کرا.
ڕۆژی چوارشەممە ٢٨ی خەزەڵوەر، دوو کۆڵبەری کورد بە ناوەکانی «وەسیم فەردینزادە» کوڕی حوسێن خەڵکی گوندی «پرداوێ» سەر بە شاری شنۆ و «حاکان محەممەدزادە» کوڕی عەلائەدین خەڵکی گوندی «کەریکان» سەر بە بەخشی کۆساری شاری سەڵماس، لە ئەنجامی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی لە سنووری شنۆ، گیانیان لەدەست دا.

### تەقینەوەی مین:

ئێوارەی ڕۆژی شەممە ١٧ی خەزەڵوەر، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «سابیر خزری» تەمەن ٢٨ ساڵ کوڕی محەممەد خەڵکی «کۆنەخان»ی شاری پیرانشار، لە ئەنجامی تەقینەوەی مینێک بریندار و کەمئەندام بوو.
ڕۆژی سێشەممە ٢٧ی خەزەڵوەر، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «ئەحمەد مەمەندی» کوڕی حاجی عەزیز خەڵکی گوندی «دەشتێ»ی شاری سەردەشت، بەهۆی قورسیی برینەکانییەوە، لە ئەنجامی تەقینەوەی مین، لە نەخۆشخانەی ورمێ، گیانی لەدەست دا.

### گیان لە دەسدان و برینداربوونی کرێکاران:



ڕۆژی سێشەممە ٢٧ی خەزەڵوەر، کرێکارێکی کرماشانی بەهۆی هەژاری و دەسکورتی ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا و گیانی لەدەست دا.

### خۆکوژی:



ڕۆژی هەینی ١٦ی خەزەڵوەر، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «عەلی تەقیپوور» کوڕی ئیسماعیل، خەڵکی گوندی «ئیندرقاش»ی شاری مەهاباد، بەهۆی هەژاری و دەسکورتی کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.
ڕۆژی دووشەممە ١٩ی خەزەڵوەز، کچێکی لاو خەڵکی شاری جوانڕۆ بە ناوی «نیگار عەزیزی» (پەریوەش)، کچی حوسێن، بە هۆی کێشەی کۆمەڵایەتی دەستی دایە خۆکوژی و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.
لەلایەکی دیکەوە، ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە ٢٠ی خەزەڵوەر، کچێکی لاو خەڵکی شاری سنە، لە سێڕیانی «شاڵمان»ی ئەو شارە، لەسەر پرد خۆی فڕێ داوەتە خوارەوە و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە.
شەوی پێنجشەممە ٢٢ی خەزەڵوەر، سەربازێکی بۆکانی بە ناوی «پەیام عەبدی» لە گوندی «تیکانتەپە»ی شاری بۆکان، دەستی داوەتە خۆکوژی و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.
لەو پەیوەندییەدا، ڕۆژی هەینی لاوێکی تەمەن ١٨ ساڵ بە ناوی «مێهران قەدیری» خەڵکی ناوچەی هەوشار، بە هۆکاری نادیار کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.
ڕۆژی پێنجشەممە ٢٢ی خەزەڵوەر، بەهۆی کێشەی بنەماڵەیی کچێکی خەڵکی شاری سەقز، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.
کوڕ و کچێکی لاو بە ناوەکانی «ڕامین ئوسەتی» تەمەن ٢٤ ساڵ و «ندا حدوودی» تەمەن ١٦ساڵ، خەڵکی شاری دێولان، کۆتاییان بە ژیانی خۆیان هێنا.